تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

جمال حبيب الله

هۆنراوه

سروه‌ی بناری

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دائلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

بۆدابەزاندنی جۆرەها كتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

سروەی بێداریی

شیعری

« بێدار »

جمال حبیب الله

چاپخانەی ارشاد بغداد
١٤٠٥ك – ١٩٨٥ز

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەو خۆرە جوانەی کە بە گڕ تێرە

ڕووناکي ئەدات بە مانگ ، ئەستێرە

نەخێر نابێتە بەڵگەی نەبوونی

گەواهی دەستەی شەمشەمەکوێرە ٠

پێشکەش

پێشکەش بە گیانی پاکی نەمری سەرکردەی یەکەمین شۆڕشی دادپەروەرانەی جیهانیی ، ئەو شۆڕشەی کە پێش ئەو باوو و ناوی شۆڕشی وەك خۆی نەهەبوو و نە بیسترابوو کە کایەکەی هەموو مرۆڤایەتیی بێت •

بە گیانی پاکی سەربازە زانا و ئازا جوامێرەکانی ئا ئەو سەردەمەی و هەموو سەردەمەکانی کەی هەتا هەتایە •

بە گیان و ویژدان و سۆزی ئەو نێر و مێیانەی کە وەك پەروانە بۆ شەم و وەك هەنگ بۆ گوڵ شەیدای ڕاستیی و ئازادیی و بەختیارییین بۆ مرۆڤایەتیی •

« لێم ببوورن »

ڕۆڵە « فضیلە »، « ماکوان »، بێساران
کچم : ئاوێسەر ، کوڕم ، کۆساران

ئەزانم کە باوک ئەبێ نەرم بێ
کوڕەی بەزەیی و سۆزی گەرم بێ

ئەزانم ئەبێت هەوارگەی ناز بێ
دەمی بە خەندە و قسەی خۆش واز بێ

بەڵام ڕۆڵە گیان من لە کوێی بێنم ؟
لە کام بازاڕدا بڕۆم بیسێنم ؟

ڕۆژ نییە سەد جار نەچمە شەڕای مەرگ
ڕۆژ نییە ڕەنگم نەیگۆڕن سەد ڕەنگ
ڕۆژ نییە دە جۆر غەم نەهێنمەوە
ڕۆڵە ژاری غەم چۆتە خوێنمەوە

جا کە زیز ئەبم ، یان لێتان ئەدەم
خۆیشم ئەزانم ڕاست نییە و هەڵەم

ئەزانن دوایی کە سارد ئەبمەوە
کۆڵێ پەژارە دێتە سکمەوە !؟
قین و ئەشکەنجەی ناو ئەو جەنگەڵە
وەهام لێ ئەکەن بکەومە هەڵە

توخوا لێم مەگرن ، ڕۆڵە لێم خۆش بن
یاخوا بەختەوەر ، پڕ فام و هۆش بن

ئێوە لە ژەنگی دەروون بە دووون
ئومێدەوارم کە لێم ببوورن
ڕۆڵە ! کەم بیە داوای لێبوردن
بە لالانەوە داوام لێ کردن

★ ★ ★

« ئەرێ هۆ دڵەکەم »

هەی ئاشوفتە حاڵ ئەرێ هۆ دڵەکەم
وێڵ و سەرکەشی زۆر سەر چڵەکەم
بەسکی نەهاتیی من هەند سڵ ئەکەم
لە مەنجەڵ بەدتر کەف و کوڵ ئەکەم

تۆش ساوایانە گڕوگاڵ ئەکەی
مەیل و ئارەزووی لیمۆی کاڵ ئەکەی
فوغانی گۆنا و خەت و خاڵ ئەکەی
تاسەی دەسبازیی پەنجەی ئاڵ ئەکەی

ئەرێ هۆ دڵەکەم ، ساویلکەی نەزان
نەدیدەی ڕووداو ، نەگەزیای ژیان
تۆ سنگ نشینی ، تەن نیاو و چۆڵەوان
خۆت بەس گێل بکە لە گرێ ، لە پەنهان

ئای ! کە کوێرانە دنیا ئەبینی
ڕەنگە لات وا بێ هەروا ئەمێنی
داوی ڕۆیین و نیهان ئەپسێنی
هەر واش بە ئاسان بەخت بە دەس دێنی

ئەرێ هۆ دڵەکەم ، بۆچ وا مەخمووری؟
شەیدای قەد نەی و گەردن بلووری ؟
لە بەر دەڵوەتە(۱) هێندە جەسووری ؟
یان وا ئەزانی تۆ نەوزهووری ؟

---

(۱) سامانێك کە بریتی بێت لە ئاژەڵ .

ژیـــان داوێـکی کـــۆنی دێرینـــه
قووتدەری سـەد شەم ، لـەیل و شیرینه
دەزانی بۆچــی گوڵشــەن ڕەنگینه ؟
خوێنی هــەزاران شــای سەرزەمینه !

دڵـــە ، بۆ هـەوەس ملـم مـەشـــکێنه
ڕێی ڕاســتی ڕوونـم لـێ مەشێوێنه
نەکەی بۆ خۆشیی کورتی چەند ساتێك
خالقــی کـەونـم لــێ مـەڕەنجێنــە

ئای چەند کەس پێش تۆ کەوتە ئەم داوە
ئـەوەی پێوەی بوو کـەوت هەڵنەســاوە
تاســەی یەك بــە یەك چوو بە دەم باوە
ئـەو سـەرەی بـردی نـەهاتـە دواوە

ئـادەی دڵـەکەم ، وەڵام بـــەرەوە
وەکـو هەقناســـان بیـرێ کـەرەوە
لـە گۆمـی مەسـتیی بێـرە دەرەوە
خـۆت مـەخە داوی دەردی سەرەوە

گـەر دنیـا هەموو زێڕ و گەوهەر بێ
مانـگ و ئەستێرە و خۆری لە سەر بێ
دار و دەوەنی هــەمــوو بە بــەر بێ
کەس ڕێی تێـر نابێ باوەڕ گەر نەبێ

ئەرێ هۆ دڵەکەم ، هەی هەرزەی خامۆش
تەنیا باڵــی‌ی کۆچ ساتێ بێنــە هۆش
نــازانــی ڕۆژێــك ئــەخزێتــە چاڵێك
تەنیا و دەس بەتاڵ ، خاك و خۆڵ بە دۆش

دڵە ، ڕاچڵەکە ، پاش دوو ، سێ سبەی
ناکام و ماندوو ، پرغــەم ، بێ تۆخــەی
بێ‌تۆشــە ، ناچار ، دوا ئۆغر ئــەکــەی
هاکا ئەجــەل لێــت دەســتی دایــە نــەی

* * *

« خۆی ئەزانێ خۆی »

ئەڵێن کە ژیان هەناسەیەکە
تەم و دووکەڵی چەند تاسەیەکە
خەو و خەیاڵی سەراسەیەکە
گێژیی و بەنجێتیی و وەسواسەیەکە

گەردەلوولێکە بە گوڕ و تیژرەو
شەو دەکاتە ڕۆژ ، ڕۆژ دەکاتە شەو
گەوهەر بێڕەواج ، بەردیش بەبرەو
« شێرۆ » هەقسێنی « فەرهاد » لە « خەسرەو »

نەزان و بەدمەس دەبانە ئاسمان
« موسی » ئاوارە و ئەکاتە شوان
« ئەیاز »ی دانا شاگرد ئاشەوان
« یوسف » بە پاکیی ئەخاتە زیندان

دەڕژێنێ خوێنی « مەنسووری حەلاج »
پارەی مەڕنشین بێ نرخ و ڕەواج
دیاریی « یەزید » سەری « حوسەین » بوو
هودهود بۆچی چوو کەدی تەخت و تاج ؟

فەرزەندی (حەوا) بە جۆرێ گژان
خوێنی (هابیل)ی بە (قابیل) ڕژان

هەزاران خوێنی سێبەرەم پژان
« مین » و « مەئموونی » بە یەکتر دژان

فیرعەون و سوپای بە دەم شەتا کرد
عومری درێژی (نوح)ی کۆتا کرد
سوپای « هیتلەر » ی تەفر و توونا کرد
لەشکری « فیل »ی بە مەل فەنا کرد

کەللەی « کاوس »ی بە تووتیا کرد
جامی بێوێنەی لە (جەم) جیا کرد
جەنەی (شەداد)ی پەندی دنیا کرد
تیری بە جەرگی چەند شای چینا کرد

چەندان تاقانەی ناو بێشکەی فڕان
چەندەها نامەی پڕهیوای دڕان
چەند سووراحی پڕ مەیخانەی شکان
چەند شۆڕەسواری مەیدانی بەزان

پەڕەی گوڵ دەدات بە مەودای خارا
هەڵماتی تەرزە بە سەر گوڵزارا
گورگی دڕندە ئاهووی تاتارا
قووقووی بایقوش بە سەر شاشارا

شێری سەفشکێن وا بە سەر دێنێ
هێز و هەڵمەت و سامی نەمێنێ
ڕێوی بە ئاسان جەرگی دەر بێنێ
قەل و داڵ گۆشتی لەشی بڕفێنێ

نەڵێن کە ژیان کوێرە و کوێرانە
کوتەك ئەهاوێ تا لەم جیهانە
بێ سەنگ و مەبەس، گەز و پێوانە
ئەها ئەنجامیش چوون و نەمانە!

دەڵێم بە تەنها ڕووانەت وایە
گلەیی و داوای تۆی بێ ئاگایە
سەنگ و گەزەکەت ئەوەندەی لێ دێ
زوو واز بێنە لەم بەزم و داوایە

ڕووالەت بینیت، بێ ئاگای پەنهان
بەرچاوی گرتووی ئاواتی ژیان
باش هیچ کە یەك هەس حەقیقەتێکە
نایگۆڕێت داوای سەد ملیۆن نەزان

هەر یەك لەوانە چەند پەندی تیایە
هەر پەندێ بەهای بە قەد دنیایە
جەوهەر ڕووالەت نییە و جیایە
فامین و زانین بۆ ئاشنایە

ژین نەخشەیەکە پڕ ووردەکاریی
مەبەست نیو پەنهان، نیوی دیاریی
بە ڕێبازێکی ڕێك و پێکەوە
ئاتاجیی نییە بە ئامۆژگاریی

ڕێکخەری ژیان نە مسم نە تۆی
تا یاسا و ڕێباز دابڕێژین بۆی
ئەوەی کە بوونی هێنایە کایە
ئەم هات و چوونە خۆی ئەیزانێ خۆی

ئەم بوون و ژینە هۆیە نەك مەبەس
چاندنگەیەکە نەك هەڵپەی هەوەس
گەمژە و بێئاگا سوئال کەرێکە
بە پرسین بۆ ئەم ئەو ئەدا لە دەس

* * *

« عەجەب دەستێکە »

ئەم بوونەوەرە میرغوزارێکە
چ ئارامگاھ و چۆن ھەوارێکە!
عەجەب شەھدێکە ، عەجەب ژارێکە
ئای فریودەری چ ھوزارێکە!

پڕ بێشە و لانەی پڕ گورگ و ڕێوی
ئاھووی خۆشڕەوو کەڵ گەلی کێوی
ھێلانەی قومری ، کەو و ھەڵۆ و باز
ئامێتەی یەکتر شادیی ، پەشێویی

لایەك بنیاتنان ، لایەك وێرانی
چەند لا لافاوە ، چەند بێ بارانی
دەمێ ھەرزانیی ، دەمێ گرانیی
ھەندێ شیوەنیی ، ھەندێ سەیرانیی

لە سووچێ گوڵە و خەندەی زاراویی
لە لایا مەلە گەردن خەناویی
ئەدا بە سەریا تەرزەی زوقماویی
واشەی دڵڕەقی چنگ خوێناویی

لە چەند سەرەوە سەھۆڵ بەندانە
بەژارەکێشی غەمزە ڕەندانە
ناوەڕاس ڕەش و وەك ئاگردانە
چەند لای کەی دەریای بێ بنی پانە

گاهێ بەهارە و چرۆ وا ئەبێ
پەپوولەی ناسك پێی شەیدا ئەبێ
گاهێ پاییزە و سیاو وا ئەبێ
وەرین وەك سووتان بێپەروا ئەبێ

لە هەرلا بەفرە تکەی بەفراوە
چووزەی ناسکی چنوور ڕوواوە
زۆر گوزەر سارا ، لم وە دەم باوە
گردۆلکەی شەرمی ووشکی هەلداوە

واش ئەبێ شەنە و سووریی خەرمانە
نالەی هەورانە ، خوڕەی بارانە
سال سالیش وادەی پەلە و کێلانە
وشکاني ئەشکی دیدەی ئاسمانە

گەردنی ئاسکە ، لوولەی تفەنگە
کوڕنی مێگەلە و نەڕەی پلنگە
نە ڕۆی ڕێکر و زایەلەی زەنگە
بەخت و نگینە و هاتي دەبەنگە

ئەم دژ و داژە زۆر و زەبەنگە
پڕجوولەو نالەو ئاوازو دەنگە
عەجەب دەستێکە ئەیبا بە ڕێوە
بەم یاسا بەرزە بێوێنەو ڕەنگە

پیشانگەیەکە بێ وەك و وێنە
سەیرە ، دڵگیرە ، دەروون بزوێنە
چەند هەست و سۆزی کڕیار دوێنە !
ئای کە پڕ تابلۆی هاتوو بەزێنە !

لە کونجێ کێچە ، کەنارێ هەنگە
لە چۆڵێ قوشە و بناری دەنگە
باغێ ئاهەنگە ، لە شاخێ جەنگە
تاقگە بە هاژە و گۆم کپ و مەنگە

لە گوڵزار بولبول گەرووی خۆش ئاواز
جوانی گوڵ دڵی پڕ کردووە لە ڕاز
گاه بە فڕەی باڵ ، گا بە زێی قورگی
دەر ئەبڕێ ناڵەی پڕسۆزی نیاز

لە هەر لا دانە ، دامە ، تەنراوە
لە هەر دامێکا چەند پۆل گیراوە
لەم هەموو دامە تاڵێك نەپساوە
های چەند پۆلێکە هەر هاوە داوە

لە کۆگایەکدا سەمتوور و سازە
ناڵەی کەمانی بەرزە ئاوازە
لەوی دی گوڵەی تازەتەرازە
بە خوێن و بە گیان ئاواتەخوازە

لێرە پیتاکی گەشتی گوڵزارە
لەوێ بێڵ و کێل چاڵی مەزارە

لەو لاوە حیلەی ئەسپی شکارە
لەم لا وا وەیلای کۆچی سوارە
پەپکەی ئەژدیها و گەنجی مەکنوونە
شایی لەیلایە و قۆچی مەجنوونە
شەهدی لێوی ئاڵ ، ئەشکی ڕەنگ‌خوونە
نەشەو وەشەی دڵ ، کزەی دەروونە

هاتن ، چوونەدەر ، وەك خۆی مایەوە
شالاوی کڕیار هەر نەبڕایەوە
بۆ شەم پەروانەش زۆر سووڕایەوە
ئەوەی چووە دەر نەگەڕایەوە

سەوداش گەرم و گوڕ ، زۆر سەودا زەدە
کەمێ بە ئاگا ، زۆر دەس بەر نەدە
کەمێ پەشیمان ، زۆریش مەیکە دە
پەککو تاکو کەی ئەمبگرەو بەردە !

دەستەیەك دەسدار ، سەد دەستە بێ‌دەس
دەژین بە هەوەس ، دەمرن مات و پەس
ئەمان سك‌قوپاو ، ئەوانیش بەدمەس
بە یەکترین دژ ، لە یەکدی وەڕەس

نهێنیی بێ‌پەی ، کەمێ دیارە
ڕێکیی بناغەش داشی سوارە
بێ بۆڵەی ئۆستا و خەلفە و کرێکار
بێ‌باکی تانەی هەرزە و ئەغیارە

کارگەیەك هەزار کارگەی تیایە
هەندێ چاودێرە ، هەندێ ئۆستایە
هەندێ پسپۆڕ و ژیر و زانایە
کەچی دەوەستێ و کار ئەنجام نایە

ئێمەش ، جێنشین ، شوێنەوار وانین
خاوەنی هەست و ژیریی و گیانیین
ساتێکی داهات بە هیچ کلۆجێ
نە بەی پێ ئەبەین ، نە لێی ئەزانین

ئەم پیشانگەیە ، ئەم میرعوزارە
لەوەڕگە نییە جێی ئەرك و کارە
بە جێ هێنانە ، تەقەللا دانە
بۆ ئارامگاهی ئەولا بوارە

ووردی ، درشتی ، چۆن ئایاتێکە !
یاسا جوانەکەی چۆن خەلاتێکە !
عەجەب دەستێکە سەر و کارێتی
بەدیهێنەری ئای چۆن زاتێکە !

لە خشەی گەڵا لە جووڵەی میروو
لە بوونەوەر دا چی بوو ، چی نەبوو
لە هەر لادا بوو ، ئاگاداری بوو
زانا بە ئێستە و هەموو داهاتوو

« نامەی پەڕمانات »

نامەی پەڕمانات یاوا وە دەسم
تێر ئـاو بی باغچەی تەژنەی مەبەسم
نیــام بــان دیدەم نەك جارێ سەد جار
دڵ جە جەور و غەم فیرار کەرد فیرار
تەنی بێ‌تینم لواوە توخیان
گاهێ وە ئۆخەی گاهێ وە خەندان
شەوەزەنـگی ڕۆح کەرد وە نیمەڕۆ
ڕۆشنایی واتەی شیرین تامی تۆ
واتـم دەی توخوا بی تا خیر خامـە
بنوویسە بــە کوڵ جواو نامەی نامــە :
شیرین گفتەکەت وە ئەم بێ حاڵی
زانام توێچ پەی چێش پێسە من ناڵی
پەی ئەو کەردەوەی باخی بێ‌پەروا
ئیسـە وێرانەن بێ‌نـاز و نـەوا
نـە جریوەی بلبڵ ها نە گوڵزارا
نـە چەرەس نــە دەور لانــە و هەوارا
نە قلمەی قلوەز گنو تەپلی گۆش
نـە گوڵزار زائـر ماوەرو خرۆش
هــەوای ســازگارش بییەن ســیاووا
بەرهەمی بەتام بێ‌نرخ و پــەروا

باخەوان ووتەن بێ ئاگا و خەبەر
دزان جــە باغــدا گێلاَن سەرانســەر
ئانە کەردەنش بانەیچ مەلۆ بــەر
بێ غیرەتیچەن چینەی زیادتەر
ئەها کەون عەبای شەوش وەت جە بەر
ڕۆشن بي دنيا ، زاهر کەرد سەحەر
ڕوشنایی ڕوجیار ڕۆشن کەرد ئاسمان
کار و تەقەلا ئەی وادەش نامان ؛
کاروانو زانای پیخامش یاوان :
•• وێراني گوناهێن ؛ ووتەی سەد تاوان

* * *

« نەخۆشی پـارە »

زۆر کـەس پربـەدڵ وەهـا دایـنـاوە
خۆشبەختي لـە سـەر پارە وەستاوە
مـەردیی ، سـەربـەرزیی وان بـە پارەوە
ئـەوەی پارەی بـێ کـاری تـەواوە

هەندێ تـر بیرو بـڕوای ئـەمـەیـە
هـەژاریی و نـەبوون نەگبەتي و وەیە
ئەوەی هـەژار بـێ رۆڵـەکی ژینە
پۆخڵـەی بوونـە ، بوونی لـەکەیـە

هەندێ کەس ئەڵێن : ڕاستییەکەی وایـە
پـارە خۆشـبەختی هـەردوو دنیـایـە
هـەرچی بـە پـارە ڕێك کەوێ و بکرێ
ڕاسـتـە ، جـوانـە ، پاکـە ، ڕەوایـە

هەندێ کە سك زل ، گیان و مێشك پووچەڵ
سـەرو بن پێك وەك یـەکانەی جەنگـەڵ
بیـروبـاوەڕ و خـەو و خـەیـاڵیـان
مـاڵـی دنیـایـە ، پـارەیـە و باخـەڵ

هـەنـدێ بـۆ پـارە تـەرازووبـازە
هێشـتـا حـەقیقـەت لایـان مـەجازە
لای خۆیشـی وایـە ژیریی کـردووە
فـەنـەکـەی جـوانو تـازە تـەرازە

تالآن و دزیی ، کوشتن و بڕیین
ئاوەڕووتکان ، لە دین دەرپەڕیین
لە لای ئەوانە ڕەوایە مادام
پارەی تیدابێ و بە خۆشی بژین

هەندێ کە دز و عەکسە بەوانە
تەمەڵ ، خەواڵوو ، لەشیان گرانە
دەڵێن : خەوی خۆش ، ساتێ ئیسراحەت
کەمێ نان و ئاو لووتکەی ژیانە

بێبزە و جووڵە ، گوێقورس و کەمگۆ
دەسبەرداری ژین ، بێ (چۆن) و بێ (بۆ)
چی ئەبێ و نابێ ئەوان بێدەغڵن
برام ، بەمانە نەبی دەسخەڕۆ

هەر خاکێ ئەمان ، ئەوانی تیا بێ
ئەبێ ژیر تیایا چۆن دڵنیا بێ ؟!
کارچاك و زانا ، ووشیار و دڵسۆز
خۆ بە خۆ ، بێ هەوڵ چۆن تیا پەیا بێ ؟

ئارەزووی پایە کە کەوتە دەماغ
چنگی ئاژاوە ئەپێچرێتە ناخ
ویژدان و گیان ژەنگ هەڵئەهێنن
ئۆخەی بار ئەکات لە دەس ئاخ و داخ

خۆشگوزەرانی ئەڕوا و ئەشێوێ
سەنگ و تەرازووی چاکە نامێنێ

ناپاك و نامەرد شاد و مەردیش مەڕ
قوڕی دووچاریی دۆڕان بپێسوێ

ئەوانەی شەیدای پارە و سامانن
دوور لە ویژدانن ، نەخۆشی گیانن
لە مرداروبوو سڵ ناکەنەوە
هەر بە ڕەواڵەت ، بە ناو ئنسانن

چەند چاوچنۆك و برسیی و بەدحاڵن
ئەوەندە شەیدای سامان و ماڵن
پۆشاکی هەتیو ، کەفەنی مردوو
بۆیان ڕێك کەوێ دایان ئەماڵن

شێر کە ئاژەڵە و کاری شکارە
دڕندە و کێوی و پەروەردەی غارە
نێچیری مردوو ، هاوڕەگەزی خۆی
ناکاتە خۆراك ، هەڵبەت پێی عارە

براکەم ، پارە هۆیە نەك مەبەس
لە ڕێی ڕەواوە بیهێنەرە دەس
بە زانایانە خەرجی کە و بژی
ڕووسپیی و دڵشاد ، حەساوە و سەربەس

برام ، بەختیاری کەی بە پارەیە ؟
دەردی کۆمەڵمان بێ ژمارەیە
پارە پەرستی بەسە با ئیتر
ڕووکەینە باوەڕ تەنیا چارەیە

باوەڕێك بلوێ لەگەڵ دوو ژینا
لەگەڵ سەدەها ڕەگەز و چینا
لەگەڵ هەزاران چەرخ و سەدەدا
لەگەڵ یەك بە یەك گەردی نابینا

* * *

« ئێمەش »

پەپوولەی نەخشین ، ئنسك سووكی جوان
نەوغونچەی بەهار بۆ لای خۆی فڕان
ڕەنگ و بۆن هەردوو ئارەزووی بزوان
ئێمەش پەپوولەین ، پەپوولەی ژیان

بە سەروەی سەحەر غونچە کرایەوە
بە سەد تەرز لە سەر تەرز شۆکایەوە
ئێمەش وا غونچەی گوڵشەن و سەبزەین
بە سەروەی پەیام گیان گەشایەوە

جوانی و نازداری گوڵ و گوڵاڵە
دڵی بولبولیان هێنایە ناڵە
ئێمەش بولبولین شەیدای جوانیین
بەڵام ئەو جوانییەی کە بێزەواڵە

دەمە و بەیانە سەبای پاش تاوە
شەونم باریوە گوڵ ڕووی شۆراوە
ئێمەش چاوەڕێی سەبایەکی واین
کە چارەی سەدان زام و زووخاوە

دەشت و دەر هەموو جوان و ڕەنگینە
گیزەی باڵی هەنگ چەن خەم ڕەوێنە
ئێمەش لەم دنیا جۆرە هەنگێکین
پیشەی مژینە ، بەری هەنگوینە

بەزمێکی کەمان پڕ زیرەی بە جۆش
گیان و سۆز و دڵ دێنێتە خرۆش
ئێمەش ئاوازێ دەخوێنین سەیرە
بەوریا دێنێ عەقڵ و گیان و هۆش

جریوەی مەل و خشپەی گەڵای دار
ناڵەی گەرووی نەی ، خوڕەی تاڤگەی خوار
چۆن بەڵگەیەکن لەم هەوارەدا
ئێمەش جۆرێکین لە بەڵگەی هەوار

لە گەردنی بەرز کێوانی خاڵ خاڵ
تەقەی تفەنگ دێت لە دووی شەش ، حەوتساڵ
ئێمەش ڕاوکەرین بە درێژایی ساڵ
پەیمانی ڕاومان گرتووەتە ئۆباڵ

سەیر کە گەوهەر دۆز شاد و سەرمەستە
ڕوومەت داگیرساو ، گەروو بە بەستە
ئێمەش بەخشندەی زێڕ و گەوهەرین
چاکەخوازیمان پێشە و مەبەستە

ئاواتی ئێمە قووڵ و مەزنە
بەشێکی گەورەی کەونی بێ بنە
ئاسمان و زەویی ، ژیان و مردن
ئێمە و هەموویان ساز و گونجێنە

کوڕنی مێرووڵەی جوانکیلەی چەلەنگ
بە کار شەق ئەکا جەرگی شەوەزەنگ

ئێمەش لە سەر خۆ خەریکی کارین
وەك کێوی بەهێز، وەکو گۆمی مەنگ
پرچی زێرینی تای خەندەی هەتاو
سەهۆڵبەندانی کرد ئەشکی بەفراو
ئێمەش خۆزێکین تیشکی ئەکۆرێت
لێلاییی قوڕاو بە پاکیی گولاو

* * *

« ئەم کەونە »

چ بازاڕێکی گەورە و والآیە !
چەن دلفرێنە ، چەن پڕمانایە !
هەرچی تێدایە ووردی ، درشتی
پێناسەرێکی زاتی خوایە

هەرچی دیارە هەمووی حیکمەتە
جم و جووڵ هەمووی پەند و عیبرەتە
بۆ کوێری دڵو دەروون و گیان
دەرد و مەینەتە ، خەم و خەفەتە

گیان و مێشک و دڵ ئەجووڵێنێ
ژێ پاکەکانی هەست ئەبزوێنێ
لە سەر خۆ ، هێمن ، بۆ بیری سەربەست
بوونی خالقی خۆی ئەدرکێنێ

یاسایەکانی ڕێک و چەسپاون
لەو ساتەوە هەن وەك خۆیان ماون
لە نەخشەی کێشراو نەچوونەتە دەر
بێ گەردە ئەوەی وا دایڕێژاون

ڕێکەوت گەر هەبێ جارێکە و ئەروا
بێ یاسا و ڕێباز ، نایەتەوە دوا
هەرچی هەمیشە لە سەر یاسا بێت
یاسادانەری خۆی نیشان دەدا

لە نیگای دڵا دەستێ دیـارە
لە عەقڵا دەنگێ دەم بە هاوارە
ئەڵێت : ئەو دەستە یاسادانەرە
دەستی خالقە ، پەروەردگارە

کەونە ئەینوێنێ و تیشك ئەداتەوە
ئەگاتە دڵ و پەنگ ئەخواتەوە
بەو جۆرە هێز و زانایی زاتی
خوای گەورەتان بیر ئەخاتەوە

کەون خۆی لە خۆیا موختەبەرێکە
بۆ بیری سەربەست نیشان دەرێکە
بۆ خالق ناسین سەرنج بزوێنە
بۆ بێ موبالات دەشت و دەرێکە

هەر ئاڵ و گۆڕی خۆی زمانێکە
هەر تەجریبەیەك بە ئەنجامێکە
بەرەو ناسینی زاتی خواوەن
وریابوونەوە و چەند هەنگاوێکە

جم و جوولی کەون بەو یاسا جوانە
بووەتە زاخاو و بەڵگە و نیشانە
بۆ دڵ و دەروون ، بۆ گیان ، بۆ فیترە
بەوەش هەر یەکە مەستی ئیمانە

ئەم کەونە سەیرە بێ وەستا نییە
لەوەڕگەیەکی بەرەڵڵا نییە
نە ئێمە ئاژەڵ، نە ئەو پاوەنە
مەستیی و خامۆشیی تیا ڕەوا نییە
ئەم کەونە جوانە هەمووی هونەرە
چەن هەستبزوێنە چەن کاریگەرە!
چ پڕ مانایە، چ پێناسێکە!
بۆ زانستدۆستان چەن دەرس دادەرە!

«گوتی غەریبی» ؟

لە ناو بازاڕی کۆمەڵەی شێخان
غەریبێک لە ناو خۆڵا خۆی ئەتلان
ئەیدا بە سەریا لە تاو ئێش و ژان
سۆزیان نەبزووا ، کەس خۆی نەخوران

بە دەم ئێشەوە خۆی توند پێچ ئەدا
ئای ، نای ، هاواری ئەگەیشتە حەوا
کە سەیریان ئەکرد بزە ئەیگرتن
یانێ ، مسکێنە ، با بمرێ ، بڕوا !

هەڵئەساو ئەکەوت یەکبین = بێ ووچان
لەگەڵ گیانکێشمدا کەوتبووە زۆران
چەند جارێ پەنجەی مەرگ دیدەی قووچان
بۆ یەکەمین جار ژین مەرگی بەزان

کەسیان ویژدانی زیندوو نەبووەوە
نیشانەی مەردیی نەکەوتە ڕووەوە
دڵۆپێ ئاویان لە بیر چووەوە
خوویان وا بووە هەر لە زووەوە

چوومە پاڵ سەری ڕەنگ هەڵبرسکاو
لێویم تەڕۆ کرد بە دوو ، سێ قوم ئاو
سەیرێکی کردم گوتی : غەریبی ؟!
تاوی ئەشك پڕی کرد دوو کاسەی چاو

سەراپای بوونم کەوتە شوکرانە
سەرسامیش لە خوو و دینی شێخانە
گەر خوانەخواسە لەوان بوومایە
بەشداری ئەبووم ئا لەو تاوانە

« ڕووکەش »

بـرام ، ئـەزانـی ئـەمـڕۆ چـی بـاوە ؟
کـام بـاو ، کـام نەریت زۆر بـەر بڵاوە ؟
ڕووکـەش .. بـە جارێ لـە هەموو لایەك
خەڵـك ژینی لـە سەر ڕووکەش وەسـتاوە

شـاهان ، ئـاغـایان ، لـەم سەرزەمینە
کـە لای مـن و تۆ ژینیان شـیرینـە
لـە هەر لا دا بن ، هەر چەن هێزیان بێ
هـەر یەك بـە جۆرێ پەست و خەمگینە

کێیـە بـە بـەزمێ دەردەدار نـەبێ ؟
کێیـە بـە گیرێ گورفتـار نـەبـێ ؟
کێیـە هـەتیتـەی غـەم قوتـاری کـا ؟
کێیـە لـە بەری جـەور بەشـدار نەبێ ؟

نی‌یـە سـۆی ئێشـێ دڵـی نەگوشێ
نی‌یـە خاتری هـەرگیز نـەڕووشێ
خـەڵـکی فێڵبـازە و کـاری ڕووکەشە
بـە بەرگی هونـەر شت دا ئەپۆشـێ

ئـەوانـەی کـەوا نیگـاری جـوانیین
پۆشـتە و پـەرداخن ، ناسـك ، نـازەنین
کـە وەك شـازادەی بـەخت و نـگینن
ئێمـە بـە کـۆرپـەی ژینیـان ئـەزانـین

هەر کە بێ درۆ بێنە گفتوگۆ
داخیان دەربڕن بۆمان ڕاستەوخۆ
پێت ئەڵێن : ئێمەین ئێشی ئێمزادە
ئاواتە خوازن بە من بن ، بە تۆ

ئەو زەردەخەنەی تەڕ و پاراوە
کە بە دوو لێوی ئاڵا ئاڵاوە
نرکە و ناڵەیە ، ئاھ و زوخاوە
ھونەری چەرخە ڕووکەش کراوە

ئەو لەنجەولارە کە کاریگەرە
کە پڕ لە نازو جوانی و ھونەرە
غەمێکی قووڵە ڕووکەش کراوە
دوورە لە دەروون توێژێکی دەرە

ئەو چاوە ڕەشەی گەشە و ئەدرەوشێ
ئەو لێوەی دەڵێی ھەر خوێن ئەنۆشێ
خەمە ئەیڕێژێ ، ئێشە ئەیگوشێ
کەچی بە ڕووکەش ئێش دا ئەپۆشێ

برام ، ھاوار و ناڵەی گەرووی نەی
نەشئەی سەرمەستی قومی کۆنەسەی
بە شیوەن شادیی ، بە بەنجیی دەمار
یا حەق خرۆشان ، تۆ حیساب ئەکەی ؟

برام لە سەر چڵ ، غونچەی ئەو ڕەستە
کە ئەگریجەی خۆی بەستووە ، بە بەستە

زاری ڕەنگینی بۆچی وا ئەبێت ؟
زاریی وەرینە ، یا خۆی سەرمەستە ؟

ئێمە لە لیتەی جەهلا چەقیوین
تەنیا دەرەوە و ڕوخسار ئەبینین
ژیریی و حەواسمان هەروا بڕ ئەکەن
چی ئەماندوێنێ ئەوە ئەدوێنین

وام ئەزانی بەس ، خۆم ، هەرامەندەم
خەڵکی گشت شادە ، هەر من گیرۆدەم
چوزانم بزەی لێو و گۆنای گەش
ڕووکەشە کە خۆم مات و بێخەندەم

هیچ کەس تێ ناگات لە پەنهانیی کەس
کەس زانا نییە بە دڵ ، گیانی کەس
زانا بە دەروون ، بە ئاخ و بە هەست
پەروەردگارە ، بە تەنیا ئەو بەس

هەرکەس دێتە گۆ کون کونە جەرگی
بێزاری ژینە و دۆستە بە مەرگی
بەڵام هەر کاتێ بەوە بزانیت
لە بەر داکەنێ ڕووکەشیی بەرگی

براکەم ، سروشت دایکێکە بەسۆز
ژیان مافێکە زۆر ڕەوا و پیرۆز

فەرموو بێ ڕووکەش بە ڕاستیی بژین
بە ووشیارانە ، بۆ یەکتر دڵسۆز

بەرام ، ڕووکەشیی با بەینە دواوە
نەخشەی ئەم بوونە بە حەق کێشراوە
لە ڕووکەشیی و فێڵ با دەس هەڵگرین
بێ ڕووکەش چی بێ ئەوە تەواوە .

ڕووکەش کە لە سەر درۆ وەستابێ
تەمەنی کورتە و ئەبێ کۆتابێ
تاکەی نەریت بێ ، تاکەی باری بێ ؟
خالقی ژیان چی کرد با وا بێ

« لــە باوانە ووس »

سەرەتای خۆشی وەرزی بەهار بوو
گــەرمەی جوانیی بووکی گوڵزار بوو
ســاتی سەرنجی بەڵگە و نیگار بوو
بــۆ دڵزامــداران کاتــی تیمار بوو

وادەی بەردانی کیژ و کەمەر بوو
وەرزی خرۆشی سەودا لــە سەر بوو
کاتی سەردانی یارانی دەر بوو
زیندووکراوە گشت بەختەوەر بوو

وەك دووەی تەمی دڵی غەمگینان
لەکە هەوری سووك لــە سەر یاڵەکان
چەند لام جوان بوو شەماڵ بــە نەرمیی
دەمێ ئەیجووڵان ، دەمێ ئەیفڕان !

بۆ « باوانە ووس » منیش کەوتمە ڕێ
گۆڕستانێکە لــە نێوان دوو دێ
چۆن هەوارێك و ئارامگایەکە !
رەحمەتە باسی هەرگیز تەواو بێ

شارێکی گەورە کپ و فراوان
سەدەها دەستەی جوامێری خەوان
سەدان « قەیسەر » و « بارام » ی قووت دان
چەند «شیرین» « خەسرەو » تیایدا بووان !

هەزاران نامەی پڕ هیوای دڕان
یەتی ئاواتی چەندەهای پچڕان
باڵی چەند مەلی بەرز فـڕی شـکان
سەدان « ڕۆستەم »ی ئەو ناوەی بەزان

گۆڕ لەگەڵ گۆڕدا پێـکـدا ئـاڵاوە
کێل بەرامبەر کێل قیت ڕا وەستاوە
هەندێ خاکی سوور تـازە نێژراوە
سەدەهاش تەپیوو ، کۆن و ڕووخاوە

شاری خامۆشان ، کپ ، هێمن ، بێدەنگ
بە بێ جیاوازیی گەورا و دەوڵەمەنگ
بێ سروە و جووڵە ، بێ شەڕ و شۆڕش
کۆمێکی وەستاو پڕ لـە ماسی مەنگ

پاش سەیر و سەرنج خورپەی دڵـم هات
هـا ، ڕۆژێکیش دێت سەرەی من ئەگات
کێ بێ لـە دەستی زانای کارەسات
هەڵبێ ، دەر بچێت ، دەرباز بێ ، ڕا کات ؟

چوومە پاڵ گۆڕێ ، کۆنی چەندە ساڵ
لەسەرخۆ زویر ، بە هەناسەی کاڵ
لـە بەر خۆمەوە گوتم : ئای ! کێ بی؟
سەلامت لێ بێ ئەی خەوتووی ناو چاڵ
خۆت و خێڵەکەت توخوا چۆن ئەژیان ؟
پیشەتان چۆن بوو ، کام تۆوتان ئەچان ؟

لەگەڵ یەك چۆن بوون ، ئێوەش ئەجەنگان ؟
دڵی یەکترتان وەك ئێمە ئەشکان ؟

کێ فرۆشیارە ، کێ خریدمەندە ؟
کێتان سەردارە قسەی پەسەندە ؟
کێتان سەربەستە ، کامەتان بەندە ؟
کێتان بەختیار ، کێتان دڵمەندە ؟

کێتان زۆردارە ، کێ زۆرلێکراو ؟
کامتان بەش خۆرە ، کێتان بەشخوراو ؟
کێتان هەژارە ، کێتان دەوڵەمەند ؟
کێ خاوەن زەوییە ، کامەتان میراو ؟

ئاخۆ تۆش وەك من شەیدای ژیان بووی ؟
دڵخۆش بە دنیا و مەستی سەیران بووی ؟
تۆش وات ئەزانی هەر خۆت بە تەنها
لەم سەر خاکەدا هەوەڵ میوانبووی ؟

لە پڕ یان یەکێ جوابی دایەوە
یان هەردوو گوێم زرنگایەوە
بەرچاوم ڕەش بوو دڵ شۆکایەوە
یان بێهۆش کەوتم ، سەرم نایەوە

دەنگێ هات گوتی : برای هەواڵ پرس
ڕاستیت پێ بڵێم ، بێ درۆ ، بێ ترس
لەو ساوە هاتووم بۆ « باوانە ووس »
کپ و حەساوەم « بارسووك و گوێقورس

بەڵــێ ، یەکێ بووم گەنج و پێکەوتوو
لە بەر خۆمەوە هاوشانم نەبوو
وەهام ئەزانی هەتاهەتایە
وەك من نابێتۆ ئازا و هەڵکەوتوو

ئێستەش لێرەدا تــا بڵێی زۆرین
لە هەمە تیرە و لە هەمە جۆرین
لە شێخ ، لە مەلا ، خوێندەوار ، نــەزان
لە گەدا و رەنگین ، لە بەگ و بۆرین

بەڵــێ ، ناکۆك بووین لــە مێرگی ژینا
زۆر بێ پەروا بووین لــە خوێن مژینا
ئێستا ناکۆکی و شەڕ و شۆڕی چی ؟
ژینێــکی ترە لــە ژێر زەمینــا

ئا ئەو بەزمانە نەخۆشی ژین بوون
سەنگ و هەوەس و ژەنگی زەمین بوون
هەڵپەی برسێتیی عومرێــکی کورت بوون
هەنەی خەونێــکی مەسی نۆشین بوون

ئــەو ساتە هەر کەس سەری نایــەوە
ئەو ژەنگە پیسەی لێ سڕایەوە
ئەوەی تۆ پرسیت ، ڕۆی ، بڕایەوە
ژینێــکی تازە هاتە کایەوە

چ دەس و چ کەس ، چ زۆر و سامان
چ باغ چ بێستان ، تەلار ، دیواخان

یا یار و یاوەر ، هەموو ، خەوێ بوون
کۆتایی بێ هات ، لە دەس چوون ، نەمان

ئەمڕۆ ڕۆژێکە ، سەیری بێ وێنە
ڕۆژێکە پەنجەی شاهان شکێنە
ڕۆژی پاداشە ، ڕۆژی تۆڵەیە
ئای چ ڕۆژێکە چەند دادنوێنە
هەرکەس بێش هاتن خۆی پێچایەوە
هەر کە گەیشتە جێ باڵی دایەوە
میواندار بەڕێز هات بە پیریەوە
جێی بۆ خۆش کرد و تیا حەسایەوە

لەمە زیاتر نابێ بێمە گۆ
برا ، ووشیار بە ، زوو بکەوە خۆ
با وەك بێهۆشان نەبی ڕەنجەڕۆ
خودات لەگەڵ بێ ، دە هەڵسە ، بڕۆ

« برای باخـەوان »

برای باخەوان ، برای باخەوان
هەڵگری ئەرکی سپاردەی ئاسمان
سستی ، تەمەڵــی ، کوێ بە باخ نەدان
کێی بە مەبەست و ئاواتی گەیان ؟

باخت ژێر پێگەی چەندان دوژمنە
داوا و نیازی قووڵ و بێبنە
بەری بە تامی بە تاڵان ئەبات
دووسبەیش ئەڵێ خاك خاکی منــە

بەرژین و شوورەی باخت ڕووخاون
گەلا و لق وپۆپ پێــکدا شکاون
خەریکە ڕەگیش لــە بن دەر بێنێ
پــەس نــاو و شێوەت لــە دەسدا ماون

براکەم ، پەلپی دوژمن گرانــە
گەشت و مامەڵەی کردووە بەهانە
نەخشە و پیلانی چەند سەدەیەکە
دەگینــا مەبەس بوونە ، گیانە

سەیر کە سەرانسەر ـووکەڵە ، تەمە
گێژیی و گوێنەدان ئای چەن ستەمە !

خەڵـك وڕووژاوە ، سەردەمی کـارە .
چەرخی پەلەیە سەدەی بیستەمە .
ها ، زانست ، هونەر ، بۆ چڵەپۆپەن
تەپڵی تێـکۆشـان بە جۆش لێ ئەدەن
خەواڵوو ، تەمەڵ ، شەو بێدار ئەکەن
ئەها ، کڕیاران چۆن مەڵمەت ئەبەن !

هەر کۆمەڵێك هات بەشی خۆی کڕی .
کردی بە مەشخەڵ ، بێ باڵ پێی فڕی
قۆناغی زۆری دووری پێ بڕی
تۆش هەر فرمێسکی بەجێمان بسڕی

کاکەی باخەوان ، زوقمە ، سەرمایە
سەرماش نەخۆشیو مەرگی لـە دوایە
لـە خەو ڕاپـەڕە ، خۆت بپێچەرۆ
سستی ئەنجامی دەرد و بەڵایـە

هەڵسە ، بجووڵێ ، خۆت ڕاوەشێنە
دەس بە پاچ و بێڵ هونەر بنوێنە
پەژارەی ناوێ ئەوەی لـە دەس چوو
دە تۆو داچێنە ، نەمام بڕوێنـە

برای باخەوان ، ڕاس برۆ .. هەستە
دوژمن بە نەشئەی سەرکەوتن مەستە
منیش براتم ، دەستم لـە دەستنە
بە هێزی باوەڕ مەس بە ، مەوەستە

ئەو هێزەی ملی هێزان ئەشکێنێ
چرۆ وا ئەکات هەم ئەیووەرێنێ
ماوەت ئەداتێ پشت گوێت ناخات
ڕۆژێ هەر ئەبێ تۆڵە بسێنێ

تۆ تینی باوەڕ ووزەی گیانت بێ
ڕاستیساز بە ڕاست پشتیوانت بێ
گەر تێ بکۆشیت بە ئاوات ئەگەی
دەبا سەردەمی بێووچانت بێ

« گەلی ئێمە »

زۆر گەل خەریکی گەشتی ئاسمانە
هۆی بۆ ساز ئەکات بە ووشیارانە
ئەنی مە خامۆش ، گەمژە و هەوەسباز
دوور و بێئاگا و گوێی گرانە

نەفامیی ئێمە قووڵ و ئاڵۆزە
گەنیوی بۆگەن لامان پیرۆزە
خۆشمان بە ژیر و لێزان ئەزانین
« وەی » ئا لەم جۆرە میللەت و هۆزە

ژیر لە ناو ئێمەی نەزاندا وایە :
فێڵباز ، کەشخەچیی ، لووت بۆ حەوایە
خۆپەرست ، خۆناس ، بە هیچ تێر نەبوو
جگە خۆی کەسی بە بیردا نایە

دەسدار بێویژدان ، ستەمە کاری
ئەوەش بێدەس بێ چڵ مەنە باری
چینی دەوڵەمەند پارەیە یاری
کاربەدەس مەستی پەیك و قوماری

گەنج و لاو قژشۆڕ ، بێپیشە ، بێ کار
هەر هان لە باسی سپۆرتی ، دڵ ، یار

چینێ تــر بە ناو زانا و خوێندەوار
بە بیر ئەوروپیی ، بە تین نادیــار
ئافرەت نازۆکیی ، بەرەڵــلا و مەستە
هەر ڕۆژ مۆدیلێ ، گوایا سەربەستە
هۆش و خەیاڵی کاڵا و بۆیەیە
هەر ڕۆژ دەستێکی لــە سنگ و دەستە

ئارەزوو ، پارە ، فێڵ و سیاسەت
سامان و کورسیی ، باخەڵی ئافرەت
بیری نابەجێ ، لاسایی عادەت
لەم خاکەماندا بوونەتە نەگبەت

چەند لایەکی کەش چەشنی هەڵماتە
کە گوێی لێ نەگری بەلاف « سوقرات »ە
بێ بار و بەرهەم ، بێ سۆز و وێژدان
سەر بەو دەستەیە بە دەستەڵاتە

بارە پەرستیی قورس ترین بارە
ئەوەی پارەی بێ لامان « کیبارە »
هەرکەس هەزارە دووپشک و مــارە
بەم دەردە گەلمــان زۆرگرفتــارە

برام ، میللەتی ئێمە نەخۆشە
نەخۆشی باوەڕ ، نەخۆشی هۆشە
ئەم هەموو دەردە چۆن چارەسەر کەین ؟
سەراسەر وولات بۆ وا خامۆشە ؟!

میللەتێ ، هەتا ئەوە ڕێگای بێ
نادیی و مەیخانە کۆگا و جێگای بێ
ئەبێ ڕزگاریی دوور لە نیگای بێ
ئەم شەوەزەنگەش سەر ویرەگای[1] بێ

ڕێگای ڕزگاریی قوربانیی ئەوێ
قوربانییش شۆلەی گیانی ئەوێ
ئەمەش پەروەدەی بێ گەردی ئەوێ
ئەمیش دڵسۆزیی ئیمانی ئەوێ

---

(١) ئێوارە .

« بی شوڵەی باوەڕ »

ئای ! من دیمەنان گەش و وەشم دی
وەی ! چەن گوراڵەی گەشی کەشم دی
چنوور و شەوبو ، ڕیحان ، بۆ کەردم
وەرواوی سەردی سەرکاوان وەردم
نەرگسی خومار دەشت و دەرم دی
بنجی بەرزەلنگ بەرز کەمەرم دی
قاقبەی ژەرەژان سەرکۆی کۆساران
حەیران مەکەرد دڵ تێکڕای ڕاوکاران
جریوەی بڵبڵان شەیدای پەڕەی گوڵ
ئاهووی چەم سیای تیژ ڕەوی گورج سڵ
زرەی زایەڵەی زەنگوڵەی ئیلاخ
وە ناسك سروەی ئاردەن پەی دەماخ
هەی ، هەی ، سەیرانگەی فێنك و سەردم دی
چەن سەبزە زاران مێرگ و هەردم دی
چەند بەزم و نەزمی ئاهەنگ بەسم دی
غەمزەی بە لەرزەی دیدەی مەسم دی
خەندەی ڕەنگ خەنەی ناسك لەبم دی
چپە و ئیشارە و گاڵتە و گەپم دی
وەلوەلەی لوولەی قەد لوولەی شوان
سەدای تار و عوود ، زریکەی کەمان

بێحەددیی خەیاڵ سەرشاری شەراب
حونجەرەی مطرب بێ باك جە عیتاب
سروەی نەسیمی سەرسوبحی باخان
شەنکەری تاتای بەررە دەماخان

خشپەی خەزانی وەرزانی پاییز
ئاوارەیی مەل وادەی گەڵاڕێز
تەپ و نم کەردەی هەوری دڵسیاو
نامیتەی پرشنگ گەننە وەرەتاو
ئی دیمەنانە هەر یۆشا پای ویش
بەر کیشۆ جە دڵ ڕیشەی ئیش و ڕیش

هەر یو بە تەرزێ خاس کاریگەرەن
هەر یو بە بەزمێ خەمان بەرکەرەن
جە کردی خاستەر ساکنیی دڵەن
وە دەس وستەییش خەیلێ موشکوڵەن

جە گرد قازانێ چەمچە ئاساییم
کەچی ساکنیی بە ویمۆ نەدیم
ئەجیام سەرسەختی بەختی سیامەن
خەم و هەم داییم هامدەمی ڕامەن
تومەز نەتیجەی گومکەردەی ڕاهەن
شما ڕا گوم کەردەی مایەش هەر ئاهەن
بێ شووڵەی باوەڕ ژیوای حەیوانیین
هەر خەم وەردەیی و هەر سەر گەردانیین

« تـەمـەن »

تەمەن کاتێکی دیاری کراوە
هەرکەس بەشی خۆی پێ سپێرراوە
کورت و بەنرخە زوو بە سەر ئەچێ
چی لێ تێپەڕی نایەتە دواوە

ئەمەی تیا نییە : کەمە ، زۆرە ، بەس
هەرکەس بەشی خۆی لە کەس ، لە ناکەس
هەریەك بە جۆرێ دەیباتە « بازاڕ »
کەم ژیر و ووشیار ، زۆر گەمژە و بەدمەس

کام شا کە دنیای لـە ژێر چنگایە
کام کەس هەزاری گۆشەی ڕێگایە
یەك سات تەمەنی کەم و زیاد ناکا
کە کاتی خۆی هات یەکسەر کۆتایـە

ژیران ، دەسداران ، سەرداران کوان ؟
تەخت و تاجڕەنگیین ، خاوەنی سامان ؟
لە ئادەم تا نووح تاژیان هەبێت
هەر دێن و دەچن ، وەك هاتن ، نەمان !

تەخت و تاجداران کامیان مایەوە ؟
بۆچ تەختێ عومری گل نەدایەوە ؟

کام سوپا و سامان تەمەنی هێشتۆ ؟
کام قەڵای پۆلا نەشۆکایەوە ؟

پێوانەی تەمەن « کەیف » ە نەکو « کەم »
کەڵـك و خزمەتە ، هەوڵـدانە و بەرهەم
خوێندنەوەی کەونە ، بیر و سەرنجە
پرشی باوەڕە ، نەك تـاڵی و وەرهەم

دەسمایەی تەمەن زێڕ و زیو نی‌یە
کووپـەو سـووراحی ، ترێی گەنیو نی‌یە
بەجێ هێنانی ئەرکی سەرشانە
تای خەملیو نی‌یە ، بەی ڕزیو نی‌یە

ژیان لـە خۆیدا پیرۆز و پاکە
نۆرە هاتووەتە سەرمان ئێستاکە
ئەفسووس سەدئەفسووس ، ژیر و ووشیاربە
تەمەن ژیرانە ، بەکار ، کۆتاکە

جووتیاری تۆوی چاکەی زەمین بـە
لـە کارچاکییدا دەی دەس ڕەنگین بـە
ئاشنای ئۆستای کـەون و تەمەن‌بە
ڕاس‌بیس ، ڕاس‌گۆ ، ڕاسناس و بین‌بە

هاکا پاییزی تەمەن پەیدا بوو
هاکا ڕووی ئاسمان هەوری کەوتە ڕوو
دێتـەوە یادت پاییزی ساڵان ؟
چەند قافڵە هات و چەندەها کەش چوو !

بەفری تەمەنمان کەوتووەتە بەهار
ئەمساڵ تیشکەکەی تیژترە لـە پار
زەویش گەرمیی خۆی هەم دەست، کەوتەوە
بێهوودە چاڵ و لاپـاڵـی نـزار

پێرار ، پار ، دوێنێ ، یەك بەسەر چوو
ناگەڕێتەوە ، ڕۆیی هەر چۆن بوو
سبەی حیسابە و ئاکامی کارە
مووی لـێ تێکنـاچێت خاوەن تەرازوو

« هێزی دەستێکە »

لـە دیار و نادیار لەم کەونە جوانە
ئەوەی گیاندارە ، ئەوەی بێ گیانە
چ بەرجەستەیی ، یاخۆ مەعنەویی
یەك بـە یەك بەڵگەی ڕاست و ڕەوانە

بەڵگەن کە هێزێك پێکی هێناون
لـە سەر بنچینەی یاسا دایناون
کوێرێیتی ڕێـکەوت شـەرمەسار ئەکەن
بێ سەرەتا نین خەلق کراون

بوونی سەرەتاو بەڵـگەی کۆتایی
لـە ڕێـکخستندا ڕەنـگی ئۆستایی
نیشانەی بوونی زاتێ دیـارە
نـەك خۆیی ، ڕێکەوت ، نەك بەرەڵڵایی

ئەم کەونە هەمووی ڕێك و ئاوایە
هەموو چەشنێك و جۆرێکی تیایە
هەریەك جێیەك و ڕێیەکی هەیە
هەمووش شایەتی بوونی ئۆستایە

وورد و درشتی سەرانسەری بوون
پەیدابوون ، گۆڕیین ، لە هاتن ، لە چوون

نـه نەخشەی کێشراو لادانیان نییە
لـە هەر دۆخا بن ، چ جوولـە ، سکوون

چی بووە و هەیە هێزی دەستێکە
تێـکڕا نیشـانەی ویستی هەستێکە
پاکی و بێ گەردیی شایستەی ئەوون
عەجەب دەستێکە ، بەمە بەستێکە !

ئەو خۆرە جوانەی کە بە گڕ تێرە
ڕووناکیی ئەدات بە مانگ ، ئەستێرە
نەخەیر نابێتە بەڵگەی نەبوونی
گەواهیی دەستەی شەمشەمەکوێرە

کام دەسدار ، کام شا ، کام ژیر ، کام زانـا
لـە مێژووی بوونی عومری زەمـانـا
توانی زیندەگیی بدات بە مێشێ ؟
یـا دەس باتـە بـەر دەستی توانا ؟

ئای چەند دانشمەن دەسەوسان وەسـتان !
بەرامبەر کەونی گەورەی بێ یاسان !
عەقڵی من و تۆ چۆن پەی پێ ئەبات ؟
کەمێکی دیارە و زۆری کەی پەنهان

ئای چەندم پرسی و گەڕام کە خۆم چیم !
لـە چاو کەونـا دیم تکەی ئەتڵەسییم
دانیشمەندانی سەر ئەم ئەستێرە
هەموو هەر من بوون ، تەنیا من « من » نیم !

ئەو پیرە مەستە نەقارە ژەنـە
داوایـان وایە بوون بێخاوەنە
دەسیان بەتاڵـە ، بەڵـگەیان پووچە
سەرلێشێواویی بـەزم و گۆبەنـە

هەست و ویژدان و عەقڵ و تێفکرین
گیـان و زیندەگیی ، خۆشیی و ترشیی ژین
چۆن بەڵـگەیەکن !! عەجەب دەستێکە
پێ عەرزەی داوا بـە ئێمەی بەخشین !

« ناپاکیی خۆمان »

سروشت دایکێکە خاوەن هەست و سۆز
لە جگەر گۆشەی قەد نابێ ئاڵۆز
ناپاکي خۆمان باغچەی ژیانی
کردە ویرانەی پڕ لە تەپ و تۆز

هەرکەس ئەبینی سەرداریی ئەوێ
بە خەڵکی خستن بەختیاریی ئەوێ
کەسمان دەربەسی کەسی کە نییە
شوانی ئێمە هەوساری ئەوێ

خۆپەرستیی هات ، ڕەگی دا کوتا
پەڕ و باڵی گەل هەڵوەری ، سووتا
(من) بە گوڕهات و (ئێمە)ی دەرپەڕان
کەوتینە گێجی رووبـاری پەتا

هەر کە دیت « من » هات ، چووە سەر کورسی
بۆ داد و بۆ هەق قەد هیچ نەپرسی
کەمێ بە زەبر و زۆربەش کوێرانە
ملشۆڕ ئەکەن و ئەچنە ژێر دەسی

کەچی گلەیی لە رۆزگار ئەکەین
کوێرانە قەدەر تاوانبار ئەکەین

دەڵێین : بەختی مە ئاویی ئەنوێنێ
دوای تاقیکارییش هەر ئینکار ئەکەین

تـا میللەت بێدەنگ ، وا کاس و مەس بێ
بێباوەڕ بژی و هەروا ژێردەس بێ
تامی شـیرینیباوەڕ نەچێژێت
ئەبێ ژیانی ژارێـکی خەس بێ

« نەبوو وەك قورئان »

زۆر لای دنیا چووم ، بۆ دەرس ، بۆ سەیران
لە چوار وەرزەدا ، گەرمەسێر ، کوێستان
بۆ ساکنیی دڵ ، بۆ ئارامیی گیان
نەگەیشتنە سایەی ئارامگەی قورئان

گوڵ و گوڵاڵەی گوڵشەن و بێستان
هەڵاڵەی باغان ، سەوزەگیای دەشتستان
ئای بە تاسەوە چەندم بۆن کردن !
نەگەیشتنە بۆنی پیتێکی قورئان

بە ناڵەی شمشاڵ ، زریکەی کەمان
ئاوازەی بولبول ، جۆشی نەغمەوان
هیچکام ئارەزووی ڕۆحی نەشکان
هیچکام وەك قورئان مێشکی نەبزووان

لە قووڵیی گۆمی وێژە و زماندا
لە تیژیی و تینی بیری پەخشاندا
مەلەی زۆرم کرد ، قووڵیی و تیژییان
چەن هیچ بوون لە چاو بیری قورئاندا !!

تەمەنم ڕۆیی بە بەرهەم چنین
زۆر بەرم تام کرد ڕستەی سەرزەمین
هیچکام تاسوخیی قورئانیان نەبوو
بۆ لەش و بۆ گیان ، تامخۆش و شیرین

بۆ چاری دەردان زۆر پزیشك گەڕام
زۆر دەرمانم چەشت ، تامدار و بێ تام
بۆ دڵ و دەروون ، بۆ لەش و بۆ گیان
سەدیەکی قورئان نەیان بوو ئەنجام

زۆر زانکۆی بەرز و قوتابخانەم دی
بیری فەلسەفیی و چەن ئەفسانەم دی
زانست و هونەر ، چەن دەستوورم دی
نەگەیشتنە نەوەی لەم قورئانەم دی

یاسای چەندەها چین و هۆزم خوێند
بیردۆزی قووڵ و پڕ لـە سۆزم خوێند
بە ڕاستم زانین ، هەڵە دەرچوون کە :
یاسای قورئانی زۆر پیرۆزم خوێند

زۆر ڕێی ڕازاوەی دنیام گرتە بەر
بەرەو بەرزیی کێو ، نزمیی دەشت و دەر
نەگەیشتمە مەبەس ، گشت فریودان بوون
ڕەنجی چەن ساڵەش ڕۆیی بـە هەدەر

بـە تیشکی قورئـان کەوتمەوە سەر ڕێ
دڵئارام بیرساف ڕێگەی ڕاس ئەگرم
بـە شادیی هەنگاو ئەنێم بەرەو جێ
تاکو ئەو کاتەی ئەجەل دەستی دێ

ئای ئەم قورئانە چەن گیانپەروەرە !
چەن مێشك و دەروون ، دڵ ، زاخاودەرە !
هەرکەس پەروەردەی باخی قورئان بێ
چەندێ سەربەرزە ، چەند بەختەوەرە !

« قــەدەر »

کەسێ عومری هەموو چاکە و خواناسیی بێ
کار و پیشەی لـە سەر بنچینەی ڕاسیی بێ
بۆچ بیدرێتێ لـە کۆتایی تەمەنیـدا
ڕۆڵـەی نەگریس ، ئازاری بـا ، لێی عاسیی بێ ؟!

کۆرپەیەکی ساوای جوان ، ئـازیز ، نەوهاڵ
چاو وورشەدار ، ڕوومەت گەش و هەردوو لێو ئاڵ
بزە تیرین ، نگین نوێن ، تاقەتی ماڵ
هیوای هەوڵ و تاسەی گەرمی چەندەها ساڵ

کەس و کاری ، دایك و باوکی ، بە گڕ و گاڵ
وەختە بە دوو باڵی هیوا بێنێتە باڵ
بە بێ گوناه ، بە بێ تاوان بۆچی بمرێ ؟
کەڵکی چی‌یە بۆ خاك و گڵ ، بۆ گۆڕ و چاڵ ؟!

خێزانێکی نۆ ، دە ، کەسیی ، ووردی بخۆر
بێ دەرەتان ، بێ دارایی ، چ کەم ، چ زۆر
دالدەکەیان تەنیا باڵێ بۆچ نەمێنێ
بەچی بژین ، بۆچ بچێژن جەور و ناسۆر ؟!

فڕۆکەیەك ، بڕ لـە خەڵك ، بـە حەواوە
یان کەشتی‌یەك بە دەم شەپۆلی دەریاوە
بۆچ بسووتێ ، بۆچ نوقوم بێ ، بۆچ نەگەن جێ
ئاخر دەیان ، سەدان ، بێ تاوانیان تیایە ؟!

پیرێکی لات و قرخن و زۆر پەك کەوتوو
دەردگرانی چارەنەکراوی لـە دەس چوو
بۆچ چاك بێتـۆ کەچی بمرێ بـە گەندەتـا
گەنجێکی جوان ، دڵپڕهیوا ، پۆلا بازوو ؟!

کۆمەڵێکی خواپەرستی خاوەنباوەڕ
کە بۆ خوا مەردانە چوونـە کۆڕی شـەڕ
بۆ بشکێ ، بۆچ سەرنەکەوێ ، بۆچ بیری گەڕ
لـە مەیدانـا قیت ڕاوەستێ وەك شێری نەڕ ؟!

ئەو کۆمەڵەی خراپە کار و ناوچاو دێزن
لـە ماڵ و گیان ، ماف و ناموس ناپارێزن
جەردە و ملهوڕ ، کە خوێنمژن ، بەدو دزن
بۆچ شای ژیان بۆچ دەوڵەمەن ، بۆچ بەهێزن ؟!

وڵاتێکی ڕازاوەی جوان ، پڕگوزەران
قەرەباڵـغ ، بێشەڕ و شـۆڕ و ، خۆش ، ئاوەدان
خەڵـکەکەی گشت خەریکی کـار و فرمان
بوومەلەرزە کتوپڕ بۆچ بیکا وێران ؟!
بووکی خنجیلانەی جوان ، تـارا بـە سـەر

بەرەو ماڵی زاوا ڕێیان پێ گرتە بـەر
چییە تاوانی یەکەم شەو ، بە ناکامیی
کڕیاری گیان بەری ڕەنجی ئەکا بێوەر ؟!

هەزاران دیمەنی سەیر سەیر پەی پێ نەبراو
لەم دنیایە نەك بە ئەندێشە ، بـە رووداو

لە ووشکانیی ، لە ناو ئاوا ، لە هەوادا
دلتەزێنانە ئەبینین بە هەر دوو چاو

بۆ هەر یەکە دەیان نیشانەی سەرسوڕمان
بۆ هەر یەکە دەیان سوئالی پڕ گومان
چونکە تەنیا بۆ ئەم دنیا ، بۆ ئەم ژینە
حیساب دەکەین بێ ئاگا لە (قەدەر) ، (پەنهان)

بەڵێ ، ئەوەی ووتمان ڕاستە ، هەمووی وایە
بشێویی نی‌یە « قەدەر » ، زۆر وورییایە
وورد و درشت ، لە هەر لا بێ ، پڕ لە پەندن
چونکە « قەدەر » ویست و ئیرادەی خوایە

نەنگ و قوسوور لە ئێمەیە ، ئێمەی بەشەر
زانست ، حەواس ، دیاریی کراو ، پەی پێ نەبەر
سەر دەرناکەین لە ڕووداوو لە پەنهانیی
دوور لە نەنگە ویستی خوا یانێ قەدەر
هەر وەکو سەرچاوی هەیە دڵ و گیانیش چاویان ئەوێ

بەڵام چاوێك لە ئاست ڕاستی‌دا نەخەوێ
پێش دەوروبەر خالقی خۆی باش ببینێت
ئەو چاوە لە پرس و گومان جا ئەکەوێ

برام ، نە من « مووسا » ، نە تۆ « بەندەی چاکی »
تۆش وەکو من پێ ، حەواس بەسراوی خاکی
تا بتوانین بۆ هەر یەکە پەردەی پەنهان
هەڵبماڵین ، بزانین هۆی سەراپاکی

« سەداو پەیکەر »

سەدایەك لە گوێم دەنگ ئەداتەوە
دەرگای دوور بینیم لێ ئەکاتەوە
بەزمی خامۆشیم پێ ئەشواتەوە
ئاواتی دنیام دوور ئەخاتەوە

دەنگێ دێتە گوێم سەداکەی بەرزە
ناڵە و فغانی یەکبێن یەك تەرزە
ڕەنگ و پیشەی دڵ دێنێتە لەرزە
لەشم بە جارێ ئەکاتە تەرزە

سەدای دەنگێکە زۆر بە پەرۆشە
تیژە ، زوڵاڵە ، ناڵەی بەجۆشە
وای نیشان ئەدا ئاوێنەی هۆشم
ئەم جامەڕێژە ، ئەو جامەنۆشە

چۆن سەدایەکە ؟! ووزە شکێنە
دەمار سووتێنە ، خوێن کوڵێنە
ئەگریجە و خاڵی ناسك وەرێنە
قەیسەر و کیسرا و ڕۆستەم بەزێنە

سەدای بەزمێکە ئاهەنگی گەرمە
نەعرەتەی دەنگی پڕ کاسەی سەرمە

رام ئەچڵەکێنێ ، مژدەم ئەداتێ
بەو کۆچە سوورەی حەتمەن لە بەرمە

دەنگێکی کۆنی ئازا و بەسامە
هەرچی داوا کرد کاری تەمامە
لە پەلاماردا لە هاڵاویدا
ناپرسێت بەکام یا ناکام کامە !

یەیکەرێکی سەیر دێتە بەر چاوم
هۆش و سەرنجی ئێجگار تێك داوم
نیشانەی سەودای پێوە دیارە
دیومە نایناسم ، ئای بیر بڵاوم !

لە ڕووخساریدا کەلاوە دیارە
بە ملیۆن وێنەی شاراوە دیارە
دەستی هەڵمەتی ساتێ ناوەستێ
نۆبەش دێتە سەر ئێمە ئەمجارە

چنگی خوێناویی ، جەسارەت بەرە
جەسوور و دڵڕەق و وازنەهێنەرە
بەهێزە دنیا ژین بەزێنەرە
خاك بەسەر ئەوەی لێی بێ خەبەرە

مۆڵەت و پشەوو ، لە لای یاساخن
سامان و دەوڵەت ، مایەی یەك ئاخن
هێز و پاسەوان ، زانست و هونەر
پووڵێ ناهێنن ، حەسرەت و داخن !

سڵ لە هەڵمەتی ئەكات نەڕەشێر
خۆی پێ ناگیرێت سەد ئوردوی دلێر
برسی و تینووە ، داوای گرانە
بە خوێن و بە گیان مەگەر بكرێت تێر !

ئا ئەو پەیكەرە ، بەو سەدا و دەنگە
بڕ ناڵە و نەوای سەد جۆر و ڕەنگە
سەدای مردنە ، سەمتووری مەرگە
دەنگی ئەدەبی بێ‌سنووری مەرگە

« بازاڕی ئەمڕۆ »

مەزادە ، بەزمە ، سەودایە و گاڵە
سوێنی فرۆشیار ، مەدحی دەلاڵـە
ئـارەزوو و هەوەس سەنگ و پێوانـەن
مەبەس بە تەنیا دەسکەوت و ماڵـە

خوێندنـگەیەکە پڕ نـاڵـە و هەرا
هەرکەس بە ڕەنـگێ خۆی تیـا دەر ئەخا
هەر باوی نی‌یە ڕەوا و ناڕەوا !!
سەد تاقیکارییت یەك سات فێر ئەکا
قەسەمی ناهەق بێ ژمارەیە
ویژدان قوربانیی پیرە پارەیە
سەودای لـێ زانی فڕوفێڵ گەرمە
بێ فێڵ لای چۆڵ و بە یەژارەیە

برام ، بازاڕی ئەمڕۆ وەهایە
فرۆشیار ڕاستیی بە بیردا نایە
دەستبڕیین ، چاوبەس ، هەرچی کە بلوێ
بێ‌پەروا ئەیکەن ئەڵێن : سەودایە
ناموخوا حاجیی نێریش ئەدۆشێ !
بە مەتر ئەکڕێ ، بەیارد ئەفرۆشێ
وەك شیری مەمکی دایکی ئەینۆشێ
بە مەترێ مێزەر هەمووی ئەپۆشێ !

هەر زانو تـالآن ئەبێ لێت بکرن
تەرك و ناخوونەك هەندێکی ببڕن
دووجۆرەسەنـگی جیاوازیان هەیە
بەیەکیان ئەکرن ، بەوی دی ئەدرن

بەدەمی تەرەوفێڵ و نوکتەوڕاز
کێچی خۆیانت لێ ئەکەنە باز
گـەربێتـوو ئـەوان لـە ئێـوەی بکرن
شەکی دابەستەت لێ ئەکەنە قـاز

لـە فێڵبـازیـیدا هـەر زۆر بزێـوون
لـە جیاتی سەدریی چەمپا ئـەپێوون
حازر یەك بەدوو ، قەرز یەك بە پێنجـە
جادوگەر دەڵێی نەتەوەی دێـوون

دەستبڕیین ، ڕەهن ، سووبازیی بـاوە
مەسەلەی سەلەم چاکترین ڕاوە
تەکسی ، دیواخان ، بەرەنجی خەڵکی
دەڵێی نەوبووکە ، دەقات هەڵساوە

چەپکیان دووچڵ ، ئیرزەم مسقاڵێك
وورگ و کەللەزل ، بێ سۆز و خوێنمژ
ئەمڕۆ بازارە ، سبەی بن چاڵێك !!

ئەم بەنایەنەی ناو ئەم بازارە
ئەم ڕووتانەوە ، ئەم فێڵ و گەڕە

بێ دەستیی حوکمی یاسای ئاسمانــە
نەبوون و کزیی تینی باوەڕە
گیان سەرگەردان و دانەمەزر و بــێ
لە هەر لایەکدا ئەم باوە باو بێ
یاسای ئاسمانیی حوکمی تیا نەکات
ئەبێ میللەتی ناشاد ، ڕیسوا بێ

« سوننەتی ژیان »

هەنگێـك بە سروەی ناسکی باڵی
گوڵی دەلاوان ، دەیمژی خاڵی
هەرچەن گیزاندی لێی نەبووەم حاڵی
زەردەواڵــە هات باڵی داماڵی

لــە ناو باخێکی خۆشی چۆڵ و هۆڵ
ئاسکێکم بینی گەردن ساف و سۆڵ
خۆی ئەتلان لــە سەر گیای نەرم نۆڵ
لێی ڕاپەڕی گورگ بەدبەختی کلۆڵ

باخێکی پڕ بەر سەوز و پەرداخ بوو
تیراو ، سێبەر کپ ، نموونەی باخ بوو
کەلاّ و بەر و لق تەرزە دایکونان
ئای چۆن باخەوان دووچاری ئاخ بوو !

لــە بزارێـکدا خاڵ خاڵ و ڕەنـگین
چنوور بۆژانە ، بەخشان و چین چین
قـاقبــە قـاقبــە بوو ، چەند کەوێـکم دین
بازێ بەیا بوو ، ترسان ، هەڵفڕین

دایکێکی دەنگ خۆش هەست نەرم و نیاز
لــە ئامێزیدا کۆرپەی ئەلاوان

کەچی چنگی مەرگ لـە یەك چرکەدا
دووچاوی کاڵی کۆرپەکەی   خـەوان

برام ، بەژارە و پەستیی پێ ناوێ
هەنـگاوی ڕەوتی   ناوەستێ تاوێ
چینێ ئەهێنێ ، چینێ ئەنێرێ
سوننەتی ژینە و هەنگاو ئەهاوێ

« لەهەما نشوانە »

لـە سەر تاشێکی کەوتووی کۆنـە ساڵ
ڕار و نیاز زان ، هاو دەمی شەماڵ

دەست بە ئەژنۆوە کپ دانیشتبووم
مەلێکی ڕەنگین فڕی بەرەو ڕووم

خۆر پرچی زەردی خۆی ئەکرد شانە
ئەینارد بـە یادگار بۆ هەما نشوانە

توو و مێو و هەنار ، گوێز و هەنجیر
قەیسی و قۆخ و سێو ، چنار و بی‌ی پیر

هەلووژە و هەرمێ ، تووتڕکی بنج چڕ
پوونـگە ، کووزەڵـە ، سەوزە گیای زۆرپڕ

پەلی قەیتەران ، مەستی پرشی ئـاو
ساقی ناسکی لـە بەڵخا گەوزاو

هەریەك بە خووی خۆی بە نەزمێکی جوان
بۆ پەنجەی خالق مل کەچیی ئەنوان

هاتە سەر چڵێ جووتی کرد باڵی
لـە ژێی قورگی ئەو ئەمە بووم حاڵی

گۆشەنشینی نـاو دووریی و چۆڵیی
یەکەم هەنگاوە بەرەو کلۆڵیی

کپی و ناڵین و سکاڵا و زاریی
پەستیی و بێزاریی دەردی بێکاریی
کزیی باوەڕ و سستیی ئەنوێنن
تای تین و ووزەی گیان ئەپسێنن
شـووشەی شیرینی شادیی ئەشکێنن
دڕك و داڵ لە ڕێی ژینا ئەڕوێنن

هەرچی ڕۆیی ڕۆی ، لـە دەس دەرچوو ڕۆی
غەم و پەژارە تازە ئەخوێ بۆی ؟!

ستەم قەد بە غەم جێی بێ لێژ نابێ
بە کولانەوە زام سارێژ نابێ

گەر دەستە ئەژنۆ سەد ساڵ دانیشی
هەناسەی سەردی پڕ زووخ هەڵکێشی

رابووردوو ڕۆیی و ناگەڕێتەوە
بێتوو نەجووڵێی سوێت ئەبێتـەوە

بە تیشکی باوەڕ ، حەوسەڵـەی دەروون
هەوڵ و تێکۆشان ، بە ماندوو نەبوون

بە ڕۆشن بیریی ، بە ئاڵیی خوێن
« گۆڕین » و ئەرکی سەرشان وە دی دێن

مەیدانی ژیان بە دەرەتانە
خۆر بەرزە و ئیتر دەمی فرمانە

لایەك چەکرِ بێت ، سەد لا نەرمانە
وەرزیش لـە بارە و کاتی کێلانــە

لـە ئێوە هەوڵ و رەنج و جوولانە
لـە ئاسمان خێر و نەرمە بارانە

فرێ دەن بەرگی پیسی رەشی غــەم
سستیی و بێ کاریی ستەمن ، ستەم

رابوردوو رۆیی و پەژارەی ناوێ
سەیر کە داهاتوو و چۆن تیشك ئەهاوێ

هەڵفرِی و رۆیی نەگەرایەوە
گوێچکەی دڵ و گیان زرنگایەوە

تێ گەیشتم ژیان ئەرکە نەك سەیران
هەر بێنە نییە ، بە خشینە و بێدان

« بڕیار ئەدەم »

مێرگی ژیان بسە غەوغایە
هاوار و هەڵپە و هەرایە
خەڵکی هەموو ورووژاوە
پەشبۆکاوە و شڵەژاوە
زیندەوەرانی سەرزەمین
ژیرانەتر لەمە دەژین
کۆمەڵ ، کۆمەڵ ڕێك کەوتووە
هەر یەك ڕێیەکی گرتووە
بێشوورە و کۆز و بێبەرزین
بە پێی یاسای سروشت ئەژین
نەوەی « ئادەم »ی ڕێزگیراو
شپرزەیە و سەرلێشێواو
ڕەوشت و تەبع و ڕێشازن
بەد و چەتوون و فێڵبازن
نێچیری کاری نەگبەتین
دووچاری دەردی سەغڵەتین
هەرچی جۆرێ سەرنج ئەدەم
ئەم دژ بە ئەو ، ئەو دژ بە ئەم
ناکۆكو خوێنخوری یەکن
گورفتاری جەوری یەکن

گوزەرانیان گشت زووخاوە
کارو پیشەیان داوو ڕاوە
بـە ناو مرۆڤ بە خوو کێوی
باوکی گورگ و کاکەی ڕێوی
ئەم دنیـا خۆشە دڵـگیرە
بە دەسیانەوە زویرە
منیش بـە دڵ ، بـە هەست و گیان
بڕیار ئەدەم ، ئەکەم پەیمان
تـا میوان بم لەم ژیانـە
نەکەومە هەڵەی ئەوانە
بیرم لـە هەڵە بژار کەم
نەخۆشی گیانم تیمار کەم
بە هیچ چینێ هەڵنەخڵەتێم
بە ووشیارانە بگرم ڕێم
ڕێـم ڕێیەکی بێهاوتا بێ
لەگەڵ بوونەوەر ئاشنا بێ
لەگەڵ فیترەدا بگونجێ
خالقی خۆم لێم نەڕەنجێ
ئامانجی ڕاس و بێغەش بێ
ڕەنـگی ڕێبوارانی گەش بێ
زەوی و ئاسمان بگرێتەوە
بیانبەستێ بە یەکەوە
لەش و گیانی لا یەکسان بێ
چرای شەوانی ویژدان بێ

هێز و پاره سەردار نەبن
جەردە و ملهوڕ سەرکار نەبن

سامان و سوود و ئارەزوو
نەبنە پێوانە و تەرازوو

ئاغا و نۆکەر ، شێخ و مسکین
ڕەش و سپی ، یا یاسای چین

داویان نەبێ و بوونیان نەبێ
کەسدار و دەسدار چینیان نەبێ

بە فێڵ و ساختە و دەمبازیی
دزی تیا نەکرێتە قازیی

بەرامبەر ستەم بوەستێ
پردی دادوەریی ببەستێ

قیاس تەنیا کارچاکیی بێ
لە خوا ترسان و پاکیی بێ
قەرقەشە و هەرا و دژواریی
بگۆڕێ بەرەو هاوکاریی

نەشارێتەوە بەدڕەسەن
کپ کاتەوە زوڕنای گۆبەن

میللەتانی دنیا چی هەن
بکاتە ئەندامی یەك تەن

هەست بە دژواریی یەکتر کەن
هەست بە ئازاریی یەکتر کەن
گرە و کێشەمان نەمێنێ
هەق ملی ناهەق بشکێنێ
لە سەرانسەری سەرزەمین
وەکو خێزانێك شاد بژین
تا کۆمەڵگەی خواپەرستیی
هەڵکا بەیداخی سەربەستیی

« ئیسلام یاسایە »

برای زانا و تێگەیشتووی ژیر
زانستیاری بـە هۆش و بیر
ئەی خاوەن چەك ، چەکی پێنووس
ئەی کەشتی یەوانی ئۆقیانووس
برای بوێژ ، کاکی نووسەر
ئەی مامۆستای پیشەوهونەر
خوشکی بەڕێز ، کارگەی ئینسان
هەی سەرباسی سوورەی قورئان
هەی برای گەنج ، ئەی خوشکی لاو
مۆدیل گۆڕانی بەزم و باو
ئەی ئەو کەسەی ناپەیجووری
کە لـە یاسای ئیسلام دووری
وا مەزانە ئـەم ئایینـە
هۆش تێکدەر و بیر ڕوخێنە
وامەزانە سۆفیی و دەروێش
دەف و تەسبیح و یاڵی درێژ
جامـەدانـە و چلك و مێزەر
پیر و پەك کەوتووی بێهونەر
درۆی قووڵی بێ سەر و بن
بیری پووچەڵی پیرەژن

نوشتە و مەکر و سیحر و جادوو
دێو و شەوە و گیانی مردوو
زەرگ و شیر و حوحوی دەروێش
هیممەتی شێخی کەمەندکێش
ئاه و گەدایی و هەژاریی
خەو و تەمەڵیی و بێکاریی
گەردن کەچی یان ئەسیریی
چۆڵنشینیی ، گۆشەگیریی
کاروپیشـەی ئـەم ئاینـەن
ڕەگ و ڕیشـەی ئـەم ئـایینەن
ئیسـلام یاسایە ، ڕێبازە
بۆ هەموو چەرخێکی تازە
یاسای هەوڵ و چالاکییـە
چەمەی تیشـکی ڕووناکییـە
لەگەڵ عەقڵ و دڵ و سۆزا
لەگەڵ هۆشی زۆر بیرۆزا
لەگەڵ هەموو بوونەوەردا
لەگەڵ زانست و هونەردا
ڕێبـازەکەی دۆستکارییـە
دەسمایەی خوێندەوارییـە
بەرنامەی هەموو نـەفلاکە
ئامانجی بێگەردە ، پاکە
مەبەستی کـار و زانینـە
ڕێکخەری چاکترین ژینـە

نرخی مرۆڤ مەبەستی‌یـە

فەلسەفەی دادپەرستی‌یـە

هەوای دیار و ڕوون و گەشە

پاك كردنەوەی گیان و لەشـە

گیانـی ئـەم ئاینە وایـە

بێ شێخ و خان و ئاغایە

ئـەو بەزمانـە بێ بەری‌یـە

دژی بەندیی و نۆكەری‌یـە

دوورە لـە چین و چینبازیی

هەرگیز دز ناكاتە قازیی

ئەوەی ئەمڕۆ هەیە ، بـاوە

دوژمن نەخشەی بۆ كێشـاوە

كاری دەست و بێ‌دەستی‌یـە

هەوای هەوەس پەرستی‌یە

برای ئینسان ، خوشكی ئینسان

ڕێبوارانی سەدان سەدان

ئیسـلام هاوارمان لێ ئەكا

بـە دەنگێكی پـڕ بە دنیا

ئێوە لـە یەك ناخ كراوون

یەكسان بۆ ژین بەردراوون

هەموو ڕۆڵـەی ئا ئەم خاكەن

وەچەی ئا ئەو نەفسە پاكەن

ژن ژێر و برایانـە

مافی ژیان بۆ هەموانە

هەی ئەو خوشکەی کە نەزانی
ئەو برایـەی بـە گومانی
ئەگەر هۆشت بێ ئاگابـە
مێشکت شتی کەی تێدابە
گەر لـە خۆت ، لـە بوونت ڕازیت
گەر ڕاست ئەکەی ڕاستیی خوازیت
وەرە بۆ دنیای ئەم دینـە
یاسا و دەستووری ببینـە
دڵ و مێشك و بیر و گیانت
عیلم و تەجریبەی ژیانت
یەك یەك هەموو بە کار بێنـە
سـەد یەکی ئیسلام بخوێنە
تـا خۆت حەقیقەت بزانی
نەك بـە زەحمەت بـە ئاسانیی
تـا تەواو بوو جـا ڕا کـە لێی
بێ وێنـە بوو باوەڕ کـە پێی
دوور پەرێزیی و ڕ خنەبازیی
بەڵگەی نەزانین ، لاوازیی

« تاقیکاریی »

بـە دنیا ئەڵێن : کەلاوەی وێران
ئەڵێم : وا نی‌یە ، ئێوە نابینان
دنیا چاکترین قوتابخانەیـە
ژیـان سەرانسەر هەمووی وانەیە
چ ئەم و چ ئەو ، تاقیکاری‌یە
بەڵام پێویستیی بـە زانیاری‌یە
هەرکەس پەیجوور بێ فێربوون ئاسانە
دنیای لـە بەر چاو نابێتـە کولانـە
خۆشبەخت کەسێکە ژیر و ووشیار بێ
زانـا و تێگەیشتوو ، تەجریبەکار بێ
هەزار ساڵ بژین ، بخوێنین ، هەوڵ بەین
بێ تاقیکاریی بە ڕاستیی ناگەین
ڕووداوی ژیان ووڕەی نەبردووم
ژیان تەجریبەی زۆری فێر کردووم
شریتی مێشکم تۆماری کردوون
باس و سەرباسی دیاریی کردوون
فێر بووم : خووی خەڵکی چەند خوار و خێچە
دەروونی چەندێ پڕ پەنـا و پێچە
دەرکەوت : ئەوانەی خۆرەی ژیانن
ئەوگارەکانی نەخۆشیی گیانن

نـە لای ئەوانە ، چاکە ، پیاوەتیی
یانێ نەگبەتیی ، یانێ ، سەرسەختیی

بۆم دەرکەوت خەڵکی خەریکی ڕاوە
بەشێ زۆر پیشەی تەنینی داوە

بەشێ کە نێچیر ، بێچار ، گیراوە
قورگ تاساوە و جووڵـەی بڕاوە

مرۆڤ ڕاوکردن لای هەندێ بەرزە
لـە سەر هەزاران هەر ، بەڵێ ، فەرزە

ئەم بەزمە ئێستا پیرۆزتر کراوە
ڕەنگی نوێی سەدەی بۆ داڕێژراوە

ستەم و درۆ ، تەڵەکە پیلان
کوشتار ، خوێن مژیین ، سەر لێکتر شێوان

تاڵانی سامان ، هەتکی ئاوەڕوو
بەجێ‌هێنانی تاسە و ئارەزوو

کاڵایان ، ناویان ، سەیرە ! گۆڕاوە
بە پێی باوی چەرخ نەخشە کێشراوە

لـە ژێر زۆر ناوی بریقەدار دا
نجبەست و باون لـە گوند و شاردا

خەڵك بـە فەخرەوە خۆی تێکەڵ ئەکا
توێشووی کۆچی دوور بڕ گیچەڵ ئەکا

دنیای پان و پۆڕ ، تاقیگەی ژیانم
بە تاقیکاریی چاك تێ ی گەیانم

تەجرِیبە هەر چیم بۆ ئیسپات بکات
بیکەمە مەشخەڵ بۆ ڕێگەی ئاوات

عەیاریی ، ساقیی ، لۆمەی سەرخۆشان
کۆڵم پێ نادەن قەد لە تێکۆشان

« ئەمەوێ »

مەفتوونی بالای چەشنی عەرعەر نیم
پەستی بێمەیلیی و سەردیی دڵبەر نیم
من داوای ڕاستیی و هەق و داد ئەکەم
ئاواتم هەقە و هەر ئەم یاد ئەکەم
شەیدای ئەگریجەی من عەترڕێز نیم
مەستی ڕوومەتی قەد نیگا خێز نیم
ئەمەوێ مرۆڤ زیندوو بێتەوە
سوپای نەفامیی تێك بشکێتەوە
شێواوی چاوی پڕغەمزە و ناز نیم
پێکراوی تیشکی دیدەی بەراز نیم
من دەردەداری سەودای بازاڕم
سۆز خرۆشاوی چینی نەیارم
خەماری قەد و قۆڵ و باسك نیم
تینووی خەندەی سەر لێوی ناسك نیم
تووڕەی خوێڕێتی بە ناو سەربەستییم
وەڕسی بەهانەی ذیلیی و ژێردەستییم
پێکراوی تیری لەنجەی تاووسیی نیم
کپ و سەرقورسی کەڕیی و کاسیی نیم
ئەمەوێ ئاسۆی تازە دەرکەوێ
تیشکی زێڕینی پاکیم بەرکەوێ

مەدهۆشی گەردن ، سنگی مەڕمەڕ نیم
بێ‌نازی جوانیی ڕوخساری تەڕ نیم
دژی دروشمی بریقەدارم
دژی زستانی بەناو بەهارم

بێ هۆش و خەوی پارە و سامان نیم
بە تەمای « خان » و « ئاغا » و « قوربان » نیم

ئەمەوێ فێر بین ، تەواو تێ بگەین
نە ئێوە ئێمە و نە ئێمەش ئێوەین

بەهۆی ژانی مێشك عەودالی هەرد نیم
بە ئێشی لەشم کز و ڕەنگ زەرد نیم

بێ‌ڕەنگیی لەنگی قەزای قازیمە
ماتیی‌و لاوازیی یاسا بازیمە

قەد گورفتاری ئەندێشەی خاو نیم
یەندە و ملکەچی عادەت و باو نیم

ناڵەمە لە دەس « من بۆ تۆی ئەکەم »
ستەم ئەیەوێ لابەرێ ستەم !

تاسەی مەیخانە و سەما و ، نەی ناکەم
ئارەزووی تاج و تەختی « کەی » ناکەم

ئەمەوێ تاقی « فیرعەون » تێك بدەم
فیرعەونی گشت لا ، فیرعەونی گشت دەم

ئاوارەی ووڵات ، دۆس ، کەس و کار نیم
پەرۆشی ڕاو و گەشتی گوڵزار نیم

خولیای بڕینی تاریکیی شەومە
سکاڵای سستی و ووڕێنەی خەومە

هەڵاتووی دەستی دوژمنکاریی نیم
گێژ و خەواڵووی شەو بێداریی نیم

دەرد دەربڕینم کردۆتە کارم
ئەمەوێ میللەت بدات دەسبارم

سەرسامی مۆدە و مکیاجی شار نیم
لە بیری کەیفی تەکسیی و تەلار نیم

ئەمەوێ ڕۆژێ خۆرێ دەرکەوێ
زاممان ساڕێژ بێ ، ئێشمان بسرەوێ

مێشک و گیانم کەوتوونە خەبات
با ڕێگا سەخت بێ ، ئەگەین بە ئاوات

ئەمەوێ شاڕێی ژیان بزانم
جێبەجێی بکەم ئەرکی سارشانم

چنگ تیژیی دوژمن کۆڵم پێ نادات
زیندان و زنجیر وورەم قەت نابات

داوی ناحەزان ئەبێ بشکێنم
نەمامی هیوا بە ڕەنج بڕوێنم

ئەوەش نەزانە ، یان نابینایە
لە خەو ڕاپەڕێ و بێتە ناو کایە

گەردن کەچ ئەکەین ، عادەتمان وایە
ئەڵێین : لێی گەڕێ ، ڕەزای خوایە !

لەم پەندە هەڵدە ، بەدە ، نەگبەتە
« زمان بهێڵێت سەر سەلامەتە
چۆن بێدەنگ ئەبم لەم دەردو ژانــە ؟
دەنــگم هەڵئــەبڕم ، ئەمە کەی ژیانــە ؟
میللەتی ملکەچ سووك و ڕیسوایە
پێچی قانوون و ئوفتی خوایە
چەکی خەباتم تینی ئیمانە
چرای ڕێی ڕەنجم شۆڵەی گیانــە
ڕێــگە هەر چۆن بێ ناوەستم ، ئەڕۆم
بۆ هەموو کێتییەی ، نەك تەنیا بۆ خۆم
ئەمەوێ ببین ، ئەمەوێ بژین
یەك بگرێتەوە ئاسمان و زەمین

« خولیای من »

خالقی ژیان ئیرادەی وا کــرد
ئەو ساوە دنیای پێمان ئاوا کرد

تێکڕای گیان‌لەبەر زیندەگیی تیــا کــرد
لەگەڵ گیانیدا ئاواتی پیا کرد

هەر یەك بــە یەکیان ژین ئەباتــە ســەر
بــەرەو هیوای خۆی ڕێ ئەگرێتە بــەر

مەینەتی مەبەست ئەیخاتــە خەتەر
تاکو ئەجەل دێت ئەیکاتەوە دەر

منیش نۆرەمــە هەواریی ژیانم
یەك ئاوات دووئاخ ئەچێژێ گیانم
هەر یەك بە یەکێ یا دوو ، سێ چوارێ
شانی داوەتە بەرقورسیی بارێ

بولبولی دەنگ‌خۆش ، شەیدای جوانیی گوڵ
بۆ خەندەی غونچە ئەناڵــێ بە کوڵ
هەنگی ئێسك سووك هاتۆتە ناڵە
بۆ گیانی پاکی شیلەی هەڵاڵە
ڕۆشنایی جوانی شەمعی شەوانە
ئەکاتە قۆچی گیانی پەروانە

خولیای شەونم و سەبای پاش ئاوە
میرغوزار ڕەنگی هەڵبڕسکاوە

شەیدا کە ڕەنگ‌زەرد ، یا لێو بە بارە
بەزارەی دووری و بێ باریی یارە
ڕاوچی دڵتەنگ و پەست و زویرە
عەودال و ماندووی ڕاوی نێچیرە

وەجاخ کوێر ژینی لا ترش و تاڵە
تینووی ناسکیی خەندەی منداڵە

عەلافیش خولیای گرانیی و شەڕە
باران نەبارێن ، بۆی خێر و فەڕە

جەردەش ڕێگریی کردە خولیای خۆی
تا ڕێبوار سەر و ماڵی بەرێ بۆی

دەلاڵ فرۆشیار ، خێڵی قازانجن
نە خولیای فێڵ و هەلی ڕەواجن
کوێر هەتا ماوە بە ئاخ و داغە
چونکە لە خولیای دوو چاوی ساغە
هیچکەس بێ داغ و بێ‌خولیا نی‌یە
بێ‌ئاوات هەرگیز لەم دنیا نی‌یە
زەحمەتە شایەك ساتێ بێ‌غەم بێ
نەترسێ خۆشیی تەختی لە دەس چێ
خۆشیی کرێکار لە تەمەنێ چوونە
ماندووە و هیوای ڕۆژ ئاوا بوونە

جووتیاریش چاوی ئەبڕێتە ئاسمان
بۆ تەمێ ، هەورێ ، تاوێکی باران

سۆفیی ملدرێژ ، تازە گڕ و گاڵ
خولیـای سەریەتی کەشکۆڵ و بەرماڵ

دەروێش هیوایەی زەرگ و شمشێرە
لـە ڕاوە ماردا ئازا و دلێرە

شێخ و بەگ خولیای زەوی و زار و باغ
کوشتن ، بڕینی ، ئەخاتە دەماغ

ئەی لای پیرەژن تچی بۆتـە وورکە ؟
تەشیی و مەرەز و موو و خوری و کورکە

خولیـا و ورکەی من خوێندەوارانن
خوشکانی گەنج و هەرزەکارانن

سروشتی توتیان کردۆتە پیشە
کاریان مکیاج و لا جانگ و ڕیشـە

هەر کام ئەدوێنی بیروڕای وایـە
بـە تەنیا ئەوو ، ڕێی ئەو ڕەوایـە

منیش گومڕایی چینی خوێندەوار
لێم بۆتـە دەردێك ئەوگارم ، نەوگار

خولیامە ، خولیای دڵ و مێشك و گیان
ڕیشەکێشی کەم بەشیویی ژیـان

ئەمەوێ مرۆڤ بخەمۆ سەر ڕێ
خێزانی زەمین هەمووی ڕزگار بێ

جەنگەڵ سووتێنی بیری ئاڵۆز بم
ڕێـگە چاککەری میللەت و هۆز بـم

خولیای ئەوەمە تۆوێ دا چێنم
ڕاستیی و یەکسانیی پێ بە دی بێنم

شوورەی جیایی و دووریی بشکێنم
قـەڵای پۆڵایی سـتەم بڕمێنـم

بەڵام خولیای من تینی بڕوایـە
مەیدانی هەوڵـم ڕێگای خوایـە

« هەورامـان »

بەهەشتی ڕووی سەرزەمینە ، مایەی شادیی و خۆشیی ژینە
لـە جێی سـەد لەیل و شیرینە ، هەورامان خۆش و ڕەنگینە
ئاوی شیرین ، ڕووان و کاریی بەڵـە بەفری لای نزاری
شەماڵی کێو و دیاری ، تیماری زام و برینـە
تاشە بەردی سەر ڕێگەی ، قاز و مراوی ناو جۆگەی
کار و بەرخی باغ و کێڵگەی ، شادکەری دڵـی غـەمگینە
سەدای بلبلی گولزاری ، خشپەی نەرمی گەڵای داری
قاسپەی کەوی کۆ و نساری ئاوازەی مۆسیقای ژینـە
جریوەی باڵـداری قەشەنگ ، گیزەی نەرم و نیازی دەنگ
لـە دەور و پشتی گۆمی مەنگ ، لـە جێی تار ، نەی و کەمانە
بۆنی هەرمێ ، هەنار و سێو ، شیر و هەراڵ ، وەنەوشەی شیو
هەراڵـەبرەمی شاخ و کێو مایەی بەهێزیی ئیمانـە
سوورەهەراڵەی ناو خڕی ، کەما و لۆی زۆر سەوز و پڕی
گوڵ سۆسەن و لولوپەڕی یەك بە یەك بەڵـگەی یەزدانە
قاچك و گەبڵە و سەیاران ، تاڵێندۆس ، بینجەی لا باڵان
دەم و چاو شۆراوی باران هەزاران دڵیان شەیدایە
بەڕەزای نەوڕەستەی کەمەر ، بوو کڵە چنووی خۆشمەنزەر
شەوبۆ و بەرزەڵنـگی دڵبـەر بەرامبەر هەموو دنیـایـە
بۆژانە و پیژووکی سەرخڕ ، گاوگۆراڵی ڕەقیی پڕ
نێرگس ، هاوشێی زەمبەقی پڕ لـە جێی « زلێخا » و « لەیلایە »
تەرزی لاولاو ، چڵی ڕێحان ، گاواسپووك ڕستەی نەرمان
کرۆزرۆ و کنگری جوانبەو خاکە چەند ئاشنایە

کەفی فەڵبەزەی زێڕینی ، هاژەی تافگەی بەفراوینی
پرشەی کانی دڵڕفێنی ئاوازەی خۆشی نەوایــە
سەیرانگەی ناو مێرگ و باخی ، پیقەی کەڵی سەختیی شاخی
شنگ و هاڵەکۆکی زاخی نیعمەتی پاکی خوایــە
سەوزەگیای دەشت و غوززاری ، ڕەنگینی وەرزی بەهاری
سێبەری کپی ژێر داری دڵی ئینسان حەیران ئەکا
بلاڵــووکی وەکو و بووکی ، پەپوولەی زۆر تێسك سووکی
ووریایی گەورەی و بچووکی دەردی دەروون دەرمان ئەکا
کەو و سوێسکە کــاتی چینە بیر و خەیاڵ ڕەوان ئەکا
دارەکەوە و هەنگ‌چینە ، سەدای ئاهەنگی غەمگینە
قاز و قومری ، قوڵتەی کەمەر ، گیزەی باڵی هەنگی مێشن
هۆش دەبەن بۆ دەریای بێ بن ، کامی کامی بە ژیان ئەکا
گەورەیی گوێز ، بەرزی چنار ، تەقە و ناڵەی شەنی شەنیار
زەردیی قەیسی ، ئاڵیی هەنار ، ئا ، موعجیزەی کردگارە
بۆنی گۆیژ ، تــەڕیی بادام ، ترێی هەموجۆری بەنام
زەردیی بەهێ و سافیی نەمام کار لە خوێن و ئێسقان ئەکا
پاییز کاتی گەڵاڕێزان ، نمەی باران ، خشپەی خەزان
ڕەشیی بەری پاکی ڕزان خوایە چەن جوان لــە دووو دیارە
بەڵــێ ، بیر و بڕوام وایە ، تا میوانم لەم دنیایــە
هەموو سەرزەوی یەکێکە ، بۆ هەموو لامان ڕەوایە
بەڵام بۆیە بــە تەنیا ئەم هاتە نێو فەردی شێواوم
زێدمانــە و شارەزای ئەمم ، سی ساڵێکە لەوێ ژیاوم
تێیدا گەشاوە دەروونم ، کیۆانی بوونە بێستوونم
دیمەنی زۆر و زەبەندەی نەخشن لــە سەر دیدەی ڕوونم

« ڕۆڵـە بێساران »

ڕۆڵـە « بێساران » ، گەر مەردیت ئـەوێ
ئازادیی گیـان و سـەربەرزیت ئـەوێ
ســـونەتی ژیـان وا پێویـســـت ئەکـات
ئـەبێ بێـدار بـی نـەخـەوی شـــەوێ

ڕۆڵـە ، نەبیتـە پیـاوی ئـارەزوو
نەکەیتە زارت ڕەش هەڵقەی ڕەشوو
ئای چەن نازداری بێشەی ژیانی
هەر بە سەرپێیی ئاسان دا بە شوو !

ڕۆڵـە ، هـەوڵ مـەدە بۆ شکستیی کـەس
بە خـەندە نـەبیت بـە دڵپەستیی کـەس
گـەردەلوول هـەر ڕۆژ ڕوو لـە لایـەکـە
کـێ ئـەڵێ بێ گـاز ئـەتـکا مـەرەخەس ؟

ڕۆڵە گیان ، تۆوی ڕەوشت داچێنە
بۆ نـاموسی کەس چاو هەڵمەهێنە
ویستت سوزنێـک بە هەر کەسا کەی
دڕکـێ بـە خۆتـا دا بچەقێنـــە

ڕۆڵـە ، داردەست و هەڵـەگۆش مـەبـە
ئـامـان ، بـۆ تەمـاع خاکفرۆش مەبە

ڕەنجنای دۆستان ، لاونـای بێـگانە
نـە بـەم سەرخۆش و نـە بـەو دڵرێش بـە

ڕۆڵە ، چاوچنۆك سووك و بێ سەنگە
چاوشۆڕ و ملکەج ، جێی تانەو نەنـگە
بە فێڵی ناحەز ، بۆ تەماع ، هەوەس
برا بۆ بـرای دەس بـە تفەنگە

ڕۆڵـە ، ئـەم تـەم و دووە سـامناکـە
کـە ڕۆشنیی خـۆری گرتووە لەم خاکە
تـۆز و غـوبـاری دوو بـەرەکـی‌یـە
فێـڵ و پیـلانـی دەسـتی نـاپـاکـە

ڕۆڵـە ، سـوپەری مەیدان برایـە
برایـەتیی تەنیـا قـەڵای پۆڵایـە
چـاکترین نیعمـەت یـەکترگرتنـە
من هەڵبەس نی‌یە ، فەرمانی خوایە

ژیـان بـێ‌بـاوەڕ نـەفـامـانـەیە
هـەنگاو بـێ‌سـەرنـج سـەرشـێتانـەیـە
ڕۆڵـە ، کورت بینی چاوتیژیی نـی‌یـە
بـۆ چـاوی عـەقڵ و گیـان تـانـەیـە

ڕۆڵـە ، مـەردێتیی خـۆڕایـی نـی‌یـە
سـەربەستیی مـانـای ئـاغـایـی نـی‌یـە
دووچـەکـی نـەوێ بـاوەڕ و زانین
بـە دەولـەمـەندیـی و گـەدایی نی‌یـە

ڕۆڵـە ، دووربـین و بیرفراوان بـە
ئەشناسی هەردوو ماددە و گیـان بە
دوورەپـەرێز و خۆپـەرسـت نەبی
کەسێکی ئوسرەی گەورەی جیهان بە

ڕۆڵـە ، وەسیەتم باش لـە گوێ بگـرە
دەستت لـە کـار بـێ ، گیانت پـڕ وورە
ڕێی ڕاستی خـودا بـەر مـەدە و بـڕۆ
بـە سـەیر و سـەرنج هـەنگاو هەڵگرە

« ئەبێ وابێ »

لـە کاتێـکا شەوەزەنـگی نەزانیی پڕ لـە غەوغا بوو
شەڕ و خێڵبازیی و خوێنڕشتن ، جەردەیی و تالآن ڕەوا بوو

کەس و دەست و هۆز و ستەم یاسا و باوی هەموو لا بوو
یاسای برایەتیی و عەدالەت بە بێ داخوازیی پەیدا بوو

لـە کاتێکدا هەموو عالەم مۆڵـدرا بوو وەکو پێنج ڕان
لـە هەر چوار لاوە شالآوی ئەهێنـا بۆی گورگی ژیـان

لەم لا و لەو لاشەوە بێ‌ترس چەقەڵـگەلی شەو ئەیقوولان
یاسایەك هاتە سەر زەمین کۆزی ئەو مۆڵـگەیەی شێوان

لـە کاتێـکدا دەردی عالەم بێ پزیشك و بێ دەوا بوو
بێ‌دەس و بەندە ، نێر و مێ گەردن کەچ و بێ هیوا بوو

لـە هەموو لای سەرزەمیندا یاسای دراستان یاسا بوو
مافی ژیان و سەربەستیی بە بێ تێکۆشان هاتە ڕوو

شوورەی دەسکردی نێوانی بەندە و ئازاد ، ئاغا و نۆکەر
ڕەنگ و ڕەگەز ، چین و زمان ، بیر و باوەڕی ڕووخێنەر

وەها کەوتە لەرزە و ڕووخا چوو بە ناخی بن زەمیندا
خوێنی تێ زا ڕەگی شان و بازووی سەدان کیسرا و قەیسەر

نە یەك کۆبوونەوە پێکهات ، نە خۆدەرخستنێ سازا
نـە هاوار بۆ وولاتێ بۆ پسپۆڕ و زانا و شـارەزا

نه « هلال » و (سەلیب) ی سنوور نه جاری قمەیەك بەسوا
یاسایەك هاتە سەرزەمین ، فترە لێی ڕازی و بێی ڕازا

بێ ئیحتیاج بە بڕیار و کۆبوونەوەی عەسبەی ئومەم
بە بێ ئینزار و ساروخ و قونبولەی « شەرق » ی پڕ ستەم

بێ فێڵ و ماڵی (سەهیونی) و (سەلیبی) و غەرب و ئەمریکا
خودا ئاینی ئیسلامی خەلات کرد بە نەوەی ئادەم

لە گەرمەی خەوی مەستییدا قەشە ، پاپا ، پرخەی ئەهات
نە خوێن ڕژرا ، نە مان گیرا ، بە بێ شۆڕش بە بێ خەبات

نە نوێنەری چووە جنێف ، مافی مرۆڤ ئیعلان کرا
خۆری زێڕینی ئازادیی دنیای ڕۆشن کرد و هەڵهات

سەوورەی فەرەنسا ، ئۆکتۆبەر ، نە دەمی بوو ، نە ناوی بوو
ئەتڵەسیی و سەنتۆ و ڤیەننا ، کەی خورەم و لێشاوی بوو ؟

نە واشنطن نە وارسۆ بوو ، نە ڤیتۆتین و تاوی بوو
نە عیصابات نە ئیختطاف ، نە دبلۆماسییەت باوی بوو

جاڕی ئازادیی نێر و مێ بە جۆرێکی وەها درا
بۆ یەکسانیی هەموو مافێ شانە و دانەی دەسوور کرا

یەکیەتێکی وەهای چەسپان دوژمنانی کردە بسرا
خێزانێکی لەش ئاسایی گەزرەی جیهانیی ڕێکخرا

نە پارتی بازیی کاتی بوو ، نە نەتەوە پەرستیی بوو
نە شەڕی سارد ، نە دانشگە ، نە ئیسلام هێز و دەستی بوو

شۆڕشێك کەوتە ڕووی زەوی جیهان چاوی کرایەوە
عالـەمی وا هێنـایـە جۆش خولیای ببێتـە سـەربەستیی

بەڵێ ، ڕزگاریی ، سەربەستیی ، یاسا ، ڕێبـاز ، ئەبێ وا بێ
ئەرك و ماف و بوون و ژیـان بە بێ جیاوازیی ڕەوا بێ

لـە هەر لادا بیج دا کوتێ ستەم تەمەنی کۆتا بێ
یاسادانەر ناخ شوناس و بەبینـا و تەنیا و دانـا بێ

لـە سەرانسەری دنیادا سەدد و سنووری بۆ نەبێ
لـە سایەیدا دڵ و دەروون ، ژیریی ، گیان ئاسوودە بێ

تەختی ستەم ، قەڵای ناهەق ، دەردی چاوبەس ، فڕ و فیشـاڵ
وێران کرێ ، تێـك شکێنرێ ، بێڕەواج و نابوودە بێ

« تا ئەبەی توو‌تیی »

وەی گەلی ئیمە چەند دەردەدارە !
چەند سەرگەردان و ژیان دژوارە !
چەند بار کەوتەیە و چەند بێ دەسبارە!
خۆیشی نافامێ بە چی ئەوگارە !

هەرچی ئەبیسین بڕوای پێ ئەکەین
هەرکەس دیار بێت پەنای پێ ئەبەین
لە کوێدا ڕێك کەوت باری لێ ئەخەین
چیمان دەرخوارد دەن گورج قووتی ئەدەین

هەرچیمان فێرکەن منەت بە گیانە
هەر فەرمانێ هات بەڵێ و قوربانە
ئەوەندە بیر و حاڵمان وێرانە
ژاری کوشندە لامان دەرمانە

شەیدای شەهدێکین ناوەکەی ژارە
لە بەر نەزانین ڕۆژمان شەوگارە
فرۆشیار چەتوون ، کڕیار هەژارە
چۆنی بفرۆشێت داشی سوارە
پاك و ڕەوامان لێیان بێزانین
چی ڕێکخرا بوو پێیان ڕووخانین

بە جۆرێکی وا لێیان شێوانین
وامان هەست ئەکرد نیمچە ئینسانین

هەنگاو هەلگرتن گشت کوێرانەیە
تووتیتیی شوێنی ئەورووپییانەیە
وای لێ تێ ئەگەین پێشکەوتووانەیە
لە کۆن دەرچوون و داێرانەیە !!

واین بۆیە ڕەنجیش بە پێچ دێتە بەر
دنیاش دووکەڵە بە مەددی بەصەر
هەر وەکو بەرغەل ئەماندە نە بەر
گورگ و چەقەڵیش ئاگاداری کەر

مان و ژیانمان دەردیسەرییە
هەر دواکەوتە هەر نۆکەرییە
هۆش و هەنگاو و هەڵس و کەوت هەمووی
دوور لە زانستە، چاو لێکەرییە

گەل هێندە شەیدای چاو لێکەرییە
هێندە ئەوگاری کار تەوەرییە
هێندە پەرۆشی باوی ئەورووپان
کێ فرۆشیار بێ ئەو موشتەرییە
سەهیونیی جیهان کە لەمە گەیی
گەیشتە ئاوات و لووتکەی ئۆخەیی
بە ئەورووپاوە بۆ ئەم دەردەمان
بە هەزاران داو ڕێی چاریان تەنی

تا چاولێگەریی باوی ئاومان بێ
هەتا ئەوروپا ڕووگەی چاومان بێ
هەتا چەمەی خوو وا ئەمریکا بێ
بوون ، ژیان ، ئەبێ بە زوخاومان بێ

تا تەبعی تووتیی تانی کارمان بێ
تا چاولێگەریی لە دێ و شارمان بێ
ژێردەستیی، کزیی، دەردی دواکەوتن
ئەبێ بەشمان بێ ، کۆڵ و بارمان بێ

« سەگێکی گیراو »

شڵپەی تێلاو قووزەی سەگ و قیژەی منداڵ
هەڵیساندم ، ڕاپەڕاندم ، چی بێ هەواڵ ؟!

خۆر لە دەم کەل هەڵهاتبوو ، باڵندەکان
بە بێ ئارام وەکو بگرین ، ئەیانچریکان

سی ، چل دەنگێ ئەهاتنە گوێم ، تو خوا مەکە
خاڵۆ حاجی توخوا بەسە ، ئۆف لێی مەدە

چوومەدەرێ بە پێخاوسیی ، شڵەژاویی
سەگێکم دی ، تەڵە لە قاچ بە گیراویی

تێلای حاجیی تەڕی توویین ، لکلکاویی
درێژ ، دوولەپ ، بەهێز ئەستوور ، خوێناویی

بە گشت هێزی ، بێ بەزەیی ، چۆن لێی ئەدا !
قووزە و نووزەی ئەو بەدبەختە گەیشتە حەوا

هەموو لەشی تێکهاڕی بوو ، بەڵێ وا بوو
ددان ، زمان ، سەر و کەللە ، چۆن شکا بوو !

کلك و لەشی بە ڕەنگی سوور ڕەنگ کرا بوو
نەك لە قوڕاو ، نا ، لە ناو خوێنا گەوزا بوو

گوتم ، توخوا خاڵۆ حاجیی بەسەزمانە
چوارپێیە ، ئەو سەگە ، سەگ ، نۆف ، حەیوانە

عەقڵی نی‌یە ، بەو شێوەیە دەی کەی ڕاسە ؟
بـا بەسی بێ ، دەی بەری بە ، خوا بناسە

ئـادەی بیڵێ زیانەکەت ، تۆ گیانی خۆت
بەرەڵڵای کە من بە دووقات ئەیبژێرم بۆت

بـە تووڕەیی ڕووی تێ کردم ، تێـلای دانـا
باغچەکەی خۆم نەخێر نادەم بە گشت دنیا

ئاخر ئێمە بـە پێی شەرعی خوا و پێغەمبەر
موسڵمان نین ؟! هەقی خۆمە داویەزەرەر

بە هەردوو دەست لە پەستییدا دام بە سەرما
کام شەریعەت ؟ کام پێغەمبەر ؟ کورە کام خوا

جا دووبارە خۆی کردەوە بە هاوشانی
تـا بە تێلا دەری هێنـا ڕیشەی گیانی

باوەڕ شڕی دوور لە خوا ، تیرەی گۆبەن
بۆ شتی پووچ بە شێتانە خوێنێ ئەکەن

لـە نەزانیی و نەناسینی شەرعی خوا
بەدکردارن لە ناو خەڵکا پەند و ڕیسوا

ئارەزووی دنیا پەرستیی کوێری کردوون
پارە و باغ و زەوی و سامان هۆشی بردوون

هەوەسباز و ویژدان مردوو ، بەد و بەدکار
لـە یاسای خوا تێ نەگەیشتوو ، دوور و نەغیار

ئاخ ! نازانم پێری ناحەز ، هەرزە و نەفام
هەر کــە دەکەن باسی خوا و دینی ئیسلام

بۆچ ئەوانە بە موسڵمان ناو ئەهێنن ؟!
بەو نیازەی سومعەی پاکی دین بشکێنن ؟!

دینی خوا نە ئەمانن ، نە ئەوانن
خۆرەی ژینن ، با هەر دوو لا باش بزانن

«هیوای ئینسان»

بێج لە زەوی ؛ بێج لە دەریا ، ڕووە و ئاسمان
وەکو برسی ، وەکو تینوو بە پەل کوتان

پەیتا پەیتا ، بە پەرۆش و بە بێ ووچان
بەر ئەبێتە لەش و مێشك و دڵ و گیان

بە گوڕ و جۆش و بەلێشاو ، بێ بن و پەی
ئێجگار بە تین هەزاران سنوور ئەکا تەی

پڕ بوونەوە و ووشك بوونەوەی وەك بۆ نەبێ
نە بە ئەمڕۆ ، نە سبەینێ ، نە سەد سبەی

ئاگرێکە پڕبڵێسە ، نەزان ئامان
کڵپەی گڕی بەر ئەبێتە لەش و گیان

دامرکان و کوژانەوەی وەك بۆ نەبێ
بێ پایانە ، کۆڵنەدەرە ، هیوای ئینسان

هەڵپە ئەکا بۆ ژینێکی بێ کۆتایی
بۆ هێز ، سامان ، مان و نەمریی ، تەختی شایی

سەربەستیی و کەس ، گەشت و فڕین ، بێ چۆن و بۆچ
بەختەوەریی ، بێ هاوشانیی ، بێ هاوتایی

نازو ناوبانگ ، خانم ، تەلار ، بزەی شیرین
بەچە و وەچە ، ئاسوودەیی ، هات و نگین

تافی گەنجیی ، سەر کردەیی ، ژیریی و ساغیی
ڕاو و شکار ، بۆن و مژیین ، عەیش و نۆشیین

بەڵێ ، وایە هەوڵ و هەڵپەی هیوای ئینسان
ئەیەوێ بیگریتە باوەش بووکی ژیـان

بەری نەدات هەر بیگرێت ، هەر بیگوشێ
بە شەیدایی ، پڕ بە تاسە ، مەست و حەیران

هەرچەن جارجار دەرد و دژە ، یان گەنـە تـا
چیەی « ووریا بە » ی دەدات بە بیر و گوێدا

باغچەی وێران ، کەلاوەی کۆن ، تەختی کاول
بە هەردووچاو ئەیانبینێ لـە سەر ڕێدا

هەروەك ئەبینێ هەمیشە قەدەر پەی پەی
هەپروون ئەکات سووراحی ، پەیکی پڕ لە مەێ

هاوچەشنانی لەم هەوارگە دێن و ئەچن
بە بێ ئەوەی سەرکەونە سەر لووتکەی ئۆخەی

ئەهریمەنی ڕەنج بەبادچوون خۆی ئەنوێنێ
غونچەی سەدان تەرزی تازە ئەوەرێنێ

کەچی مەلی هەزار باڵی هیـوای ئینسان
هەر بێ باکە و پەرێکی خۆی ناجووڵێنێ

هیوا چنگی لـە ڕەگی ناخ هەر کە گیرا
باکی نی یە لە ژێر مەودای شیر تیرا

تاسە ، گەیشتن ، شادمانیی ، نەك ژێرکەوتن
نەك ناکامیی ، دێت بە تۆ و لۆی هەست و بیرا

بەرهەڵستیی لــە مەترسیی ، لــە بێبەشیی
خۆپاراستن لــە ناخۆشیی ، لە ڕۆژڕەشیی

ماندوو نەبوون ، یا کۆڵنەدان ، پەلەقاژێ
لــە هیواوەن دەهاوێژێ پرشی گەشی

ئەو تەکانەی بەرەو مەبەست ئینسان ئەیدات
گەر سەرکەوێ ڕێ بۆ سەدی کە خۆنی ئەکات

حەددی نیيە « بەس » نازانێ ، هەر تێر نابێ
سوپای برسی و ڕۆژگاریی هیوا و ئاوات

شەست ، حەفتا ، ساڵ بــە بێ وەستان بەرەو ئۆخەی
هیوای ئینسان پەل ئەهاوێ ئا دەی ، سا کەی ؟

تا کتوپڕ بە ناکامیی ، دەڵێت : « بەسە »
کەچی ئائەو بگرە و بەردە بەردەوامــە

گەرچی پڕ دەرد و مەینەتە و زۆر بە سامە
چونکە سەرچاوەکەی بلێمەی هیوایــە

هەمووی خۆشە پڕ لەزەتە هەر بەتامە
شێری مەیدان و شێر بەزێن ئەو شێرەیە

لــە هەنــگاونان بەرەو هیوا بێ وەی وەیە
لــەو سنوورەی بۆی کراوە قەت لا نەدات

گەیشتن و پێ نەگەیشتنی هەر بزەیە
تاسە و هیوای بێ سەر و بن و جۆر بە جۆر

دوور ، بێ شومار ، بە قەد تاڵی ئەندێشە زۆر
مەحاڵە بێنە دی هەموو لەم دنیادا

چ بۆ بزان ، چ بۆ نەزان ، لە بەگ و بۆر
جا کە ژیان تا لێرەدا وا کۆتا بێ

گەنجی ڕەنجیش بە تەنیا هەر ئەم دنیا بێ
ئای کە ترشە ، پڕ لـە جەورە ، گەر بە تەنیا

هەر هیوا بێ ، بێ تۆڵـە بێ ، بێ جەزا بێ !
چەن بێ گەردە چەن بەدادە ، چەن زانایە

ئەو دانەرەی ژینی بەخشی ، چەن ئۆسایە !
بەس چاندنی خستە ئەستۆی گرۆی مرۆڤ
لەم دنیایە کەچی « خەرمان » لـەو دنیایـە

« پێم ئەڵێن »

پێم ئەڵێن : کپ و مات و مەلوولی ، بۆچی وا ئەکەی ؟
تەواو گۆڕاوی ، شێواو ، شڵەژاو ، لە ژین وا ئەکەی
ژیانت باشە ، منال و مووچە ، زانست ، لە شی‌ساغ
چیت ناتەواوە ، ئاتاجییت چی‌یە ، چی داوا ئەکەی ؟!

پێم ئەڵێن : بەخت و نگینت هەیە ، دەست و کاسەپڕ
گەنجێتیی تەمەن ، ژیان و دنیا مەلێکن زوو فڕ
لە دەستی خۆتی دەرمەکە ئەفسووس ، فرسەتە ، فرسەت
بمژە و بخۆرۆ ، بدڕە و بپۆشە ، بە جۆش و بە گوڕ

ئەڵێن : نیشانەی بێ هێزیی ، پیریی هەر لە ئێستاوە
ڕوویان تێ کردوی ، ڕەنگت ژاکاوە شێوەت گۆڕاوە
ئەها سەر و ڕیش وەك ماش و برنج بە خۆت ئەزانی ؟
سێ گرێت پچڕاند ، وەرە تێکەوە ، یەك دوو یەك ماوە

خەڵك ملی شکا ، چی ئەکەن ، ناکەن جاڕ بە جەهەننەم
ژین هەر خۆی تاڵە ، ئێشە و ناڵە و غەم ، هەر جەورە و ستەم
تۆ چیت پێ ئەکرێ ، بۆ خۆت تێك ئەدەی ، خەڵکی بە تۆ چی ؟
بۆ خۆشبەختیی خەڵك گیانی شیرینت بۆچ ئەکەی بەشەم ؟

وەڵامی گیانم ئەڵێ : وا نییە ، ڕاستیی ئەمەیە
ئەو ڕەنگە زەردەم ، ئەو بێهێزییە ، ئەو بێدەنگییە
ئەو شڵەژانە ، ئەوەی ئەیبینن ، ئەو شێواوییە
سەر ، ڕیش و سمێڵ کە بە گەنجێتیی زۆربەی سپییە

هەر یەك لەوانە ، وەك سروە ، سەما ، وەك بزە ، ئەسرین
یـا وەك ناڵـەی نەی ، ئاهی کاڵی سەرد ، بەرگی ڕەشپۆشین
ئێوە نەفامن هەر یەك لەوانە زمانی حاڵـە
بەڵام هـەر یەکە بێ گوفت و واتەن ، سەیرو تایبەتین

« پێی مەڵێن مردوو »

پێی مەڵێن مردوو گوناهە ، زیندووە ، نەء نامرێ
ڕزق و ڕۆزیی لای خوایە و هەرگیز ئینکار نەء ناکرێ
بێقوربانیی و بێ ڕژانی خوێنی بە نرخی گەشیەوی
بێ بەر و بێ خێر و بێرە ، بێ ڕووناکی‌یە سەرزەوی
هەر دڵۆپێك لەو خوێنە گوڵێکی لێ پەیدا نەبێ
مەلایین مەرد و هەڤناسی بە دڵ و گیان شەیدا ئەبێ
گوڵی باغ و جوانیی شەفەق ، هەراڵە برەمی پاڵ کێوان
سوورەهەراڵە ، گوڵەنار ، شیر و هەراڵ و ئەرخەوان
دەزانی بۆچ وا قەشەنگ و دڵڕفێن و گران بەهان ؟
هەریەکەیان دڵۆپێکە لە خوێنی پاکی شەهیدان
زەمبەق و سۆسەن و هێرۆ ، گاووگۆڕاڵ ، گوڵی ژاڵـە
هەموو خوێنی شەهیدانن بۆیە ڕەنگیان وەها ئاڵـە
لـە هەرلایەکدا ڕژا بێت سەیرە ئەگەر گوڵزار نەبێ !
میللەتێ بێ قوربان بێ سەیرە ئەگەر ئەوگار نەبێ !
لەبەر ڕێزی شەهیدانە جریوەی ئەستێرەی ئاسمان
شەهیدانی ڕێی سەربەستیی ، قوربانیی ڕێبازی قورئان
هەڵـگری ئالای خواناسیی ، یاسای برایەتیی ئینسان
شاخ و دۆڵ و دەشت و سارا ، هەموو لایەك ، کونج و کەنار
مژدە بێ هەموو بە جارێ ئەبنە سەبزە ، ئەبنە گوڵزار
جونکە شەیدایانی ڕێگەی ڕاستی ئازادیی و ڕزگاریی
بێ ووچان وەك شێری مەیدان ئامادەن بۆ فیداکاریی
پێی مەڵێن مردوو گوناهە شەهیدی ڕێـگەی خوایـە
بۆ شۆڕشی ڕاستەقینە کەفنی ئاڵی ئەو ئالایـە

« هەر یەك لە ئێمە »

هەر یەك لـە ئێمە دارێك بڕوێنێت
لـە جیاتی ئەوەی لقێـك بشكێنێت
لـە دوای چەند ساڵێك جیهانێكی تـر
پڕ لـە دار و بەر بە دەست ئەهێنێت

هەر یەك لە ئێمە تۆوێ داچێنێت
هونەری چاكەیێ تێدا بنوێنێت
سوپای برسێتیی خۆی پێ ناگیرێت
هێزی هەرزانیی بە چۆكیا دێنێت

لەو دڕك و داڵـەی ڕێـگەی ژین ئەگرێت
هەر یەك لـە ئێمە دڕكێك لا بەرێت
لـە دوای چەند ساڵێك ڕێبازی كاروان
هیچ دڕك و داڵی تێـدا نامێنێت

هەربەك لـە ئێمە بەردێك دەربێنێت
لـە جیاتی ئەوەی خشتێك دابنێت
لـەدوای چەند ساڵێك قەڵای زۆرداریی
ئـەو كـارە ووردە سووك ئەیرووخێنێت

هەر یەك لـە ئێمە د رگای خۆی داخات
یـا نیهای ڕێگە بە ناكەس نادات
لـە دوای چەند ساڵێك دوژمن و جەردە
مـەر قوڕ بپێوێت ، خۆڵ بە سەریا كات

ئەو ژار فرۆنەی کەلیمان ئەچڕێت
هەر یەك لە ئێمە ژاری لێ نەکرێت
لە دوای چەند ساڵێك بێ هیوا ئەبێت
لە بێ بازاڕیی سەری هەڵئەگرێت

ئەو گۆماوانەی جێی خۆرە و گەران
هەریەك لە ئێمە وەك مشوورخۆران
سەرو بەردێکیان فڕێ بەینە ناو
لە دوای چەند ساڵێك ئەیانکەین وێران

ئەو جەنگەڵانەی پڕ دەعبای کێویین
شاو کاربەدەسیان چەقەڵ و ڕێویین
هەریەك لە ئێمە چڵێك هەڵکێشێت
بۆچ گورفتاری ترس و پەشێویین ؟

هەر یەك لە ئێمە یەکێك فێربکات
لە ڕەنج و کۆشش بێتو کۆڵ نەدات
لە دوای چەند ساڵێك لە نەفام ، نەزان
پاك ئەبێتەوە سەرانسەر ووڵات

مێشکێ بێ بیر بێ ئەپووچێتەوە
خوێن بە جووڵەی لەش پاك ئەبێتەوە
کێڵگەی بێ بژار ئەبێتە جەنگەڵ
ڕێ بێ ئامۆشۆ کوێر ئەبێتەوە

گەر ڕاستییت ئەوێ ئەبێ وەهابێت
هەنگاو هەڵگرتن بە پەلە نابێت
هۆ هەر وەك مەبەس ئەبێ ڕەوابێت
بۆ ڕێگاش باوەڕ تەنیا چرا بێت

ئەو شەوەزەنگەی ئەمشەو ئەیبنین
هەر یەك مۆمێکی بۆ داگیرسێنین
ڕۆژێکی ڕوونی بێگەرد وەدی دێت
سەد شەوی تاری وای پێ ئەفرێنین

ڕێی چاکەخوازیی دوورو درێژە
کرداری ئەوێ نەك ووشە و بێژە
ئەگەر ڕاست ئەکەی ڕزگاریخوازی
هەنگاو هەڵگرە ، عەرەق بڕێژە

« لەم شەوەدا بوو »

لەم شەوەدا بوو ، تاریکیی جیهان
کە چەند سەدە بوو دیدەی ئەنووقان
ڕۆیی ، ڕەویەوە ، خۆری نوێ هەڵهات
خێر و بێر کەوتە ناو کێڵگەی ژیــان

لەم شەوەدا بوو ئەستێرەی ئاسمان
خۆیان بــە وورشــە و پرشەوە ئەنووان
بە جۆرێـکی وا لیۆی بارگرتووی
ئەم سەرزەمینەی یەکسەر ئەبزووان

لەم شەوەدا بوو تەم و دووی بێ بن
کە بە مێشك و گیان دوژمن بوون ، دوژمن
ملی کەچ کرد و خۆی پێ نەگیرا
کــە زانی هەڵهات خۆرێکی ڕۆشن

لەم شەوەدا بوو ڕەشێتی مێژوو
کە ئاشنای هەموو ڕووی سەرزەوی بوو
سپێتی هات و جێگەی گرتــەوە
گومرایی ، وێڵیی ، چەرخی بەسەرچوو

لــەم شەوەدا بوو سەدان دنیــاوەر
گورگانی گیانی گرۆهی بەشەر
کەڵبــەیان کول بوو ، قورگیان گیرا
بە بەرزیی ناڵەی « اللهُ أکبر »

لەم شەوەدا بوو بە پەنجەی قەدەر
تەختی سەدەهای وەك (كیسراو قەیسەر)
وەك بوومەلەرزە هێنانیە شۆكە
ناڵە و ئاوازەی : « الله اكبر »

لەم شەوەدا بوو لە ڕووی زویرا
ئاڵای تاغووتی یەكسەر داگیرا
ئاڵای برایەتیی و ڕەوایی ژیان
لەسەر زویدا بڵند هەڵكرا

لەم شەوەدا بوو گرۆهی حاڵزار
چینی چەوساوەی ژێر دەستی زۆردار
نێچیری چنگی دڵڕەقی خوێنخوار
مژدەی ئازادیی لە بۆ هاتەخوار

لەم شەوە دا بوو ئاڵ و گۆڕكرا
دادپەروەریی هات ، ستەمداخرا
جاڕی یەكیەتیی و یەكسانیی مرۆڤ
لە سەرانسەری جیهاندا درا

لەم شەوەدا بوو بەندیی توایەوە
یەك بە یەك هەڵقەی كۆت كرایەوە
گوڵی ژاكاوی گولزاری ڕاستیی
بە ئاوی ڕەحمەت هەم گەشایەوە

لەم شەوەدا بوو بوونەوەر یەکسەر
لەگەڵ فریشتەی فەرمان جێهێنەر
دەنگیان کردە یەك هەموو بە جارێ
ئەیانگوت : « **الله ٠٠ الله اکبر** »

لەم شەوەدا بوو لەلایەن خواوە
دەروازەی هەر حەوت ئاسمان کراوە
چونکە پێشەوای ئازادییخوازی
تیکڕای گیانلەبەر هاتە دنیاوە

ئەم پارچە هەڵبەستە بە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام محەممەد ـ صلی الله علیه وسلم ـ دانراوە :

« ئاوەزیان نەبوو »

کۆمەڵگەیەکی جیهانیی دژوار
پڕ گێرە و کێشەی سەختی ناهەموار
شیرازەپچڕاو ، پڕ فێڵ و ساختە
گیرۆدەی ڕاوی دەملووسی بەدکار

هەرگاهـ دەستەیەك دەنگی هەڵئەبڕێ
دەلاڵ ئاسایی لـە خـەڵکی ئەچڕێ
بـە فێڵ و جادوو بـە زۆر بـە سامان
کورسی ڕابەریی و سەر کاریی ئەکڕێ

پڕوپاگاندە سەدای زولاڵـە
کۆڕ و بازاری خستۆتە نـاڵـە
هـەر لا یەنێـکیان زار ئەکاتەوە
چارەی لای ئەوە ئەم حاڵە تاڵـە

گوربـە بـە مشکان ئەڵێ یارانم
ئـەی هاو دڵ و گیان ، هەی هاوکارانم
گەر بێتوو بمکەن بـە «گچکە»ی خۆتـان
هەر دڵسۆزەکەی هەمان جارانـم

مێشوولەش بە دەم سۆزی نزاوە
ڕووی کردە خوێن و نوزا و قووزاوە
هەواتە ناتدەم بە دەم قەزاوە
خۆم نەتپارێزم کار ترازاوە

پاییز لە سەرخۆ ڕووی کردە گەڵا
لە سەوزیی و گەشییت هەزار ماشاڵڵا
کام دڵسۆز وەك من تۆ ئەپارێزێ
لە زەردهەڵگەڕان ، لە دەرد و بەڵا ؟

دەمی کردەوە گورگی خوو « شیرین »
هەردوو دیدەی خۆی پڕ کرد لە ئەسرین :
هەی کار و بەرخە جگەر گۆشەکەم
خۆ (ئێمە) و (ئێوە) لێکتر جیا نین

سوون دای لە باڵی گیزانی : زم زم
ڕێز و دڵسۆزیی نواند بۆ گەنم
دانت پێ ئەگرم ، قەڵەوت ئەکەم
خۆم پاسەوان و نیگا بانت بم

ماڵبراو ئەیگوت : هەر چیم بوو دزرا
دز ئەیگوت : ووس بە ، خەم نەخۆی ، برا
سبەی لە (٠٠٠٠) وەرە بۆ لای خۆم
ئای چەن باری وا بە خۆم بار کرا !

دەشت و دەری گرت دووە و هەور و تـەم
چاوساغان ڕێیان گوم کردەوە هـەم
لەولاوە کوێرێ ، گۆچان لار و خوار
ئەیقیڕان : بێنۆ ڕێتان نیشان دەم

هەرکاتێ خەڵـکی لـە ڕاستیی لای دا
هەر بە ڕۆژی روون هەر لەم دنیای‌دا
ئەبێتە بەندە و ژێر پێی ناحەزی
کە ڕۆی نەفرینیش ئەچێ بـە دوای‌دا

نـە مشك و بە خوێن ، گەڵا و بەرخ و کار
گەنم و ماڵبڕاو ، چاوساغی ئەوگار
ئاوەزیان نەبوو بڵێن خۆ ئێوەن
سەرچاوەی بەڵا و دەرد و بار و ژار

« مەرخۆی بزانێ »

ئەو شەوو ڕۆژەی بە دوای یەکدا دێن
بە پێی وەرزی ساڵ کرژ ئەبن ، ئەکشێن
چۆن وا هەمیشە ڕێك و بەیاسان
بۆچی نەبینران جارێك بشێوێن ؟!

هەموو بەیانێك خۆر پەیدا ئەبێت
لە غونچە جوانتر زاری وا ئەبێت
بۆچ نەبوو هەرگیز ڕۆژێك هەڵنەیەت
هەر ئێوارە هات هەم ئاوا ئەبێت ؟!

بۆچ مانگ هەر شەوێك لە تافێکایە
جێگای جوانیی ، قیبلەی نیگایە
خەندەی زیوینیی بۆ تەواو نەبوو
بۆچی تێکناچێ و کۆتایی نایە ؟!

ئەو ئەستێرانەی ئەڵێی ملوانکەن
بە ئاسمانەوە ئاهەنگ ساز ئەکەن
کێ ڕایگرتوون بێ پایە و هەڵگر
بۆچی ناکەون ، بە یەکدا نادەن ؟!

ئەو تۆوە ڕەقەی ئەخرێتە ناو گڵ
چەکەرە ئەکات ، دێتە دەر بە کوڵ
چۆن هاتە دەرێ ، کێ پێی ئەبەخشێت
چرۆ ، هەڵاڵە ، گەڵا ، بەر ، بۆن ، گوڵ ؟!

بۆچ هەوا هەمووی نەبووە ئۆکسجین
بۆچ مانگ ئەوەندە دوور بێ لە زەمین ؟
کاربۆن ڕێژەکەی بۆچ زیادی نەکرد ؟
بۆچ ئەم گوڵ ئاڵە ، بۆچ ئەوی دی شین ؟!

ئەو ماددە ڕەقـە بێ‌گیانـە کـزە
مردووی پڕ جووڵـەی بێ‌چرپە و بزە
بۆچ ، چۆن ، لـە بەر چی وەها ئەگۆڕێت
لەم دۆخ بۆ ئەو دۆخ ، ئەبێت بـە ووزە ؟!

کاروباری لەش ، گیان و ژیریی
ژیان و مردن ، گەنجێتیی و پیریی
کێ هێنانیە بوون ، چین یا خۆ بۆ چین
ئەی ئەسرین ، خەندە ، شادیی ، زویریی ؟!

هـەوا ، ئـاو ، ئاسمان ، هێزی ڕاکێشمان
ڕووەك ، باڵندە ، ئاژەڵ و ئینسان
بونەوەر ، بەهرە ، هەست و بیر و هۆش
لەچی هاتنە بوون ، کێ پێکی هێنان ؟!

ئەو سوورِ و گەشتەی کەون لـە بەریەتی
ئەو یاسا ڕێکەی کە لـە سەریەتی
ئەم بوونەوەرە عەجیبە گەورە
کێ دانەرێتی ، کێ ڕابەرێتی ؟!

بۆچ جارێك پیرێ گەنج نابێتەوە
بۆچ ئەستێرەیەك ناتەقێتەوە
ئەم زەویەی نـاو ئـاو ملیارهای سالّە
چۆن هەرمایەوە و ناتلیسێتەوە ؟!

ئەو یاسا جوانە سەیرە بێ وێنە
ڕێك و گونجاوو سنوور نەشکێنە
ویستی دەستێکی وەها ئەنوێنێ
حەواس و مێشك و ژیریی بەزێنـە

لـە گەردیلەوە دەس پێ کـە ، بیگرە
هەتاکو مانگ و خۆر و ئەستێرە
خۆیان و سەرپاك لـە یاسا و ڕێباز
ناوازە و جوان و ڕێك و دلـگیرە

ئەم ڕازانەوە بەرزە گەورەیـە
دوور لـە تواناو ووزەی ئێمەیـە
ئەو پێکهێنانـە ئەو تاووتووە
بێ سەرپەرشتیی و کوێرانە نی یە

ئەوانە هەموو نیشانەن ، بەڵـگەن
بۆ دڵ و گیان و زیریی پیشانگەن
هـەر کامیان ئەگریت بـە زمانی حاڵی
بۆ بوونی « زاتێك » گەواهیی ئەدەن

زاتێکی گەورەی شنەفتەی زانا
تەنیای بێوێنەی دانا و تەوانا
بێهاوەڵ ، نەمر ، خالق ، سەرپەرشت
بوونی لـە نەبوون بە « ببـە » دانـا

مـەر خۆی بزانێ تێکڕای پەنهانیی
بوونی لـە بەر چی و بۆچی پێکهانی
پاکیی و بێگەردیی بۆ ئەو زاتەیە
ئەو یاسا جوانەی کرد بە گیانی

« سەرم سوڕ مابوو »

سەردەمێ بوو بە ئێجگاریی سەرم لـە سرڕی سوڕما بوو
ڕۆح و بیر وعەقڵ و هۆشم بە جارێکدا پەشۆکا بوو
چۆن ماوە ، چۆن نەفەوتاوە ؟ سەیرە هەر لە گەشەشدایە !
کەچی دوژمن دەستە دەستە بێدەس و کز و ڕیسوا بوو

لـە دەرەوە و لـە ناوەوە هێرش و هەڵمەت بەردەوام
هەزارەها سوپا و ئوردووی پاشا و دامودەزگای نەفام
بە بێ ووچان تێ ئەکۆشان ڕەگ و ڕیشەیَ لـە بن بێنن
هەمووی بـە ناخی خاکا برد ، سەریان نایەوە بێ ئەنجام

ڕۆژان وەك هاتن تێپەڕین بە صەدان « ئەبووجەهل »ەوە
بـە سەرباز و جەنگاوەری دەم و کەللە و سەرزلەوە
شەڕ و شۆڕی خۆیان کرد و هێزی بازووی خۆیان نووان
شاڕێی ژیان هەر مایەوە بـە گیانی پڕ لـە عەدلەوە

ڕاوێژ و ڕێ ، چەك و ئامێر هیچکام نەما ، نەخرێتە کار
لـە ڕۆژنامە و تەلەفزیون ، لە پەڕاوو ڕادیۆ و گۆفار
تەکنۆلۆژیا و زانست و فەن ، شێوازی زۆر و بێوێنە
گەنج و سەرکەش لە نێر و مێ ، نۆکەر و داردەس بێ شوماو

کەچی ئەم لـە چیا چاکتر ، دامەزراو ، وەك خۆی مایەوە
بـە گەردەلوولی سەرومڕ موویەکی نەشۆکایەوە
گیانی نەمر ، ئاسۆی ڕۆشن ، خۆر و ئالای گەش و بڵند
سەری سەدان (ئەبووجەهل)ی دەیان سەدەی کوتایەوە

ئای ! چەند لـە خۆمم ئەپرسی : بە ڕاستیی سەیرە چۆن ما بێ ؟!
بـە چ هێزێ ، بە چ چەکێك ، بەرامبەر دوژمن وەستا بێ ؟!
هەتا یار پێی ووتم : کاکە ، نەزان و دوور و بێ ئاگای
بە چی خامۆش ئەبێ شەوقێ کە پارێزگاری خودا بێ ؟!

« ژیـان »

گومان ناکەم کە خولقاوە ، بەڵام ئەمیش دروستکەرە
لـە گەردیلەی ئاو و هەوا و خاك و تیشکا پێکهێنەرە
لـە سەر یاسا و ڕێبازی کەون بەرەبەرە ئەخاتەوە
بەڵـگەش فەرموو ، تەماشا کە گشت ڕووەك و گیانلەبەرە

لـە زایینیدا بە پیتە کەچی زەبتی بەچەی ئەکات
هەر جۆرێکی تـا ڕادەیەك ، چینێ دێت و چینێ ئەڕوات
تەیهێشت یەکیان ملهوڕیی کاو ئەوانی کە لە ناو ببات
گەرچی گیرە و کێشمەش هەیە و زۆر جار بەهێز بێهێز ئەخوات

هەموو کارێکی ڕێك و جوان لـە ڕاستییدا بەهونەرە
بەهاری ئارایش دراو ، چ بووکێکی بوونەوەرە !
ڕەنگی گەڵا ، ڕەنگی گوڵان ، پەڕی ڕەنگینی باڵندە
مێ ڕەس بۆ نێر شیر بۆ ساوا سەرنجێ بە چەن ڕێکخەرە !

هەتـا بڵێی مۆسیقارە ، هەر بەو جۆرەش ئەندازیارە
جریوەی مەل ، خشەی گەڵا ، قڕگی مرۆڤ ، عوود و تارە
ڕەگ و دەمار ، ماسوولکە و باڵ ، جومگە و جڕوڵە ، ئەندام ، حەواس
لـە نێوان نێر و مێی ڕووەك هۆ هەوا و مێروو و باڵدارە

شادیی بەخشە ، مێژوو نووسە ، تاش و بەردە تۆمارەکەی
بیری قووڵ و تیژی ئەوێ ئەگەر ویستت لێی تێ بگەی
هۆی شادی‌یە یا نەشزانێ قەڵەمبازی بەرخی ساوا
یا تۆ کاتێ کە منداڵی بە یاریی خۆت بە شا ئەکەی

ژیان بۆ بەچکەکانی خۆی یارێزەرە ، چەك پێ دەرە
لە نینۆك و چزوو و دەنووك ، لە باڵ و قاچ و لە بەهرە
بەسۆزە وەك دایك ، وەك باب ، خەمخۆرە بۆ ڕۆڵەکانی
ئاو بەقڵمە ، خۆر بەبزە ، خاکیش بەپیت ، دار بەبەرە

قوتابخانەی هەرەبەرزی بێ گومانە بوونەوەرە
هەست و سۆز و ئیدراك بەخشە ، هەموودەمێ دەرس‌دادەرە
خۆراکی چاکی زۆر بە تام لە گەردیلە درووست ئەکات
بۆیە ئەڵێم ناقیگەیە و ئوستا ، پسپۆڕ ، کیمیاگەرە

ژیان هێزە ، هێز ئەبەخشێ ، بەڵگەی ئەمەش تۆو و بەرە
ووشك و ڕەق و گچکە و سادە ، ئەخرێتە چاڵ گڵ لە سەرە
چەکەرەی نەرم و ناسکیی ڕەقیی زەوی چۆن شەق ئەکات ؟!
هەرواش لە دڵ ، لە مێشك ، لە گیان دێتە دەست و کاریکەرە

ژیان خۆی خۆشیی یان پەستیی نەزانیوە و نە ئەیزانێ
یەك بەزمە و لێی ئەداتەوە هەموو سات و دەم و ئانێ
جیاوازیی لە نێوانی من و تۆ و ئەم و ئەو ناکات
باڵی نازی کراوەیە بۆ هەموو خاوەن گیانێ

ئەوەی وای بۆ ئەچێت سروشت ژیانی هێنابێتە بوون
داواکەی بێسەر و بنــە دەس بەتاڵە لــە بەڵــگەی دوون
ژیان هۆیەکە خزمەتی مەبەستی خالقی ئەکات
گەردن کەچی ویستی ئەوە بە پێی ئەمری « کُن فیکون »

بەڵام ژیان ئەی خۆی چی‌یە ؟ ئەمەیان کەس نەیزاینوە
بێ کێشە ، بێ‌بارستایی ، تاکو ئێستا چاو نەیدیوە
کەچی ملیۆنەها ساڵە هەیشە و هەرواش ماوەتەوە
هەموو مەخلوقێ چەپکی خۆی لــە گوڵزاریدا چنیوە

« برای پزیشکم »

برای پزیشکم ، خۆت چاك ئەزانی
چەندێ پیرۆزە ، پزیشکەوانیی
ئۆقرە و ئارامی هەر زۆر پێویستە
بــە تایبەت بەشی دەروونیی ، گیانیی

ئەو شێوە و ڕێیەی لەمەوبەر باو بوو
نەخۆش بێ بۆ لات ، ڕۆیی ، بە سەر چوو
ئێســتا ئەبێ تۆ بچیت بۆ لای ئەو
نەك بــە بێگاریی ، دڵشاد و خۆش ڕوو

لــە بۆڵە و ناڵە و هاواری نەخۆش
لــە کێمی زام و لــە هەڵپەی پەرۆش
بابێ دڵــگیر بی ، سۆز بگریتەوە
دەمارت هەڵسێ و کەللەت بێتە جۆش

برای پزیشکم ، پزیشکەوانیی
پێش پارێز دانان ، کەڵــکی دەرمانی
ئای چەند پێویستیی بە ووردیی هەیە
لــە نەرم و نیانیی ، لــە میهرەبانیی !

ئەم خەڵــکە هەمووی ژیر و لەش‌ساغ بێ
بێ دەرد و دژە و ووریا و گوساغ بێ
بوون و نەبوونت ئەوسا یەکسانن
کەی باخەوانە ئەوەی بێ‌باغ بێ ؟

جامی سۆزی خۆت لـه قومی دەرمان
لـه حەب و دەرزیی ، پارێز بۆ دانـان
کاریگەرترە بۆ گیانی نەخۆش
ئەمەیە فەرقی بزان و نەزان

دەردان هەمەجۆر ، زۆر و کوشندە
نەخۆشیش هەروا زۆر و زەبەندە
لەم نێوانـەشدا ئەبێ بزانیت
ئاکامی دوارۆژ بـە تۆوە بـەندە

ئێش ژانی نەبێت ساکەی ئازارە ؟
نەخۆش نەناڵێت دەی کەی بیمارە ؟
شێت ئاسایی بێ و دەس نەوەشێنێ
ئەی نیشانەیان لـە چیدا دیارە ؟!

ئەو لـە تاوی دەرد گەر هاوار نەکات
ئەم لـە ڕێشـکەی چاو پەلامار نەدات
تۆش خێرا زیز بی و دەس بەیتە توندیی
ئەنجامی ئەمە ئاخ ! بە چی ئەگات ؟

ژیان سەرانسەر ڕێك و پێکیی بێ
بێ شوێنەواری بەدیی و نیکیی بێ
توخوا پێم بڵێ بێتو وا بڕوات
ئاتاجیی بۆچی بە پزیشکیی بێ ؟

پزیشکەوانیی بـە گۆترە نابێ
ئەبێ بکەری وورد و دانا بێ
دڵیـکی ئەوێ سۆزی ، باوەڕی
بـە ئارامگرتن تەواو جۆشا بێ

تاقیکردنـەوە خولـگەی کاری بێ
سکاڵای نەخۆش بـە دەسباری بێ
نەخۆشیی ناسیین پێش چارە کەوێ
پاداشدەرەوەش تەنیا « باریی » بێ

کاتێ دیم دەردان کۆ بوون لـە سەر کۆ
لـە بەر بێ تۆیی من خۆم کردە تۆ
کـە هاوکارت بـم بـە دڵسـۆزانە
ئیتر بۆ ئەمکەی ڕیسوا و ڕەنجەڕۆ

تۆ گوێ نەدەیتێ و دەردیش گران بێ
ئەرکی سەرشانیش ئەمری ئاسمان بێ
منیش ببینم لـە دوورۆ سەیر کـەم
ڕاستە گیان و لەش هەردوو وێران بێ ؟!

هـەر کاتێ کـە تۆ یەك لا بوویتـەوە
بـە شوێنی کـاری خۆتا چوویتەوە
ناماقووڵیی بێ دەسخەمە کارت
هەتا ئەو ساتەی هەم دەنوویتەوە

« سڵ مەکەن »

برای ئینسانم ، خوشکی ئینسانم
گڕ و بڵێسەی ناخی ویژدانم
بەرامبەر ئێوە ، مەلایین نەزاو
بەربۆتە بیرم ، هۆشم ، گیانم

هاتن و هەوڵتـان ، ڕێبازی ژینتان
بزەی سەر لێو و فرمێسك سڕینتان
بۆ بەرزیی و نزمیی قۆناغ بڕینتـان
ستەم و تاڵیی کۆچ و فڕینتان

کەچی نازانم چۆن بتاندوێنم ؟!
بـە کام ڕستەی پڕ خەوتان بزڕێنم
چی دەستنیشان کەم بۆ چارەی دەردتان ؟!
کام ڕێی ژیانتان پێ بناسێنم ؟!
غیرەتتان بە چی و چۆن بجۆشێنم ؟!
سۆز و ژیریتان چۆن بخرۆشێنم ؟!
بڵێم رێی « فلان » دیارە ئێجگاریی
گومراتـان ئەکەم ملتان ئەشکێنم ؟!

فەرموون لـە گەرمەی ژانی ژیانا
لـە گەرمەی نالـەی جەوری جیهانا
سەر لـە زانکۆکەی « موحەممەد » بدەین
ساتێ بـە سـەر بەین لـە ژێـر قورئانا

سەیری کام زانکۆی سەر ئەم دنیایە
وەك ئەم بە یەکسان شاگردی تیایە ؟
ڕەش و سپیی و سوور ، بۆر ، هەموو ڕەنگێ
سەیر نییە ؟ چونکە سروشتی وایـە
لە گشت ڕەگەز و قەوم و زمانێ
لـە هەموو چینێ بیەوێ بوانێ
بە بێ جیاوازیی چۆن ئەگرێتە خۆی !!
لـە هەموو لایەك ، کات و زەمانی !
شـا و گەدا و پیر و گەنج لـە نێر و مێ
لـە هەر لایەکی جیهانەوە بێ
چەن بەختیارانە کۆ ئەکاتەوە !
خۆشەختی ئیتر سـا چۆن لێ نەتکێ ؟
خوێندن بـە بەرزیی ، باسی فراوان
مێشـکە ، دەروونـە ، لـەشـە ، ژیریی و گیان
هاتنـە ، ژینـە ، ڕەوا ناڕەوا
چوونە ، حیسابە ، ئەنجامە و هەڵسان(١)
ووشکانی و ئـاوە ، تێکڕای گیانەوەر
دیار و نادیار ، ژیان و بەشەر
پارچە بە پارچەی لەشی بوونەوەر
بوون و ناسینی زاتی پێکهێنەر
کـام زانکۆی دنیا تـا دنیا مـاوە
بـەرنامـەی کاری وا بـەر بڵاوە ؟

---

(١) قیامـــەت .

کام زانکۆ عەقڵ و دڵ و گیانی
مرۆڤی وەك ئەم وا زاخاو داوە ؟
کام زانکۆی دنیا بـە ڕاستیی و بێغەش
پشتا و پشت[٢] وەك ئەم دڵ وەش و ڕووگەش
بـە دڵسۆزانە بـە بێ جیاوازیی
ئادەمیزادی گرتۆتـە باوەش ؟!
خوشکی بەنرخم ، فەرزەندی « حەوا »
تـا بپرخێنی لـە شیرین خـەوا
کـز و دەس بە سەر ، بەند و دواکەوتووی
ڕۆژگارت شەوە و هـەر وای لـە شـەوا
ئەی برای پیاو ، تا لـە خوا دوور بی
ئەبێ گورگێکی لـە خامـە سـووربی
بکوژیت ، بتکوژن ، گوم کەی ، گومت کەن
زەدەی ئەشکەنجەی وێڵیی و سوور بی
ڕاستە ، هەر باسێك هەر چەن بەهێز بێ
باس و مەبەستی هەر چەن بەهێز بێ
هەرگیزاو هەرگیز وەکو « واقیع » خۆی
ناتوانێ هەست و جووڵە و گیان خێز بێ
خوشك و براکەم ، گەر حەق پەروەرن
گەر بـە « فطرة » نەك ڕوخسار بەشەرن
بۆ ئەوەی خۆتان لـە ڕاستیی بگەن
بۆ ئەم زانکۆیە سڵ مەکەن ، وەرن

(٢) جیل لـە دوای جیل بەرە لـە پاش بەرە •

« ئاوا ئەژیان »

سەیری مێژوو هەر چەن ئەکەم شەرمەسار و پێی پیر ئەبم
هەر چەن گەواهیی ئەبیسم پەست و مات و زویر ئەبم
بەر ئەبێتە گیان و لەشم ، تەزووی کاریگەری شەرم
چ بۆ ئێسنا ، ئای کە زیز و دڵگیر ئەبم !

لەمەو پێش من وام ئەزانی ئەم پلان و فێڵ و داوە
یەکەمجارە ، تازە بابەت ، خەڵکی تازە دایهێناوە
چینی ئافرەت ژێرچەپۆکیی ، چەوسانەوەی قەد نەدیوە
کەچی مێژوو کە دێتە گۆ ئەوەی ئەمڕۆ بەجێ ماوە

مەرافە و هەرا و هۆریا بوو ، خوشکم ؟ ئایا تۆش ئینسانی ؟
یان ئاژەڵێکی نەگبەتی ، بێ سۆز و هەست و گیانی ؟
مافت هەبێ عیبادەت کەی ، ئەکرێ بەهەشت تۆی تێ بچی ؟
هەر وەکو پیاو خاوەن دڵ و دەروون و عەقڵ و ویژدانی ؟

بە « باندۆرا »ی سەرچاوەی شەڕ حیساب و مامە ڵە ئەکرای
بە کەلێن و کەلەبەری هاتووچۆی شەیتان دا ئەنرای
بە دۆزەخی پڕ لە بەڵا ، کانیی نەنگ و هۆی سەرشۆڕیی
شانکزیی پیاو ، ڕیشەی تاوان ، بەناوبانگ بوو و ئەژمێررای

پیتاکێك بووی سووك و سادە بە دەس بازرگانانەوە
دەسا و دەسیان پێ ئەکردیت لەم یانە بۆ ئەو یانەوە
لەم بازاڕ بۆ ئەو بازاڕ و لەم وولات بۆ ئەوی دیکە
بەبێ هەست و خواستی خۆت بە نرخێکی هەرزانەوە

بەندەیەکی ماف زەوتکراو ، کەنیزەکێکی خزمەتکار
لە بازارا قنج ، ڕووت و قیت مۆڵیان ئەدان ، ئەهات کڕیار
سەربەستانە سەیری ئەکرد ، کامتان دڵی بیگرتایە
وەکو وولاغ ئەیدایە بەر هەم « ژنی ماڵ ، هەم کەری بار »

مافی خاوەندێشیت نەبوو ، مافی ئەوەت نەبوو فێر بی
لە میراتا ڕەوا نەبوو وەك براکەت تۆش جێگیر بی
میراتێك بووی ، یا بەشێك بووی لەو شتانەی بە جێ ئەمان
وەها باو بوو ژێر چەپۆك و بێبەش و نرخ و ئەسیر بی

کۆڕی مەی و پێڕی قومار ، لە مەیخانە کە ڕێك ئەخرا
براوە « ئێوە »ی لە جیاتی هەموو شتێ پێشکەش ئەکرا
دەوری ساقییش ، سووڕ و سەما ، ستران بێژی ، هەوەسبازیی
مەزەکردن ، خاڵگەیی ، بێتاقەتی پێ ئەسپێرا

بزەش لە لێو ، ئەسرین لە چاو ، قەدەغە بوون ، یاساغ بوون لێت !
بە کرێ ئەدرای پارە و پوولیان بێشەرمانە دەس ئەکەوت پێت !
گیانی زیندوو ، وێژدانی پاك ، ناوچاوی پاك ، گشت بە جارێ
ئێر ئەتەزن کاتێ مێژوو ئا بەم جۆرە لێتان ئەدوێت

نەیان ئەهێشت ساتێ بژیت بە ئازادیی ، بێ ئاهی کاڵ !
بــە ساوابی ، بە بێ تاوان ، بە زیندوویی ئەخرانە چاڵ !
بــە گەورەییش لەگەڵ پیاوا کە ئەو ئەمرد نەیان نێژان !
ئەسووتێنران ، ئەبوونە گەرد ، دەست و پەنجە ، ئەگریجە و خاڵ !

ئــا بەو جۆرە پڕ لــە جەورە سەدان سەدە و چەرخ ئەژیان
خوشکەکانم ؟ ئەو شۆڕشەی مافی سەربەستیی بۆ هێنان .
نەکەن هەرگیز بەدنمەك بن ، ئاڵاکەی جوان بەرز کەنەوە
بــا یەکسانیی ، با ئازادیی باش بپۆشێت بووکی ژیان

ئەو شۆڕشەی پلە و پایەی تۆ هێنــایە ڕێزی پیــاو
بێوێنە بوو ، خودایی بوو ، لەگەڵ « فطرة » دا ڕێك ، گونجاو
دە مــەردانــە لــە سایەیدا هەنگاو بنێ و گومڕا نەیی
بــە هاژ و هوژ تەفرەت نەدەن ، خۆت نەخەیتــە گێجی گێجاو

« گلەییم لێتە »

خوشکێ ، زیز مەبە لە باسی ڕاسیی
بۆیە ئەتدوێنم چونکە ئەساسی

دەمێکە بەنج و بێئاگا و کاسی
ئای ! ئای چەند نەنگە خاس خۆت نەناسی !

خوشکێ ، تۆ و پیاو لە نەفسێ خوڵقان
هەردوو پێکەوە بۆ بەهەشت بران
لە یەك سەرچاوە هەردوو دوێنران
کە هەڵەش ڕووی دا وەکو یەك دۆڕان

خوشکێ ، خواوەند وای ڕێکخستووە
بالات دارێکی جوانی هەڵچووە
بەرهەمی نایاب مرۆڤە ، مرۆڤ !
ئەم سەرزەمینەی پێ ئاوا بووە

خوشکێ ، بزانی و نەزانی وایە
ئافرەت بەرزترین کارگەی دنیایە
بەھ، لەو کارگەیە ، بەھ لە بەرهەمی
ئەو بێنموونە ، ئەم بێهاوتایە !!

خوشکێ ، سنگی تۆ کانیی ژیانە
سۆز و نازی تۆ تینی جوولانە
یەکەم مامۆستای خێزان و گەلیت
بــە ڕاستی ئەرکت ، دەورت ، گرانــە

خوشکێ ، یەك بە یەك لە پێغەمبەران
شاهان ، زانایان ، چاکان ، ڕابەران
ئایا ئەزانی ڕۆڵــەی ئێوە بوون ؟!
بــەژەك و شیری ئێوە گۆش کران ؟!

خوشکێ ، ئاخۆ تۆ بەوە ئەزانی ؟
ئــەو موژدە بەرزە « ئەحمەد » درکانی ؟
کــە « بەهەشت لە ژێر پێی ئێوەی دایکە »
ئــای خودا چەندێ بــەرزی خولقانی !

خوشکێ ، چەند نەنگە خاس خۆت نەناسی
بەندەی هەوەس بی ، ڕاکەی لە ڕاسیی
پلە شانی تۆ زۆر بەرز و شکۆن
یەك سوورەی قورئان ئێوەن سەرباسی

خوشکێ ، بێج لەوەی کارگەی ئینسانی
نیوەی کۆمەڵگە ، کێڵگەی ژیانی
جێگەی متمانەش ، بــەرگی پیاویت
نیوەی تەواوی قەڵای ئیمانی !

خوشکێ ، تەیموری لەنگ دنیای بەزان

هەزاران قەڵای سەربازیی ڕووخان
دەیان میللەتی تەفر و تونا کرد
کەچی بۆ دایکێک سەری دا نەوان !

خوشکێ ، بە « فطرة » پاك و بێگەردی
نەرم و نیانیت ، شەرمیینی ، مەردی
بێ نەنگ و لەکەی ، ساغ و دڵسۆزیت
گورج و چالاك و بەدەست و بردی

خوشکێ « ئاسیە »ی خێزانی « فیرعوون »
« مەریەم ، هاجەرە » یان « سارە » خاتوون
« یودا ، ئامینە ، فاتمە ، خەنساء »
ئەوانیش وەك تۆ هەموو ئافرەت بوون

خوشکێ ، یەکەم کەس بێباك و پەروا
کە خوێنی ڕێژرا ، باوەڕی هێنا
« سومەییە »ی یاسر ، (خەدیجە)ی زانا
هەر لە ئێوە بوون ، بەڵام ژیر ، دانا

خوشکێ ، « زەنیرە » هەردوو چاوی خۆی
بە ئەزیەتدان و لێدان لە دەس ڕۆی
دەستم دامێنت تۆش خۆت بناسە
خوشکم ، ها .. ئەمرۆ « زەنیرە » ئەتۆی

خوشکم ، یەکەم پۆل ئاوارەی ڕێی دین
بەرەو (حەبەشە) کەوتە ڕێ برین
هەندێکیان وەك تۆ ئافرەت بوون ، ئافرەت
حەیفە کە ئێوەش وەك ئەوان نەژین

خوشکێ « نوسەیبە »ی پڵنگی مەیدان
لەشکری چیای « ئوحود »ی بەزان
یەکێ بوو وەك تۆ ، بەس فەرقی تۆ و ئەو
بیرە ، ڕێگەیە ، جیهادە و ئیمان

خوشکێ ، شیرینی ، شیرین تر لـه قەند
سەلیقەداری ، بەرزیت ، بەهرەمەند
گـەر خۆت نەشکێنی شێری بەسامیت
سەنگەریت ، قەڵایت ، سەخت و پۆڵابەند

خوشکێ ، ئەگەر تۆ ووریا و ووشیار بی
بـە دڵسۆزانە پەروەردەیار بی
کۆمەڵـگە باش و هەق جیگیر ئەبێ
گەر تۆ گومڕا بی دنیاش تار ئەبێ

خوشکێ ، خاوەنی زۆر پلە و پایەی
گەنجینەی چاکەی ناو ئەم دنیایەی
دارێکی بەرزی پڕ بەر و سایەی
بۆ باوەڕداران چاکترین ئایەی

خوشکێ ، دڵـکێش و پەیکەری جوانییت
حوری سەرزەمین ، گوڵـی جیهانیت
حەیفە جوانیی و نرخ ، بەرزیی و بەهای خۆت
بـە فیڕۆیان دەی ، ڕێزیان نەزانیت

خوشکێ ، دیـاری دەمی ویـەردەی
لـە ڕێی خەباتدا درێغ نەکەردەی
مێژوو شایەتی مـەردایەتییتە
ڕێی ڕاستی خوا ئامان بەر نەدەی

خوشکێ مەردمگەل ئای هیوای پێتە !
هـەر کـە ئەبینێ ڕێی ڕاستیی ڕێتـە
دەتۆش ژیرانە هەنگاو هەڵـگرە
وەك ئێسـتاکە بی گلەییم لێتـە

« خوایـه »

خوایه بشکێنی دوو دەس ، دە پەنجەی
بـا لـە گۆ کەوێ زمانی خامـە
هی ئەو نووسەرەی ، هی ئەو هۆنەرەی
کومڕاهیی ئافرەت ئەکاتە پیشەی
بە تەنیا باسی جوانیی ، لەش ئەکا
کیژۆڵەی حەوای پێ سەرکەش ئـەکا

دەك بێ ڕەواج بێ بەرهەمی کاری
خوایـە هەڵپێچی دەزگـای گۆڤـاری
ئـەو دەروون پیسەی وێنەی ئافرەتان
بۆ خوێنـەرانی ئەکاتە دیاریی
لـە ژێر تاریکیی پەردەی هونەرا
لیتـەی لەکەیان ئەکات بـە سـەرا

خوایە گلاویی مەبەستی دەرخەی
بەرقی سووتێنەر لـە عەدەسەی دەی
ئـەو دەرهێنەرەی گیانیان ئەمرێنێ
دەزگاو دوکانی دەك سەرەو ژێر کەی
بـە ناوی شانۆ و فەننی نوواندن
بزوێنەی شەرم و حەیای مراندن

زمانی ، قوڕگی داخرێت ، لاڵ بێ
گیرۆدەی ئاخ و هەناسەی کاڵ بێ
ئـەو سترانبێژەی بەیتی ئافرەتـە
دەك دەمی پیریی دەرد و سواڵ بێ

با هەر ئەو گار بێ بەو بەزم و جۆرە
نەیەت بـە بیریـا بەیت و بالۆرە

جەرگی قرچەی بێ هەر باوکێ وا بێ
کوڕ و کچی لا لەیەك جیا بێ
ئەمیان بەند ئەکا و ئەویان بەرەڵلا
پەروەردەی کچی لا ناڕەوا بێ

لـە ژێر تەوژمی نەریت و بـاوا
کوێرانە ئەیکا بـە دەم گێجاوا

خوایـە نابووت بێ ، بێ یار و بێ کار
سووك و ڕیسوای کەی ، بێ شێو و قەرزار
ئەو بازرگانەی گیانی گەنیـوە
حەیای ئافرەتە « سلعە »ی بۆ کڕیار

وا ڕەنجی بدەی بـە ئـاوو بـادا
کە بیری کاسپیی نەیەت بـە یادا

جەرگ و هەناوی بدرێت بـە چڵـدا
دەك ڕەنجی بچێت بـە ناخی گڵدا

ئەو مامۆستایەی ڕێگەی سەربەرزیی
چینی ئافرەتی نایەت بە دڵدا
بە فەلسەفەی پووچ بیریان پڕ ئەکات
داری بەرداری ژیان زڕ ئەکات
نۆتەی ڕەشۆ بێت ، پەنجەی هەڵوەریێ
خوایە تالاّنکار ئالەتی بەریێ
ئەو مۆسیقارەی بۆ بەنجیی ئافرەت
دێتە تیپەوە و ئالەت هەڵئەگریێ
بە ئاوازەی پیس ئەیهێنێتە جۆش
بەزمی ئەبێتە هۆی شێوانی هۆش
دە با بەشی بێت کزیی ، سەرشۆڕیی
ڕێزی بە نزمیی و سووکیی بگۆڕی
ڕووڕەشی دنیا و نێو خەڵکی بکەی
قولاّیی دۆزەخ ببێتە گۆڕی
هی ئەو زانایەی ئافرەت پێشێل کا
بەرامبەر مافی خۆی گێژ و گێل کا

« خوای گەورە تۆ خودامی »

لەو کاتەدا بووکی شۆخی جوانی ژیان ئەملاوێنێ
لەو کاتەدا ئاسمانی بەخت بارانی هات ئەبارێنێ
لەو ساتەدا کۆرپەی نازدار بە دەس مەرگۆ ئەزیرێنێ
لەو ساتەشدا ڕۆڵەمردوو هاوار ئەکا و ئەقیژێنێ
خوای گەورە و پەروەردگار ! من تەنیا هەر تۆم لە یادی
لە سایەی بەزەیی تۆدا هەست ئەکەم بە بوون ، ئازادیی

لەو کاتەدا لێو پاراوە ، زەردەخەنەی لێ ئەبارێ
لەو کاتەدا دەروون و دڵ لە خۆشییدا ئەبنە شارێ
لەو ساتەدا پیکی مەینەت بە سەرما ئەدات چەند جارێ
لەو ساتەشدا گومی گۆمی بێهیواییم بێ کەنارێ
هەست و هۆشم قەت تێك ناچێ ، پەنا نابەم بە نەفامیی
خوای گەورەی پەروەردگار ، من تەنیا هەر تۆ خودامی

لەو کاتەدا سامان ، ڕۆزییم ، تەپیان بەرز بێ وەك گرد و کەش
لەو کاتەدا کە لەشساغیی بۆمی ئەکاتەوە باوەش
لەو ساتەدا خۆم ئەبینم نەخۆش و گەدا و ڕووت و ڕەش
لەو ساتەشا کەوا ناحەز بە زەبوونییم ئەبێ دڵوەش
هەر بەندەتم هەتا ئەژیم چ بە شادیی ، چ زویریی
خوای گەورەی پەروەردگار ، من هەر تەنیا تۆم لە بیری

لەو کاتەدا کە کلیلی کامەرانییم لـە گیرفانـە
لەو کاتەدا کورسی حوکمم ئاواتی هەموو شاهانە
لەو ساتەدا بە بێتاوان ژین لێم ئەکەوێ بەها:ە
لەو ساتەشا دایك و باوك و کوڕ و کچ لێم هەراسانە
باوەڕم قەت بەقەد یەك موو تێك ناچێ و هەر دامەزراوە
کەسێکە بە خوا نازانم ، خوای « بوون » لـە تۆ بەولاوە
لەو کاتەدا شیلەی شیرین هەروەکو هەنگ ئەمژم بێ‌غەم
لەو کاتەدا غونچەی ئومێد زاری بۆم دێتە گۆ دەم دەم
لەو ساتەدا نەهەنگی مەرگ بۆمی ئەکاتەوە سەد دەم
لەو ساتەشا جەردەی گیان بۆ دڵتەنگییم فوو کا لـە شەم
پـەنـا بەر هیچ هێزێ نابەم ، بە تەنیا هەر تۆ پەنامی
خودای گەورەی پەروەردگار! من تەنیا هەر تۆ خودامی
لەو کاتەدا هەڵپەی لەزەت ژێکانی دڵ دێنێتە دەنگ
سێڵەکانی لەشم هەموو لـە خۆشییدا دێنە ئاهەنگ
لەو ساتەدا کە زیندەوان سزای زمانم ئەکات لەنگ
لەو ساتەشا پێری دەبەنگ دنیام ئەکەن بە شەوەزەنگ
تۆ هەر تۆی و منیش منم ، ناسراوەکەم ، بێ‌سەرسامیی
بـەڵـێ خودای پەروەردگار ، من تەنیا هەر تۆ خودامی
لەو کاتەدا کە مەحەکی ژیریی و هۆشم لـە دەسدایە
لـە کاتێکا ئەزمۆنگەمە ژیانی نێو ئەم دنیایـە
لـەو ساتەدا لـە بەر مەستیی ناوی خۆمم بەبیرنایـە
لەو ساتەشا پەستم ، بێ‌هەست ، دیدەم ئیتر نابینایـە
بە دڵ ، بە زمان ، بە کوڵ،بە گیان نەکو کوێرانە،بە ژیریی
خودا هەر ئەتۆ خودامی ، بە تەنیاش هەر تۆم لـە بیری

لەو کاتەدا دار و درەخت چرۆ ئەکا و ئەژێتەوە
لەو کاتەدا سفرەی ژیان بۆ میوانان ئەکرێتـەوە
لەو کاتەدا کە زەرد ئەبێ و خەزانە و ، بەر ئەبێتەوە
لەو سانەشا میوانێتیی بە سەر ئەچێ و ئەبڕێتەوە

پڕ بە سەرنج ، بە ووردبینیی ، ئەمە دەڵێن هەست و گیانم :
خودایە هەر تۆ خودامی و هەر تۆش بە خودا ئەزانم

لەو کاتەدا پرچی تاتای ئاوات ئەبەستم بـە دەستە
لەو کاتەدا کە ناڵەی نەی دڵ ئەکاتە خەو بە بەستە
لەو ساتەدا لێوی تەمەن زەرد و شینە ، شینی خەستە
لەو ساتەشا مەلـی هیوا باڵشکاوو بەند و پەستە

من هەر بەندەم تۆش خودامی ، سبەت پێچی پێچەوانە
خودا ، داڕشتنم کزە ، چۆن کز نەبن ئەم دێڕانە ؟!

لەو کاتەدا ڕاستیی باوەڕ ئەم دنیایە ئەگرێتەوە
لەو کاتەدا لە بەر نەرمیی کە هەست و سۆز ئەتوێتەوە
لەو ساتەدا خەڵك لـە دەستی ستەمکاریی ئەتلێتەوە
لەو ساتەشا دڵی نەرم وەك بەردی هەم لێ دێتەوە

بوون بە هەر جۆرێ بگۆڕێ ، گۆڕان هەرچی بێ ئەنجامی
خودای گەورەو پەروەردگار من تەنیا هەرتۆ خودامی

« باوەڕی ئەوێ »

برام ، بەختیاریی هێمنیی ئـەوێ
ئەمیش بێ باوەڕ قەت دەس ناکەوێ
گەر بۆ ژینێکی پاك پەل ئەهاوی
هەرگیز نایچێژی بێ دامەزراویی

یەکیەتییت ئەوێ برایەتیی کـە
تەرکی پێچەڕێی دژایەتیی کـە
بێ دامەزراویش بەوانە ناگەی
بار لـە هەواری ئۆخەیدا ناخەی

برام ، سەرکەوتن بە سەر دوژمنـا
بـە بێ پاڵـەوان هەرگیز نابێ ، نـا
ئەی بێ قوربانیی پاڵەوانیچی ؟
ئەمیش بێباوەڕ قەت نایەتە دی

خۆشگوزەراینی ؛ دوورە بێ بەرهەم
بێ ڕەووشت بەرهەم هەم پیسـە و هەم کەم
ڕەووشت بێباوەڕ ناکاریگەرە
ڕمێکی تیژی هەناو کونکەرە

گەلت خۆش ئەوێ فەرموو دڵسۆز بـە
هەڵـگری بیری بەرز و پیرۆز بـە

بیر و دڵسۆزیی بێ تیشکی باوەڕ
تەنها دوو ووشەن پووچەڵ و بێ فــەڕ

گــەر گۆڕینکاریی بێ گــەردت نــەوێ
یاخۆ دەروونی بێ دەردت ئەوێ

بێ نەخشەکێشان خەیاڵی خاوە
نەخشــەی بێ باوەڕ هــەر ناتــەواوە

گەر حەز بــە حوکمی دادگەریی ئەکەی
ئــەبێ لــە یاسا و ڕێباز لا نــەدەی

یاساش بێ ویژدان خەوو خەیاڵە
ویژدان بێ باوەڕ قوتووی بەتاڵــە

باوەڕی ڕاستییش باوەڕ بــە خوایــە
ئەو خوایەی ئێمەی هێنایــە کایــە

تــا لەم باوەڕە بێ ئاگا و دوور بین
هەمیشە ئەمرین پێش ئەوەی بمرین

« هەڵفڕی .. نەمدی »

تەماشام ئەکرد کاتێ هەڵفڕی
بەنی ملوانکەی ژیانی بڕی

نابیناش نەبووم کەچی نەمبینی
پێش هەڵفرینی و پاش هەڵفڕینی

لـە بـەر دەمما بوو فڕی ، هەڵفڕی
نامەی پڕ هیوای ژیانی دڕی

گەر بڵێم نەبوو درۆ و ستەمە
بۆچ تا ئەو بوو ، بوو ؟ ئەی من بۆچ هەمە ؟

هـەیبوو ، بۆیـە بوو ، کە فڕی نەمـا
کاتێ هەڵفڕی خستی بـە دەمـا

زۆر کەس لەوێ بووین کاتێ هەڵفڕی
تەنهـا مایەوە قابلۆغی سڕی

سـەرنجیشمان دا هەموو بـە ووردیی
لەگەڵ ئەوەشدا کەسمان نەماندی

هەموو هەمانە کەچی نابینین
زۆر ئاشکرایشە کـە نابینـا نین
هـەر لـە پاڵیـا بووم کاتێ هەڵفڕی
دای لـە شەقەی باڵ ڕۆیی و تێپەڕی

بەڵام نەمدی ، نە ، هەر چەند سەیرم کرد
هەر چەند هەوڵم دا هیچ پەیم پێ نەبرد

ئەمزانی هەیە نەمزانی چۆن بوو
کەچی لەوێش بووم کە هەڵفڕی و چوو

کە هەڵفڕی و ڕۆی ، کەوتینە ڕۆ ڕۆی
ڕۆیشتەوە بۆ لای خالقەکەی خۆی

« نازکە »

« **فضیله » • کۆرپەم ، ئەی کیژۆڵەکەم**
تازە پاگرتەی نـەرم و نۆڵەکەم
ئەی گیان خاوێن ، فیترەت نەشێواو
لـە ئەندێشـە و ئێش دەروون چۆڵەکەم

ئادەی خنەت بێ ، بۆ خۆت شادیی کـە
دیق بە ناحەزی ڕێی ئـازادیی کـە

ئەی دوور لـە تاوان ، هەی ڕووخۆشەکەم
پەروەردەی باوەش ، هەی نازنۆشەکەم
ئەی دڵپـاکەکەی ساتێ ڤین نەدیوو
دەنگـە ناسکەکەت بێ بۆ گۆشەکەم

پێکەنە و هەر چۆن هەیە بێرە گۆ
بـا منیش ساتێ دڵخۆش بم وەك تۆ

دەمەکەی کورتە ، کۆرپـەم ، منداڵیی
تیایـا بـاڵ بگرە زۆر بـە خۆشحاڵیی
ڕۆڵـە ، دایکی ناز دەمی وازە بۆت
بمژە سەرگۆنای بێگەردی ئاڵـی

بە ئارەزووی خۆت بجووڵێ ، نـاز کـە
بە زەردەخەنە دایم لێو واز کـە

دوو ، سێ ، ساڵی تر ئەو کەیف و نـازە
ئەو پەریی بەختە کـە خەندەسازە
بە جێت ئەهێڵێ ، بێ دوعـا خوازیی
هەتا تۆش ماوی نایەتۆ تـازە
دەی ڕۆڵـە ئێستـا شـادیی بنوێنـە
منی غەمگینیش سـاتێ بدوێنە
« **فضیلە** » **ژیان ئەسڵەن گوڵزارە**
ڕازاوەی نەخشەی پەروەردگارە
هۆی پیسیی و بەدیی کۆمەڵـگەی کوفرە
کـە بۆتـە بێشـە بۆ گورگەهارە
ڕۆڵـە ، ئێستـا تۆ پەپوولەی ژینی
بفڕە ، بێ بۆ لام ، دەك غەم نەبینی

« باوەژندارم »

هەموو ڕومەتگەش ، گۆشتن ، نەرم و نۆڵ
بازو و قایم و زیت و گورج و گۆڵ

بە لێویانەوە شادیی خۆی ئەنوان
خۆشبەختیی ژینیان قاقا ئەیدرکان

گشت پۆشتە و پەرداخ ، ئارایش دراو
قـژ دانار دانار ، پـاك ، شانەکراو

بـە یاری کردن پێـکدا ئەورووژان
سەربەستیی سـۆز و گیانی ئەجۆشان

لـە نەرمیی دەنگ و لـە ناسکیی گەروو
کۆڵان پڕ بـە خۆی کامـەرانیی بوو

چەند خۆشە ژینی تافی منداڵیی !
گەر نەخرێ مەلی هیوای سەد باڵی

ئەویش لەولاوە چۆکی دادا بوو
لـە گۆمی غەمی خۆیا خنکا بوو

پەست و کپ و مات ، پەشێو ، غەمگین
لاواز و ڕەنگ‌زەرد ، بێ‌جووڵـە و بێ‌تین

لـە زەردیی چاویا ئازار دیار بوو
گرژیی ڕوومەتی هەمووی ئازار بوو

گۆنـا و لێو زەردەڵ ، ڕەنگ و ڕوو ژاکاو
برۆ و برژانگ کورت ، دەست و پێ قڵشاو

پێڵووی بـە زەحمەت بەرز ئەکردەوە
لێوی تۆ بەستەی نەئەبردەوە

نینۆکی شینی چڵکی تێ زا بوو
ئەم دیو و ئەو دیو دەستی ڕووشا بوو

مل و گەردن سیس ، ڕووتەڵ و چڵکن
سەر و قژ شێواو ، ڕشکن و کوڵکن

جل و بەرگی تەنگ ، کورت ، پینەکراو
یەخەی بێ قۆپچە ، سەرقۆڵی دڕاو

پێم گوت : ڕۆڵەکەم ، هەڵسە ، یاریی کە
خۆشیی ژیانـە ، تۆش بەشداریی کـە

تۆ بڵێی باوکت یان دایکت هەرگیز
ئەگەر یاریی کەی زویر بن یان زیز ؟

بـە گریانەوە ڕووی کرد بەو لاوە
« باوەژندارم دایکم نەماوە »

چەندم حەز ئەکرد لەسەر لێوانی
بزە بوومایە نەك بە میوانیی

هیوا بوومایــه بــه سەد نــازەوە
لــە ناو سینەیدا دەم بــە ڕازەوە
هەتــا ڕەهێڵەی سەختیی زستانی
پێم بگۆڕایە بــە کامەرانیی
خۆزگە سەربەستیی ، ئازادیی ئەبووم
بــە نێوچاویەوە هــەر لا نەئەچووم

« گوێی فیتره »

ئەگەر نەتبینم سەیر نییە خوایە
کەم و کورتییەکەی هی نابینایە

که ڕووی ئاوێنه ژەنگ دایرزێنێ
خۆر بەو ڕوشنییە هێشتا نایبینێ

ئاوێنەی گیانی منیش فەوتاره
ژەنگی تاوانی لـه ڕوو ئالاوه

پێوەر ، تەرازوو ، که ناتەواو بن
گچکه و ژەنگاویی و لار و شکا و بن
هەمیشـه مایەی ئەشکەنجه و تێشن
نـه ڕاست ئەپێون ، نه ڕاست ئەکێشن
پەنجەرەکانی ژیریش تیـا چوون
ژەنگی ئارەزوو توند دایخستوون
گیانیش نەتبینی وا نەبێ نەبی
هۆی کوێریی گیانـه ئەمیش بـا ڕەبی
که بێژنگ ئاوی تێدا ناوەستێ
یان ئاو به ئاگر هەرگیز نایبەستێ
وای ناگەیەنێ گوایا ئاو نییه
بەڵـکو نەشیاوه و بار گونجاو نییه
بـەڵام گوێی فیتره لـه کپی ناخا
دەنگی به نەرمیی دێت به دەماخا

هێمن ، هەمیشە ڕای ئەچڵەکێنێ
ئەمەی پێ ئەڵێ و تێی ئەگەیەنێ :
ئاش بێ ئاشەوان لــە گەڕ ئەکەوێ
ئاشەوان نەبێ ئەی ئاش چۆن ئەبێ ؟
نابێ دروستکراو بــە بێ دروستکەر
چۆن ئەبێت ڕووداو گەر نەبێ ڕوودەر ؟
ئەی چۆن بزووتن بێ بزوێنەرە ؟
یاسا نیشانەی یاسادانەرە
لــە « نەبوون » سێبەر قەت پەیدا نابێ
گەر بۆی بپرسیت وەڵام « نــا » نابێت
بوونی من بەڵــگەی بوونی تۆی تیایــە
ئەی من چۆن ئەبووم تۆ نەبوویتایە ؟
خوایە ، کە باسی بوونی تۆ ئەکەم
زاخاوی گیانی خۆمی پێ ئەدەم
بــە بلیۆنەها کورتــە باسی وا
خودایەتیی تۆ کەم و زیاد ناکا
خوایە ، ناوی تۆ تاکە کلیلە
خوایــە ناوی تۆ تەنیا دەلیلە
قوفڵی گیانــەکەم سووك ئەکاتەوە
ڕێگەی دوور درێژ نزیك ئەخاتەوە
خوایــە ، ناوی تۆ تەنیا چرایە
ڕۆشن کاتەوە ئـا ئــەم دنیایــە
خوایــە ناوی تۆ ساتێ ئەهێنم
پێم وایــە هەردوو ژین ئەدۆڕێنم

« تاوانی مرۆڤ »

براکەم ، ستەم لـە ڕێوی مەکەن !
سەرنجی فێڵی ئادەمیزاد بـەن
لەم بوارەدا ناگات بە قولیـا
لار و خوار و پێچ ، سەرچاوەی گۆبەن

کام دڕندەی کێو وەك مرۆڤ دڕە ؟
کەی چنگی وەك ئەم بەنی دڵ بڕە ؟
لەگەڵ هاوچەشنی کەی وەك ئەم مڕە ؟
کام ڕەگەز وەك ئەم حاڵیان وا شڕە ؟

کەی بوومەلەرزە ، هەرەس ، ڕەشەبـا
کار و زیانیان ئەگاتە بۆمبا ؟؟
لـە چەند ساتێکا ملیۆنەها کەس
لـە ژیان ، لـە بوون دەر ئەکا و ئەبا !

ڕاستە کە لافاو ئەگرێت دەشت و دەر
ڕاپێچی ئەکات هەرچی بێتە بـەر
بەڵام ناگاتە هێرشی مرۆڤ
هەر کە دەستی بێ و بۆی بچێتە سـەر

بەڵـێ ، مار ، دووپشك ، پیسە ، چەپەڵـە
گازی ، چزووەکەی ژاریان لـە گەڵە
کەی وەکو مرۆڤ هەموو کارێکی
ژاراویی گیانە و مەرگی تێکـەڵە ؟

ئاگرم دیـوه کڵپه ئەسێنێ
دار و دیوار و بەرد ئەسووتێنێ
بگرە لـە ئاستی چەتوونیی مرۆڤـا
لـە شەرما کڵپەی سووك بوەستێنێ

ئەڵێن : چەندەها دەرد و بەڵا هەن
بـە ملیۆنەها گیان لـە ناو ئەبەن
نـەء ، لـە تاوانی لـەناوبردندا
هەرگیزاو هەرگیز بـە مرۆڤ ناگەن

ئەو میکرۆبانەی خوراکیان جەرگە
دیاریی دەسیان مەرگە ، بەس مەرگـە
لـە چاو مرۆڤدا دەك کاریان ڕاس بێ
زمان سەبارەت تاوانی لەنگە !!

ئەڵێن پشیلە پیس و سپڵەیە
بێ مەیل و وەفا و داییم دەڵەیە
من ئەم خووانەم لـە مرۆڤدا دین
ژبنیی لـەمانەو ، پڕ لـە هەڵەیە

بەڵێ ، بوونی مێش نەخۆشیی تیایە
پیس ئەخوا و ئەژی ، سروشتی وایە
ئەڵێم : سەد خۆزگە تاوانی مرۆڤ
تەنیا بـە تەنیا نەخۆشیی بوایە

بێ باوەڕ بە خوا مرۆڤ شتێکە
سەرچاوەی تەنیای گشت نەگبەتێکە
قەت چاوەنواڕیی چاکەی لێ نەکەی
توخنی نەکەوی ، هەر سڵی لێکە

« مژدەی یار »

لە کێڵگەی دڕکی پەستیدا کە هەمیشە جێگای من بوو
لـە چۆڵـەوانیی سەرنجدا کە شەوو ڕۆژ ڕێگای من بوو
چاوەڕێی کاروانی غەم بووم کە ئالوودەی نیگای من بوو
دەستەئەژنۆ دانیشتبووم دەمێ بوو کە کۆگای من بوو

★ ★ ★

یادی سەرسەختیی و بەدبەختیی ، باری نالەبارم ئەکرد
یادی کزیی مەرد و زانا و هاوەمان و یارم ئەکرد
مەرهەمی پارچەی جگەر و کۆنە زامی پارم ئەکرد
یاد و بیری فێڵی ڕۆژ و ترسی شەوگارم ئەکرد

★ ★ ★

زۆر بـە عیشـوە و لار لەنجە ، وەك نەسیمی بەر بەیان
لێم پەیدا بوو یاری دڵسۆز ، زۆر لـە سەرخۆ ، نەرم و نیان
چۆڵیی نەجدی ئاوا کرد و شووشەی پەژارەی تێکشکان
هاتـە خەندە ، شیرین گوفتار ، پەردەکەی بێ دەنگیی دڕان :

★ ★ ★

غەم مەخۆ ، هەڵیە ، نەهاتیی لەشکری تەفر و تونایـە
سەرکەوتن ئیتر لەمەودوا بۆمەردانی ڕێی خودایە
ئاوازەی بانگی یەكگرتن لـە ناو گەنجانی گەلدایـە
ژیر و ڕۆشنبیری گەلان هەڵگری ئاڵا و چرایـە

★ ★ ★

خوێنی ئازیزانی وولات کە ڕژا خاکی ڕەنگین کرد
بۆتە نەسرین ، لالەو و چەمەن ، دەشت و دەری سەوز و شین کرد
دۆست و دڵسۆزانی شاد و ناحەزی مات و غەمگین کـرد
بیر و گیانی هێنایە جۆش ، ژیر و ووریای فێری ژین کرد

★ ★ ★

دایك بە ذکری تاکیی خوا دێتە گۆ بۆ لایە لایە
کۆرپـەی ساواش بەو سروودە ئەها لـە شیرین خەودایە !
مامۆستاش بۆ شاگردانی ڕابەری ڕێگەی خودایـە
ئـەم بار و دۆخ و کۆڕانە ، لە ڕاستییدا جێی هیوایـە

★ ★ ★

خەڵك تێ گەیی بازاڕی ژین چەند شپرزە و پڕ هەرایە
سات بـە سات چاکتر تێ دەگات دوور لـە ڕاستیی و نابینایە
زۆر بـە ووردیی سەرنج ئەدات ، کار و پیشەی هەر سەودایە
لـە ئەنجاما کۆمەڵ کۆمەڵ ڕوو بە ڕێی راستی خودایـە

★ ★ ★

هێز و ئارامی دەروونم سەر لـە نوێ جێی گرتەوە
هەڵمەتم دا چاویم ماچ کرد ، چونکە مزگێنیی بەوە
گوتی : ئەمە جێی تۆ نیە ، بە سەر چوو چەرخ‌و شەوە
ئیستا کاتی هەوڵ و ڕەنجە ، هەڵسەوە ، دەی پێشکەوە

★ ★ ★

خۆر بە تینە و پەیکەر لە مێو ، هەر ئەبێت بتوێتەوە
یەك ئەگرین بەهاوکاریی ڕێگەی بەسراو ئەکرێتەوە
سۆ و ئێشی زام ، جێگەی قەمچی ، گەردن کەچیی بە سەر ئەچێ
کە سەرکەوتین وەك کۆنە خەو لە یاد ئەچێ و ئەبڕێتەوە

تۆوو ئاوو خاك كە هەبن ، خۆر هەمیشە دابگیرسێ
ساڵ گونجاو و پەڵەی دا بێ ، حەیف نییە جووتیار بوەستێ ؟!
ڕێ و هۆی چاندن کە لـە بار بن ، گرانیی ئەژنۆی شکابێ
خەرمان کە وادەی شەنی بێ ، لـە برسێتیی بۆچ بترسێ ؟!

مزگێنیی یار ڕای تەکاندم ، شووشەی پەزارەی شکاندم
تین و توانای پێ دامەوە ، هەست و بیری پێ بزوواندم
دەستم دایە جووت و چاندن ، شەوم گۆڕا بە ڕۆژی ڕوون
ژیانم بە جارێك گۆڕا ، بەو مژدەی یار پێی گەیاندم

«تا گەنجیت»

خوشکەکەم ! ئێستا بەهاری ژینتە ، گەشاوەی ، گەشی
گوڵی سەدتەرزی ، ڕازاوە و بەرزێ ، جوان و بۆن وەشی
زەردەواڵە و مێش ، کوللە و مێشوولـە لەپەلاسدان بۆت
گەر ووریا نەبی دووچاری لەکە و دواڕۆژی ڕەشی

★ ★ ★

سبەی پاییزە ، هەورە و تەمە و دوو ، زوقم و تەزینە
سیسیی و ژاکاویی و گەڵاڕێزانە ، کاتی وەرینە
ئەو کاتە هیچکام نایەن بـە لاتـا ، حەشات لێ ئەکەن
خوشکم ؛ ئەوانە کار و پیشەیان بەس دەسبڕینە

★ ★ ★

خوشکم ! ئەوانەی ئێستا تامەزرۆن بۆ یەك نیو نیگات
ئامادەن ببنە کۆچی قوربانیی هەنگاوی ڕێگات
گەر نەخوازەڵڵا بەر دەسیان کەوی و تاسەیان بشکێیت
بەرەڵلات ئەکەت ، دەربەس نین دۆزەخ ببێتە جێگات

★ ★ ★

خوشکم ! ئەبینی تۆ بە چاوی خۆت گوڵ و گوڵاڵـە
کامیان قەشەنگ و جوان و بۆنخۆشە ، ڕەنگین و ئاڵە
لـە سەرەتاوە چەندە تاسۆخە ، چەند بازاڕ کەرمە !
کـە ژاکا جێگەی تەنەکەی زبڵە ، سەنێرگە و چاڵە

★ ★ ★

خوشكم ! گێل مەبە ، لــە هەموو لاوە شكارە ، ڕاوە
ڕاوكەر چەتوونە ، لــە هەموو جۆرێك دانەی داناوە
بۆ ئێوەی نێچیر ، گەر وووریا نەبن زوو پێوە ئەبن
ئەو ڕێیە بــە گوڵ ڕازاوەتەوە بــە داو تــەنراوە

خوشكم ! تا گەنجیت مۆتەكەی پیریی یەخەی نەگرتووی
تــا غونچە و گوڵیت ، بــا و زوقم و سەرماتیفی نــەبردووی
ڕێگەی حەقیقەت هەم بگرەوە بەر ، هەتاكو دوێنێ
تۆ دایكی « مووسا ، عیسا ، موحەممەد ، علي ، عومەر » بووی

خوشكم ! نابینی سەدەها ئافرەت ، پیری ئۆفتادە
چۆن دەس ڕا ئەگرن ئەپاڕێنەوە ، لە كۆڵان ، جادە
بۆ پارەی نانێك سكی پێ تێر كەن ، هەر وەك تۆ گەنج بوون
بەڵام زوربەیان مەستانە ئەژیان ، بە بەزم و بادە

هەتاكو گەنج بوون ، جوان و دڵفڕێن ، تا شای تەمەن بوون
شەوچەرەی « مەلها » و « ئەستێرە » گەشی ئاسمانی فەن بوون
لای هەرزە و نەزان ، نموونەی ژین و زۆر بەهرەمەن بوون
پیریان لــێ نیشت بەرەڵلا كران ، ڕیسوا و بە پەن بوون

خوشكم بۆچ ئێستا خاوەن گوڤارێك ، نووسەری شانۆ
ڕۆژنامــە نووسێك ، تیپێكی نوواندن ، لێدەری پیانۆ
سەربەستیی خوازێ ، یان داواچیی ماف ، خۆیان تێك نادەن
بۆ ئەو پەك كەوتەی دوێنێ شۆخێ بوو نازك تر لە تۆ ؟!!

خوشكم ! ئەترسم تۆ وا تێ بگەیت غایەیت ، مەبەستیت
ئێستا ئەبینی جێگەی سەرنجیت ، قیبلەی بەدمەستیت
گەر مایت و پیر بوویت ، لـە دنیا گەیشتی ، بۆت دەر ئەكەوێ
یاربیەكی كاتیی و هۆیەكی سادەی تاسە و هەوەسیت

خوشكم ! ئەو چەكەی تۆ بپارێزێت ، لە دز ، لـە بەدخوو
باوەڕە بـە خوا ، هۆش و ژیریتە ، نەوەك ئارەزوو
لـە ژێر ڕۆشـنایی تیشكی باوەڕدا بـە بنچینەی
خێزان پەروەریی ، مامۆستای وەچە ، دایك و كەیبانوو

« بەرگە کەتان »

خوشکەکانم ! خۆرەکانی دەمی ڕوونی ئاسۆی ژیـان
به بەرگی بێوێنەی موسڵمانانەوە
بوونەتە گوڵاڵـەی گەشی پاراوی گوڵزاری قورئان
دەسا ئادەی بەو بەرگـە جوانانەوە
بنــە ڕابــەر و پێشڕەوی چەلەنگی کاروانی ئیمان
بە دڵـی پڕ پڕ لـە باوەڕ ، بە بەرگی جوانی شۆخ و شەنگ
بە ڕوویەکی پڕ لـە حەیای بێگەردی سپیی خۆری ڕەنگ

وەك پەپوولەی نەخشینی باغچەی بەهەشت
یان وەکو مانگی چواردە شەو لـە ناخی کپی شەوەزەنگ
بەرخۆلـەکان قوتار بکـەن لـە چنگی گورگی لەکە و نەنگ
بگۆڕن ژیانی شار ، لادێ ، دەر و دەشت
هەڵبێن بۆیان ، ڕێ ڕۆشن کەن ، سەنگی بێ دەنگ بهێننە دەنگ
بۆ کێڵگەی باوەڕ ، دە بنە شەماڵ و وەشت

نیشانەی مرۆڤایەتیی ، بەڵگەی مەردایەتیی ، ئێوەن
شەهدی سپیی مێشنەدیوی پاکی بێگەردی ناو شووشەن
لـە بەهادا ، لـە ڕەوشتا ، لـە ئەدەبا
شەرمەزارن ، کز و ملکەچ ، بێ ڕەواجن ، بێجا ئەکەن
سەربەستیی خوازانی ڕۆژهەڵات و ئەورووپا
زێڕ و ئەڵماس ، بەفری کوێستان ، شەکر و نوقڵ ، چکلێت و قەن
گەنجانی سەرگەرمی مۆدێلی ئەمریکا

ئێوەن هێمای پاکیی مرۆڤ ، داوێن پۆختیی ، شەرم و حەیا
چرای شەوی ڕێگای بیابانی گومڕایی
بە کردەوە بەرزکەنەوە سەری ڕۆڵـەی ئادەم ، حەوا
بە گوڕ ، بە جۆش ، ئادەی « خەنسا » ئاسایی
هادەن دە ڕۆڵـەت ، بـا بگرێتە ئەستۆ ئەرکی دینی خوا
بەشەریەت بەجارێ بگات بەئامانج ، بـە هیوا
خوشکەکانم ! بەرگی شۆڕی پۆشتەیی و سرپۆشی ئێـوە

تایبەتمەندیی کاروانی باوەڕی ڕاستیی وا پێوە
ڕەمزی پێشکەوتنە ، هی ئینسانییەتە
نیشانەی فامـە ، هی شارستانییەتە
ئاڵایـە بۆ ئەو کاروانەی کە شەو و ڕۆژ وا بە ڕێوە

بۆ زڕاندنـی خەوی قورسی مەلایین چاوی خەواڵوو
بۆ دانانی قوتابخانەی هەزاران بـەرەی داهاتوو
بۆ گرتنی سەدان کەلێن ، کەلەبەری بێ ڕێ ، بێ جێ
بۆ ڕزگاریی ڕاستەقینەی هەردوو لامان چ نێر ، چ مێ
بۆ دەوای دەردی ئەم حاڵە سەغڵەتە
بۆ سووکیی باری ئەم ژینە زەحمەتە

خوشکەکانم ! دەتان بینم ، لـە کاتێکا دەر دەکەون
«جێ‌نشینیی » دێتـە یادم ، دڵ ، ڕۆح ، دەروون ، تێر ئەسرەون
ئاونگی بەهار و پرشنگی خۆرەتاو
گوڵزاری ڕەنگینی قەد بەرەڵڵانەکراو

حوری باغی بەهەشت ، دێنە گلێنەی چاو
شەپۆلی ڕووی گۆمی مەنگن ، ئەستێرەی تاریکە شەون
داری ژینن ، بـە ڕەشەبا ، هەرگیزا و هەرگیز نانەون
فریا کەون هانایە بێ خەڵکی خنکاو
دەست درێژ کەن بەرەو دەستی دیدەبەسراو

★ ★ ★

بەرگەکەتان پیرۆزتان بێت ، ئای کە جوانە ! دە بیپۆشن
بیسەلمێنن موسڵمانن ، خاوەنی باوەڕو هۆشن
تانە و توانج بخەنە ژێر پێتانەوە
بڕۆن بە دەم باوەڕی بە جێتانەوە
وەکو خۆری دەم بەیانی هەموو لایەك بکەن ڕۆشن
تـا ناحەزان باش تێ بگەن بێ هوودەیە « نیر ئەدۆشن »
بەش ڕزگار بین لـە نێو چنگی شێتانەوە

★ ★ ★

خوشکەکانم ! هەی ئـومێدی گرۆی مەردان ، تێـکۆشەران
کێلگەی جوانی ڕەنج و هەوڵی دوور و درێژی پێغەمبەران
گەرد و باری زۆر تۆبەستەی لێوی ووشکی خەفەتوەران
ئاودێریی کەن ، بژار بکەن ، بێننە ئەنجام
تـا وای ئەکات شەونمی شەبەقی ئیسلام
تەڕ کە ، بسرە ، هەی پزیشکی زانای بەفام
تـا دێتە دی هیوای ڕەنجی گشت ڕەنجـەران
بـا بگۆڕێ سەرابای ژیان ، گوزەران

« بیرێ کەرەوە »

شاگوڵی جوانیی ژیانی دنیا ، هەی بەرگی پیاو
ئەی نازکێشەکەی کۆرپەی ناو بێشکە ، شەوان خەو تۆراو
ئەی بە ئارامی قەد وەڕس نەبوو ، ئەی سەرچاوەی سۆز
ساتێ بە ووردیی واقیعی ئەمڕۆت بێنەرە بەر چاو

* * *

تۆ خۆت لە خواوە دورڕێکی پاکی ، باریوی وەشتی
چنووری چیایت ، وەنەوشەی شیوی ، نەرگسی دەشتی
هۆی دڵئارامییت ، هێلانەی هیوایت ، مایەی سرەوتی
لەم دنیایەدا تەنیا تۆی هێمای حووری بەهەشتی

* * *

بەرز و شیرینی ، جوان و دڵرفێن ، بەسام ، بەهادار
تۆی ئەو ئەڵقەیەی ئەکاتە خزم نەدیتووی ئەغیار
ئیتر چ پێویست بەو بەزم و ڕەزمەی کردووتە خولیات
مەردی خوا بە لەوە زیاتر خۆت مەکە ئەوگار

* * *

بیرێ کەرەوە لە واقیعی خۆت ، بیرێکی ڕۆشن
بە دوای مۆدێلا بۆچ تا ئەو ڕادە شەیدا و مەدهۆشن ؟
مۆدەی ئەمریکا و ئەوروپا تاکەی بیرتان وێران کا ؟
جێی ئاخ و ئۆفە ئەو بەرگە پیسەی ئەمڕۆ ئەیپۆشن ؟

سەر و سنگ و مل ، قۆڵ و قاچ و قول ، هەموو ڕووت و قووت
قژ هەر ڕۆژ ڕەنگێ ، دە ڕەنگ ئەنوێنێ دەم و چاو و ڕووت
لە بەر چی بۆکی ؟ مەبەستت چییە ؟ چۆن بێزار نابیت
دوانزە مانگەی ساڵ ڕەنگ تێکەڵکردن بۆتە پیشە و خووت !

* * * *

بە لاف و گەزاف پێشکەوتنخوازیت ، سەربەست و ڕزگار
کەچی مۆدێلباز ، لەش دانەپۆشراو ، لە بەر دەس کڕیار
خۆتت کردۆتە « سلعە »ی ناو بازاڕ مەگەز بە دەورا
ڕەنگە نەشزانی بەم کار و ڕەفتەت نرخت دێتە خوار ؟

* * * *

خوشکم ! بۆچ جوانیی بۆدرەیە و بۆیە ، ڕووتیی و قژ و مل ؟
نینۆکی درێژە ؟ ئەبرۆی دەسکردە ؟ یان قەڵەم و کل ؟
پانتۆڵی تەسکە ؟ سنگی بەرەڵلا ؟ یان لاقی بێ موو ؟
بەد ڕەوشتییە و لەنجەی سەرجادە ؟ یان پیلاو و جل ؟

* * * *

نا ، نا ، جوانیی ڕاست نەرم و نیانییتە ، ڕەفتار چاکییتە
کار و بەرهەمە ، خۆداپۆشیین و داوێن پاکییتە
خێزان پەروەریی ، مامۆستایەتیی ، بیر و سەرنجە
ڕێزی خۆ زانیین ، سەربەرزیی و ژیریی ، خوداناسییتە

* * * *

کەی داوێن پاکیی ، پۆشتە و پەرداخیی ، بەها پاراستن
تۆ لە دا هێنان ، لە کار و زانست پێ و دەس ئەبەستن ؟
حەیا ، ڕووسووریی ، لە گورگ خۆ لادان ، ڕێگەی هەق گرتن ؟
لە ڕێی پێشکەوتن کەی ئەبنە کۆسپ ؟ یان بۆچ بەربەستن ؟

* * * *

خوشکم ! جوانیی لەش گەر دڵان هەموو بێنێتە لەرزە
تاسە و ئارەزوو ، هەست و لیوی ووشك بێنێتە بزە
ڕەوشتی بەرز و کرداری پاکی لــە گەڵدا نەبێت
پەیکەرێکە و بەس ، بــە ڕەواڵەت جوان ، بێ تینە و ووزە

* * * *

بۆچ خۆت ئەکەیتە نیچری ڕاوی ڕاوچی ویژدان
بۆچ خۆت ئەخەیتە گێج و شەپۆلی دەریای بێ ئامان ؟
چاوێ هەڵبێنە بێ کەڵك و بەکەڵك لێك جیا کەرەوە
هەم خۆت کەرەوە نازداری « حەواء » دایکەی ئینسان

* * * *

ئــەو هەموو کاتەی بــە بۆیەکاریی بــە سەری ئەبەیت
ئەو بەزم و ڕەزمەی لــە سەر زیادە تۆ ڕێکی ئەخەیت
بۆ کاری چاکە ، پەروەردەکردن ، بــە کاری بێنیت
پێی سەر بــەرز ئەبی ، ڕووسووری دنیا ، خواش ڕازی ئەکەیت

« گوایا سەربەستیت ؟ »

مەرجە ، تا ساتێ دەم کەوێ لـە گۆ
بانگی ڕزگاریی لـە منەوە بۆ تۆ
بەرز و زوڵاڵ بێ ، هەتـا ڕۆژێ دێت
لـە « ڕاستیی » ئەگەیت ، نابیت دەسخەڕۆ

* * * *

بەش چاو هەڵبێنی ، بیرێ کەیتەوە
بە مێشك نەك تاسە شت لێك بەیتەوە
لـە ساختە و فێڵی « ڕێوی » تێ بگەیت
نرخ و بەرزیی خۆت هەم دەس خەیتەوە

* * * *

گیز و گوڵەنگی سەما و خۆبادان
تەپڵ و موسێقای ئاهەنگی شەوان
هونەری سووو دەسکەوتی مەلهـە
نابنە هۆ و ڕێگەی رزگاریی ئینسان

* * * *

نیگای مەی‌نۆشی بەدمەستی تینوو
چەپڵە و هەلهەلەی کڵپەی ئارەزوو
فیکە و هاواری ویژدان گەنیوان
هەمووی نابێتە یەك تك ئاوەڕوو

سوراحیی و پەرداخ ، **بەزمی مەیخانە**
شەوی پەمەیی باوشی بێگانە
بـە چی سەربەستیی تیـا بـە دی ئەکرێ ؟
ساتێکە و هەوەس هـا تکی گیانـە

* * * *

مەلەی « وەرزش » یی گوێی چەم و ڕووبار
پریکە و قاقا بۆ « کەیف »ی ئەغیار
یانەی « تەعاروف » !! ئامۆشۆی « هاوڕێ »
نرخەکەی ئێوەن ، ئـا ٠٠ ئێوەی هەژار !

* * * *

پـەخشـان و ڕازی ناو نامەکاریی
ئابڕووتکانی تافی دڵـداریی
لەنجەی سەرجادە ، گەڕانی بازاڕ
چەپکێ ئازادیی نادەن بـە دیاریی

* * * *

تیشکی عـەدەسەی بەهانووی هونەر
پەیڕەویی ووتـەی ئاغای دەرهێنـەر
پەیام و وێنەی ڕووتی ناو گۆڤار
تاجی بەختیاریت قـەد ناکەنە سـەر

* * * *

ئارایشدانی جل و بەرگ و لەش
یەکسانیی لار و تێکەڵیی سەرکەش
پەیژە و قۆناغن ، هۆ و ڕێگایەکن
بەرەو بەدبەختیی ڕۆژگارێکی ڕەش

هەر ڕۆژ بەرگێکە بە پێی مۆدە و باو
هەر ڕۆژ بە ڕەنگێ ڕوومەت هەڵسواو
هەر ڕۆژ لە کەللەت سەدایەك گەرمە
لێت بۆتە خەندە ئەشکی سووری چاو !!

* * * *

دیمەنت سەرپاك هەوەس بزوێنە
ڕازی سەر زارت ڕەچە شکێنە
بەسە ، واز بێنە عومری شیرینت
بۆتە قوربانیی بەردەم ئاوێنە

* * * *

ئاخ ! چەندێ سادە و سووك و خۆش دەستی !
چەند سەرگەردان و وێڵ و بەدمەستی !
چۆن بوویتە یاریی لە چنگی پیاودا !
وایشی بۆ ئەچیت گوایا سەربەستیی !!

* * *

« سـگالآیەتی »

هاتن ، پێیان گوت : تۆ مرۆڤێکی سەربەست ، ئازادی
ئەبێ بچێژی خۆشیی ، ڕزگاریی ، نازی خۆت بکەیت
تۆی هیوای هەمووان ، چون جنسی نەرمی ، هێلانەی شادیی
وەرە نـاو مەیدان ، وا ڕاستەبایەخ بە جوانییت بدەیت

* * * *

بۆ دەس‌هێنانی یەکسانیی ئەبێ تێکەڵیی پیاو کەی
ئەوسا نابیتە نێچیری سەدان نەخۆشیی دەروون
بۆچ ئاڵۆز دەرچیت ؟ سۆز و دەمارت ئەبێ زاخاو دەی
لەم ڕێگایەوە بـە هـەزاران ساڵ هەڵیان گرت هەنگاو

* * * *

بـا مرۆڤێ بی لەش ساغ و مێشك ساف ، هەستت زیندوو و ڕوون
لـە هەموو لاوە قسەی زل قەڵەو بلاو بووەوە
بێ ئەوەی بزانن بۆیان تەنیوون سەدان داوی ڕاو
تـا پیسیی مەبەست ، ساختە و فێڵبازیی کەوتە ڕووەوە

* * * *

دیيان بوونەتە متعە و قوربانیی ئارەزووی پیـاو
لـە بار ، لـە کارگە ، لە ڕۆخ ، ڕووبارا ، یان لە چۆڵییدا
بێ ئەوەی خێزان کۆیان کاتەوە ، ئاوەڕوو تـکاو
تـا کەوتە هاوار ، لـە ژین تاڵییدا ، لـە کلۆڵییدا

* * * *

بــە تاقیکاریی زۆر دوور و درێژ نەك ساتیی و وەختیی
خۆی بینی بۆتە گوڵێکی سیسی ژاکاوی بێ جێ
وا هەنکاو ئەنێت بۆ سەر گەردنی کێوی بەدبەختیی
هەر وەك نەفامێت پیاوان خەریکن بیخەنە ژێر پێ

* * * *

خۆشیی و بەختیاریی خێزان و ماڵی گشت لــە دەس دەرچوو
ئەوانەش دوێنێ دۆست و ئاشنای بوون لێی ناپرسنەوە
ئەی تاسە و سۆزی گەرمی دایکێتیی لێ بزر نەبوو ؟
زام و برینی ژیان و بوونی چۆن چاك ئەبنەوە ؟

* * * *

بۆتە هەڵگری جەوری پیــاوان ، ئــا •• هەڵگری زۆڵ
پەژارەی دەروون ئێجگاریی قووڵە ، سۆ ئەکات ، دێشێ
بێ کەس و غەمخۆر ، بێ دەرەتانە بەدبەخت و کلۆڵ
مــەر خۆی بــە تەنیا هەناسەی سارد و کاڵ هەڵبکێشێ

* * * *

ئەو کۆرپەی کە ئەو بەخێوی ئەکات ، کەهیوای پێیە
سبەی ناپرسێت : بۆچ وەك مندالآن من باوکم نییە ؟
دایە پێم بڵێ ، ئۆف بیری ئەکەم ، کێیە ؟ لــە کوێیە ؟
چۆن تێی گەیەنیت ؟ بەرامبەر ڕۆڵــەی وەڵامی چییە ؟

* * * *

بەڵــێ ، وەك ئافرەت ژیانی گوم کرد ، ئەمیش ئەوی ڕۆ
پەروەردەگەریی بێوێنە و مەزن ، دایکێکی بە سۆز
بنچینەی کۆمەڵ ، ڕیشەی خێزانی دامەزراوی ڕۆ
پیــاو هەڵنــاخات هەرگیزا و هەرگیز نــە گەوڕ و نە کۆز

* * * *

داخەکەم دەنگ هەستی بەوە کرد ، ها ، لـە چەند لاوە
هاوار ناڵە و سکاڵایەتی ، یان دەقیژێنێ
چونکە لـە جوانیی و مێیەتیی و « فطرە » ئاوەرووت کراوە
پەشیمانانە وەك تاوی باران ئەسرین ئەڕژێنێ

* * * *

لـە ڕۆژهەڵات و لـە ڕۆژئاواوە ، لـە ئەمریکاوە
ئەم دەنگە بەرزە لـە ئافرەتەوە : هەی ڕەنجەڕۆی خۆم
پیسیی بەدخووان ، ستەمکاریان زۆری هێناوە
بۆم بۆتە قیرێك تێیدا چەقیووم ! تاکەی گیر بخۆم

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ٦٨٧ لسنة ١٩٨٥